ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ۷۱۸ ■ شەممە ۳۰ی بەفرانباری ۱۳۹٦ _ ۲۰ی ژانوییەی ۲۰۱۸

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## پیرۆز بێ ۲ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان




۲ی ڕێبەندان، ڕۆژی شکۆی نەتەوەیی و ڕۆژی هێز و باوەڕبەخۆبوونی کورد بۆ پێکهێنانی کیانی سیاسی و نەتەوەیی خۆیەتی. کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لە ماوەی کەمی دەسەڵاتدارەتی بەڵام بە کارنامەی پڕشنگداری لە خزمەت و کار و بەرنامەکانیدا، چرای ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ کورد داگیرساندوە، ئەویش بنیاتنانەوەی کۆمارێکی دی و هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردستانە. ئەوەش هەر ئامانجی خەباتکارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، بەڵکوو ویستی دڵ و باوەڕ و ئیمانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە. پاش ۷۲ ساڵ ئێستاش بەرنامە و کارنامە و ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان بۆ ئێستای دەسەڵات و بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕێنوێن و جێی فێربوونن.

**پیرۆز بێ ۲ی ڕێبەندان ، ڕۆژی شکۆی نەتەوەیی کورد**

# هیوا و چاوەڕوانی لەپێناو یەکیەتیی بە کردەوەدا

سەروتار

## بەرجام چۆن و تا کوێ دەوام دێنێ؟

کەماڵ کەریمی

ڕۆژی هەینی ۲۲ی بەفرانبار سەرۆککۆماری ئەمریکا بۆ جارێکی دیکە هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی «برجام»ی وەک خۆی هێشتەوە، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بۆ ماوەی چوار مانگی دیکە وەدوا خست. مەبەستی ڕاگەیەندراوی ئەو، پێدانی ماوەیەکی دیکەیە هەتا هاوپەیمانە جیهانییەکانی و کۆنگرەی ئەمریکا دەرفەتی تاوتوێی زیاتری هەڵوێستەکەیان هەبێ. جیا لەوە لیستێکی دیکەی لە بنیاد و کەسایەتییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێرانی خستە سەر لیستی تەحریمەکانی پێشوو، کە لە نێویاندا تەحریمکردنی سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەپاندنی حوکمی ناعادڵانە بەسەرناڕازیانی ڕێژیمدا؛ گرینگیی خۆی هەبوو.

ڕێککەوتنی ئەتۆمی کە بە «برجام» ناسراوە و لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئۆبامادا بە ئەنجام گەیشت، بە بەردەوامی لەلایەن کۆماریخوازەکان و دەوڵەتی ترامپ ڕەخنەی لێ گیراوە. ئەم ڕێککەوتنە کە لە زۆر بواردا پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی تێدا بەدی دەکرا و تەنانەت ڕێبەری نیزام ئەو سیاسەتەی هەیئەتەکەی بە «نرمش قهرمانانە» ناو دەبرد، دوای دەورەیەکی درێژی وتوویژەکان لە نێوان ئێران و پێنج دەوڵەتی زلهێزی جیهان کە یەکیان دەوڵەتی ئەمریکا بوو پەسند کرا و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پێشوازیی لێ کرا. دۆناڵد ترامپ لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و دوای بوونی بە سەرۆککۆمار قەت دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنە، کە بە ڕێککەوتنێکی نەشیاو بۆ ئەمریکای دەزانێ نەشاردوەتەوە. ئەو دەبێ پێبەندیی وڵاتەکەی بەم ڕێککەوتنە دەرببڕێ، بەڵام تا ئێستا ۳ جار و لە کاتە دیاریکراوەکاندا لەم کارە خۆی بواردوە.

لە سێ دەیەی ڕابردوودی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم ڕێژیمە بە مەبەستی بەهێزکردن و پڕ چەککردنی هێزەکانی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە سیاسییەکانی، کە خۆی لە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەپێدان بە نفووز لەو وڵاتانەدا دەبینێتەوە و، لە ژێر ناوی بردنە سەرێی توانا بەرگرییەکانی بۆ پاراستنی ئێران، هەوڵی خۆ پڕ چەک کردن و تەنانەت دەست پێڕاگەیشتنی بەو...

ل۲



گەڕێکی نوێی دانیشتنی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کردوە. دەسپێکی ئەو دانیشتنانە کۆبوونەوەی ٥ قۆڵیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی هەرە بەرزدا بوو کە لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستاندا گیرا. لەو دانیشتنەدا لایەنەکان بەرعۆدە بوون بە مەبەستی هەرچی بەرهەمداربوونی کۆبوونەوەکان و هاوکاریی چەند لایەنە کار لە سەر میکانیزمێکی گونجاو بۆ هاوکاریی بەرین و کاریگەر لەگەڵ یەکتر بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش بڕیار درا لێژنەیەکی هاوبەشی حیزبەکان بۆ کاری مەیدانیی نێوانیان دروست ببێ و ئەم لێژنەیە هەم بەدواداچوون بۆ کاری هاوبەشی ڕۆژانەی نێوان حیزبەکان و یەکخستنی گوتار و هەڵوێستی هاوبەشیان بکا، هەم لە مەیدانێکی گەورەتر و بەرفراوانتردا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەرفراوان و جێگیر لە پێناو ئامانجێکی گەورەتردا تێ بکۆشێ.

## وریاکردنەوەی فەرماندەی ئینتزامیی سنە، لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییەکان

لە نامەیەکی تەواو نهێنیدا کە نوسخەیەکی بەدەست کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتوە، فەرماندەی ئینتزامیی پارێزگای سنە، هەموو دەزگا ئیداری و ئەمنیەتییەکانی ئەم پارێزگایە لە ئەگەری سەرهەڵدانی نارەزایەتیی دژ بە ڕێژیم لەم پارێزگایە ئاگادار دەکاتەوە.

لەم نامەیەدا «ڕاسپاردە»ی تایبەتی بۆ هەموو دەزگا ئەمنییەتییەکان و ئیدارە دەوڵەتی و ناوەندەکانی فێرکاری نێردراوە کە بە وشیارییەوە جموجۆڵی خەڵکی ئەم پارێزگایە بخەنە ژێر چاودێری و لە ئەگەری هەر سەرهەڵدانێکدا بە توندی بەرەوڕووی «ئاژاوەگێڕان» ببنەوە و سەرکوتیان بکەن.

لە پێشەکیی ئەو نامە نهێنییەدا وێڕای ئاماژەدا بە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دژ بە دەسەڵات کە لەم نامەیەدا زیاتر هۆکاری ئابووری زەق کراوەتەوە، بە ئاشکرا باس لەوە کراوە کە یەکێک لەو پارێزگایانەی کە دەبێ زۆری لێ ئاگادار بن، پارێزگای سنەیە.



## گرتنی لانیکەم ۱۲۵ کەس لە کوردستان لە مانگی بەفرانباردا




لە ماوەی مانگی بەفرانباردا لانیکەم ۱۲۵ چالاک و هەڵسووڕی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان گیراون. ئیدارەی ئیتلاعات، بەشی ئیتلاعاتی هێزە ئینتیزامییەکان و ئیتلاعاتی سپای پاسداران سێ دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامین کە ئەو ڕەشبگیرەیان لە مانگی بەفرانباردا کردوە.

تاوانی زۆربەی دەسبەسەرکراوانی ئەم ماوەیە بەشداری لە خۆپیشاندان و ئەو نارەزایەتییانە بووە کە لە مانگی بەفرانباردا چەند شارێکی گەورەی کوردستان و زۆر ناوچەی لە ئاستی ئێراندا گرتەوە. تا ئێستا سێ کەس لە دەسبەسەرکراوانی ئەو ماوەیە لە ناوەندە ئەمنیەتیەکانی سنە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە.

سارۆ قارەمانی، کیانووش زەندی و حوسێن قادری ئەو سێ کەسەن لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتوویانن. هەروەها بەشێک لەوان بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و هەڵسووڕان لە دژی ئەمنیەتی نیشتمانیی! وڵات دەسبەسەر کراون و چەند کەس لەوان سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە. هەر لەو مانگەدا حوکمی ئیعدامی زیندانییەکی سیاسی کوردی خەڵکی شنۆ پشتڕاست کرایەوە.



**ناڕەزایەتییەکانی بەفرانبار، هۆکار و دەرئەنجام/۲**



**کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وەڵامدەری داوای خەڵکی ناڕازی بێ/۳**



**لە نەزمی نوێی جیهانیدا کۆماری ئیسلامی ناتوانێ داهاتووی هەبێ/۴**



**پێگەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و کێشەی قانوونی/۵**



**خوێندنەوەیەک بۆ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان/٦**



**«نا»یەک بە پانتایی ئێران بە کۆماری ئیسلامی لە ئێران/۷**



**شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان بەڕێوەیە/۸**

کوردستان
● ژمارە: ٧١٨
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠١٨

# ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار، هۆکار و دەرەنجام

## (پوختەی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کۆمیتەی ناوەندی)*




خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی ئێران کە بە زنجیرە ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار ناو دەبرێن، ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی بەفرانبار لە گەورە شاری مەشهەد دەستی پێکرد و زۆر زوو پەلی هاویشت بۆ شارەکانی دیکە لە پارێزگاکانی دیکەی وڵات.

وەک چاوەڕوان دەکرا حکومەت بۆ پێشگرتن و بەربەست دروستکردن لەبەردەم تەقینەوەی خۆپیشاندانەکان، زۆر ڕێکاری ئەمنیەتی و غەیرەئەمنیەتیی گرتە بەر، هێزێکی زۆری بە پانتایی وڵات لە هەموو شارەکاندا خستە ئامادەباش و لە هەموو ئەو شوێنانەش کە خۆپیشاندانیان تێدا کرا، دیسانەکە و هەروەک هەمیشە سیاسەتی سەرکوتی گرتە بەر. وەک بینیمان لە هەموو ئەو شوێنانە لە خەڵک درا، دەیان کەس کوژران، سەدان کەس بریندار بوون و سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری دەڵێن لە ڕەشبیگرەکاندا هەزاران کەسیان گرتوە؛ بەڵام ئەو ڕێکارانە وەک لە پێشووشدا ئەزموون کراون دیارە کە چارەساز نین و ناڕەزایەتییەکان ئەگەر بە شێوەی کاتیش لە شەقام دامرکابن، بەڵام ئاگری بن خۆڵەمێشن.

> حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندەوەی ئەوەیە کە کەمایسیی سەرەکیی ئەو ڕاپەڕینە نەبوونی ڕێبەڕییەکی تۆکمە و دیارە کە دروشم و داوای خەڵکی ڕاپەڕیو کانالیزە بکا و خەڵک لە شەقام و مەیدانی ململانێ لەگەڵ دەزگای سەرکوتدا بیڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو ناڕەزایەتییە بەربەرینە لە نێوخۆدا بێ ئادرەس و ڕێبەری نامێنێتەوە، بۆیە پێویستە حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە کار بکا بۆ پێوەندیی زیندوو، ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی وڵاتدا

### لە پێوەندی لەگەڵ خۆپیشاندانەکان چەند خاڵ گرینگ و جێی سەرنجن:

بەر لە هەموو شتێک خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران بەردەوامیی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێرانە دژ بە حاکمییەتی دیکتاتۆری و هەر جۆرە ئیدیعایەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەستنەوەی ئەم حەرەکەتانە بە هۆکاری دەرەکی و دەستی وڵاتانی دژبەر هەم خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنە و هەم ڕواڵەتسازییە بۆ میدیاکان، وەک چۆن زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنیەتی باڵای حکومەتدا گوتراوە کە بنەمای خۆپیشاندانەکان کەڵەکەبوونی فشار و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە دۆخی ئارایی بووە و هێزی دەرەکیی لە پشت نەبووە.

خۆپێشاندانەکان چ لە ڕووی پانتایی جوغرافیایی و چ لە ڕووی نێوەرۆکی درووشم و داخوازیی خۆپێشاندەران جیاوازییەکی زۆر و بنەڕەتیی لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوودا هەبوو کە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆیدا بەرچاوترینی ئەو تایبەتمەندییە بوو.

داینەمۆی ئەو ناڕەزایەتییانە نەمانی تاقەت و توانای بەرگریی خەڵک لەبەرامبەر دۆخی نالەباریی ئابووریی وڵاتە کە خەڵکی بە تەواوی وەزاڵە هێناوە. بارودۆخی شپرێوی ئابووریی وڵات، پەرەسەندنی بێکاریی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەردەوامی و زۆربوونی گرانیی هەوسارپچڕاو، هەژاریی لەتاقەت بەدەر و نەمانی هیچ هیوایەک بە گۆڕانکاریی سیاسی و ئیداریی نێوان باڵەکانی ڕێژیم بە قازانجی چاککردنی ئەو دۆخە بووە هەڵچوونی خەڵک و هاتنە سەر شەقامی جەماوەر. بە تایبەت کە خەڵک دەیاندی کە بەبەرچاوی ئەوان مەجلیس خەریکی تاوتوێی بودجەی ساڵی داهاتوویە، بودجەیەک کە ئەگەر سەروبنی بکەی چیی بە قازانجی خەڵک تێدا نیە و هەمووی لەپێناو بەرژەوەندیی هەستەی ئیستبداد و سەرەڕۆیی ڕێژیمدا داڕێژراوە. بودجەیەک کە بەشی ئاوەدانی و پرۆژە ئابوورییەکانی وڵات کەم کراوەتەوە، بەشی پەروردە و فێرکردن لێی دراوە و بەشی دەرمان و ساخلەمەیی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە کەمی داوە؛ بەڵام تا خوا حەز بکا بەشی ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکان زیاد کراوە و بەشی شوێنە مەزهەبی و دامودەزگا بەناو ئایینی و پەروەردەییەکانی ڕێژیم چەند بەرامبەری هەموو بەشە بودجەی پێڕاگەیشتن بە خەڵک و کۆمەڵگە دیاری کراوە. سروشتییە کاتێک کێرد دەگاتە ئێسکان، خەڵک دێن و دەڕژێنە سەرشەقام هەتا بەرهەڵستی هەموو ئەو بێمافی و چەوساندنەوەیە ببنەوە.

خاڵێکی دیکە لە هۆکارەکانی تەقینەوەی تووڕەیی خەڵک تەمابڕاوی لە سیاسەت و بەرنامەکانی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی بوو کە خەڵک دەرفەتێکی چوار ساڵەیان دایە و بە زۆر هۆکار جارێکی دیکەش هەڵیان بژاردەوە بۆ ئەوەی مەیدانی بەکردەوەکردنی دروشمەکانی بۆ برەخسێنن. بەڵام دەرکەوت کە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ڕوحانی لەسەر بنەمای بردنەوەی ئێران بۆ نێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە «بەرجام» و ئازادبوونی بە میلیارد دۆلار لە دۆلارە دەسبەسەرداگیراوەکانی لێ کەوتەوە؛ خێر و بێرەکەی نەک بۆ کۆمەڵانی خەڵک بەڵکوو چووە گیرفانی سپای پاسداران و ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە. لە نێوخۆی وڵاتیشدا ئەوەی خەڵک بە ئێسک و پێستەوە هەستی پێ دەکا سیاسەتی ناکارامەی ئابووریی دەوڵەت بەهۆی گەندەڵیی ئابووری و ئیداری و، هەروەها لێنەهاتوویی دامودەزگا بەڕێوەبەری و حکومەتییەکان بۆ چارەسەری کێشە و ئاریشەکانی خەڵک و کۆمەڵگەن. بۆیە کۆبوونەوە و لەسەر یەک کەڵەکەبوونی ئەو هەمووە بێمافی و ناڕەزایەتییانە و نەک نەگۆڕبوون بەڵکوو خراپتر بوونی ئەو دۆخەش_ چ دەوڵەتی بەناو ڕیفۆرمخواز، ئێعتدالگەرا یان ئوسولگەرا دەسەڵاتی لە دەست دابێ_ خەڵکی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتە کە تاک چارەسەر تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی و ئەو مۆدێلە لە دەسەڵات و حاکمییەتە.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان و دۆخی ناڕەزایەتییەکان

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرهەڵدانەکاندا لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند.

لەو بەیاننامەیەدا وێڕای باس لە هۆکارەکانی خوڵقانی ئەو دۆخە لە ئێران کە سەرهەڵدانی سەراسەری و جەماوەری لێ کەوتۆتەوە و وێڕای دەربڕینی پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران دژی ڕێژیمی زۆردار، بێزراو و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی؛ سیاسەتی سەرکوت و توند و تیژی نواندنی حکومەت بەرامبەر خەڵک و خۆپێشاندەران بە توندی مەحکووم کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژە بە مێژووی دوورودرێژ و پڕ دەسکەوت و شانازیی کورد لە بزووتنەوەی ئێعترازی لە دژی کۆماری ئیسلامی پێی وایە کە پاشەکشە و شکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو لە گرەوەی بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان، پشتیوانی و بەشداریی هەر چی زیاتری چین و توێژەکانی خەڵک لە خۆپێشاندانانەکان و فراوانکردنی پانتایی و هاتنە مەیدانی خەڵکی سەرجەم شار و ناوچەکانی ئێران دایە. بۆیە پێداگریی لەسەر یەکگرتن و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران سەرەڕای جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینیەکانیان و بەردەوامبوونیان لەسەر خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینەکان لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو خوێندنەوەیەدا حیزبی دێموکرات خۆی بە ئەرکدار زانیوە لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگا و پرۆژەی کار و تێکۆشان بۆ سەرخستنی ئەو جووڵانەوەیە تێ بکۆشێ. حیزبی دێموکرات خوێندەوەی ئەوەیە کە کەمایسیی سەرەکیی ئەو ڕاپەڕینە نەبوونی ڕێبەڕییەکی تۆکمە و دیارە کە دروشم و داوای خەڵکی ڕاپەڕیو کانالیزە بکا و خەڵک لە شەقام و مەیدانی ململانێ لەگەڵ دەزگای سەرکوتدا بیڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو ناڕەزایەتییە بەربەرینە لە نێوخۆدا بێ ئادرەس و ڕێبەری نامێنێتەوە، بۆیە پێویستە حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە کار بکا بۆ پێوەندیی زیندوو، ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی ئێراندا. لە دەرەوەش جیا لەوەی خەڵکی ناڕازیی زۆر لە حکومەتی ئێران پەریوەی هەندەران بوون، کەم و زۆر ڕێکخراو و سازمانی سیاسیی جۆراوجۆر و بە ڕوانگەی جۆراوجۆر هەن. لەم ڕووەوە حیزبی دێموکرات دەبێ زۆرتر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن کار بکا بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتر و دروستکردنی ئەدرەسێک کە بتوانێ مودیرییەتی گۆڕانکارییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا بکا و شوێندانەر بێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاراستەکردنی پێشهاتەکان. بە واتایەکی دی؛ بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دڵخواز و وڵامدەری بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان پێوستە حیزبی دێموکرات لە دوو بەرەی ئێرانی و کوردستانیدا هەوڵی لەدەوری یەک کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان بدا و لەسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لێک تێبگەن و ڕێک بکەون. لەم پێوەندییەدا ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک گرینگ و بەبایەخە یەکڕیزی نێو ماڵی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستانە کە دەبێ هەنگاوی بەپەلە و کارامەی بۆ هەڵبگرین و ئەزموونەکانی پێشوومان لە کاری هاوبەشی کورتماوە و مەوریدی بگوازینەوە بۆ پانتاییەکی بەرین لە کاری مەیدانیی بەردەوام کە وەڵامدەری ئەرکی خۆمان و چاوەڕوانیی گشتیی کۆمەڵانی خەڵک بێ.

ئەمرۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش چیدیکە ناتوانێ ڕێژیمەکەی پێش مانگی بەفرانبار بێ، ئەوەش ئەرکدارمان دەکا کار بکەین بۆ پێکهێنانی هاوکارییەکی جیددیتر لە نیوان هێز و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو کاریگەریی پێویستی ئەو هێزانە لە ڕەوتی جووڵانەوەکان لە داهاتوودا. هەروەها دەبێ وێڕای گریدانی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان بە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی سەراسەری، کار بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری پشتیوانیی بیروڕای گشتی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان بکەین بۆ لای پرسی کورد و خەباتی ڕەوای گەلانی ئێران کە بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی لە ئارا دایە و چووەتە قۆناغێکی نوێ و چارەنوسسازەوە.

* ئەم ڕاپۆرتە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممە، ١٦ی بەفرانباری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ هەڵسەنگاندنی خۆپیشاندانەکانی ئێران و کوردستان، لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکێش بە کۆبوونەوەکە کراوە.

---

دریژەی:

## بەرجام چۆن و تا کوێ دەوام دێنێ؟

جۆرە چەکانە هەبووە کە بە چەکی ستراتیژیک ناویان دەبەن. لەو ساڵانەدا خەرجکردنی سەدان میلیارد دۆلار لە داهاتە نەوتییەکانی وڵات، بۆ بنیادنانی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و وەک خۆیان دەڵێن بە هەزاران مووشەکی کورت مەودا، کە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگرێتەوە، لە نێوخۆدا هەزینەیەکی وەها قورسی خستە سەرشانی خەڵکی ئێران، کە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ئەوانی تووشی فەقیری و نەداری کرد. ئەم یەک لایەنە ڕوانینە بۆ دەوڵەتداری و پاراستنی نیزامەکەیان، بوو بە هۆی لەکارکەوتنی بەشی زۆری کارگە و کارخانەکان و بێکاربوونی کرێکاران و پەککەوتنی بەشە خزمەتگوزارییەکان. بەمجۆرە لەگەڵ بەرەوپێش چوونی هەر هەنگاوێک بۆ دروستکردنی چەکێکی نوێ، کۆمەڵگەی ئێران چەند هەنگاو لە ژیان و پێشکەوتن وەدوا دەکەوت. ئەمەش تەنیا بەشێکی بچووک لەو هەموو نەهامەتییانەن کە بە هۆی سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تووشی خەڵکی ئێران هاتوون و ئاسەوارەکانی ئەم خولیا شەڕەنگێزانە لە نێوخۆی ئێراندا، دەبێ لە دارمانی ئابووری، بێکاری و تێکچوونی ژیانی خەڵک لە هەموو بوارێکدا ببینینەوە.

بەڵام لە دەرەوەی وڵات ئەم ئاکارانە هەم لە ناوچەدا ترسی زۆری لێ کەوتەوە و هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە تایبەت وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی تووشی نیگەرانی جیددی کرد. هەر ئەمە وای کرد ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ڕاسپێردرا بۆ لێکۆڵینەوە لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران. خۆدزینەوە لە وڵامدانەوە و پڕکێشیی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدانی پرۆژە نیزامییەکانی زۆر زوو بووە هۆی بەسەردا سەپاندنی سزا ئابوورییەکان و دواتر کۆمەڵێک سزای دیکە بە تایبەت لە لایەن ئەمریکاوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەمریکا وەک گەورەترین وڵاتی زلهێزی جیهان بە هۆی خۆبواردن لە هەڕەشەی نیزامی و خۆدزینەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە ناوچەییەکان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە هەموو شوێنێک بە جۆرێک شوێن پێی ئێرانی پێوە دیار بوو، زۆرتر بە گرتنەپێشی سیاسەتی تەحریم و سزای ئابووری و ماڵی و هەوڵدان بۆ مل کەچ پێکردنی ئێران، توانیبووی کۆدەنگییەکی باش لە نێو کۆمەڵگەی جیهانی و بە تایبەت لە شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دروست بکا. هەر ئەمەش وایکرد کە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کۆمەڵگەی جیهانی بە تەنیا بمێنێتەوە و بۆ ڕزگارکردنی کاتیی خۆی، مل بە داواکانی ئەوان بدا. هەرچەند هەتا ئێستاش دەرکەوتوە کە ئەم ڕێژیمە لە هەموو بوارەکاندا بەرامبەر بەو وادە و بەڵێنانەی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵتی داوە وەڵامدەر نیە.

ئێستا دەوڵەتی ترامپ پێداگری لەسەر پێداچوونەوە بە هێندێک لە خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتننامە دەکا و پێیان وایە دەبێ هەموو ڕێگەیەک لە سەرکێشییەکانی ئێران بگیردرێ. ئەو بە دروستی باسی ئەوە دەکا کە بەشێک لەو پووڵانەی بە هۆی ئەو ڕێککەوتنەوە گەڕێندراونەتەوە بۆ ئێران لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە، خەرجی گرووپ و کارە تێرۆریستییەکان کراون و هیچی بە قازانجی خەڵکی ئێران بەکار نەهاتوە و کاریگەریی لە سەر باشبوونی ژیانی خەڵک نەبوە. بابەتێک کە خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتە لە چاوەڕوانی سەرکەوتنی بەرجامدا گرینگییان پێ دەدا، و هۆکاری پشتگیری و دڵخۆشییان بە ئاکامی وتوویژەکان بوو. ئێستا ترامپ بۆ جێخستنی ئەم سیاسەتەی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا و بە تایبەت لە نێو هاوپەیمانەکاندا بە تەنیایە و دەبێ چوار مانگی دیکە چاوەڕوانی بڕیاری هاوپەیمانەکانی بێ.

ئەوەی پێویستە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی کاریگەر لەسەر داڕشتنە سیاسییەکان لەبەر چاوی بگرن و ئیمکانی ڕاگرتنی ئەو هاوپەیمانییە دەڕەخسێنێ، کە ببینن تەنیا هێزی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی بەرجام، پشت بەستن بە خەڵک و بیروڕای گشتییە. لەم مانگەدا دەرکەوت کە ئەم ڕێژیمە هیچ پاڵپشتییەکی خەڵکی نەماوە و ئەو خەڵکە دەنگی بێزاریی خۆیان لە خۆپیشاندانەکاندا بە گوێی جیهان گەیاند. بۆیە پێویستە لە هەر پڕۆژەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و کورتکردنەوەی دەستی ئاژاوەگێڕانەی، پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و پارێزگاری لە مافی مرۆڤ و کەمینە نەتەوەکان بکرێنە هەوێنی ڕێککەوتنەکان. ئەم کارە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ پاشەکشە کردن بە کۆماری ئیسلامی.

**د.ئاسۆ حەسەنزادە:**

# کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وەڵامدەری داوای خەڵکی ناڕازی بێ

دەنگی کوردیی ئەمریکا بۆ تاوتوێی خۆپیشاندانەکانی مانگی بەفرانباری ئێران وتووێژێکی لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە. دەنگی کوردیی ئەمریکا بە ئاماژە بە ڕەوتی خۆپیشاندانەکان لە ئێران، دروشمی خۆپیشاندەران و ناڕەزایەتیی خەڵک لە بارودۆخی ئابووریی وڵات و سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە لە سەر حسێبی سەروەت و سامانی گشتیی خەڵکی ئێران دەکرێ؛ ئەو بابەتە لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە دێنێتە بەرباس کە ئایا کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوە بە داوای شەقامی ئێرانی هەیە؟ «کوردستان» بەباشی زانیوە دەقی ئەو وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو بکاتەوە:




**دوکتور ئاسۆ لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئێران خۆپیشاندانێکی زۆری تێدا بیندراوە کە لە مەشهەد دەستی پێکرد و دوایی تەشەنەی کردە شارەکانی دیکە و بەپێی ئامارەکان لانیکەم لە ٩٥ شاری ئێران خۆپیشاندان بووە. خۆپیشاندانەکان بە درووشمی ئابووریی دەستیان پێکرد بەڵام دواتر درووشمەکان تەواوەتیی دەسەڵاتی سیاسی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کردە ئامانج و وەلانانی ئەو سیستمە. بەڕای بەڕێزتان بە چ هۆیەک ئەو خەڵکە ئێستا لەسەر شەقامن و بۆ چی درووشمە ئابوورییەکان ئاوا زوو ڕەنگ و بۆی سیاسی و ڕادیکاڵی بەخۆیەوە گرت؟**

هۆکارەکەی ئەوەیە ئەگەر حکوومەتێک لە وڵاتێکدا ئەگەر کارەکەی بەڕێوەبردنی وڵات و چارەسەری کێشەکانی وڵاتە لە ڕووی ئابووری یا لە ڕووەکانی دیکەوە، ئەوە پرسێکی سیاسییە. یانی ناکارامەیی سیاسیی بەڕێوەبەرانی ئەو وڵاتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاڕیشەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و بەتایبەتی ئابووریی لێ بکەوێتەوە. هەر وەکوو باست کرد بزووتنەوەی ئێستا زۆر بەربڵاوترە و ئەوە خەسڵەتە تازانەشی تێدان، یانی هۆکارەکانی ئەگەر ئابوورین بەڵام مەعنای سیاسیی پێ بەخشراوە و پاشانیش خەڵک بە شێوەیەکی گشتی زۆر نەترسانەتر لە ڕابردوو دەیانەوێ تەواوی حاکمییەت بکەنە ئامانجی ئێعترازی خۆیان و نایانهەوێ لە گەمە سیاسییە نێوخۆییەکانی باڵەکانی ڕێژیمدا قەتیسی بکەنەوە و بەتەواوی نائومید بوون لەوەی کە ئەوە سیستمە دەتوانێ بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات شتێکی ئەوتۆ بکا. بێگومان کێشەی ئابووری هەیە، بەڵام مەسەلەی پرسی ئازادییەکانیش گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە و تەنانەت دەتوانین بڵێین بە سروشتی سیکولارەوە ئەم خەڵکە لە مەیدان دایە. بۆیە مەعنای سیاسیی یەکجار زۆرە، بەڵام حاشای لێ ناکرێ کە پاڵنەرە هەرە گەورەکە و دەتوانم بڵێم ئەوەشە کە زۆر هیوابەخشە پاڵنەرێکی ئابووری بووە و ئەو پاڵنەرە دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ لە بەردەوامیی هاتنە مەیدانی خەڵک لە حەرەکەتێکی لەم چەشنەدا.

**بە ڕای ئێوە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ داواکارییە ئابوورییەکانی خەڵک کە دەبێتە هۆی بەرەنگارییەکی سیاسی و ئاوا ڕادیکاڵ چارەسەر بکا؟ واتە کۆماری ئیسلامی ئیمکانی ئەوەی هەیە کە لە بواری داراییەوە، یان لەڕووی ماهییەتی خۆی هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان بنێ یان ئەوەی خۆپیشاندانەکان بە زوویی یان بە درەنگی تێکشکانی کۆماری ئیسلامیی لێ دەکەوێتەوە؟**

ئەمن باوەڕ ناکەم شتێکی لەم چەشنە بتوانێ ڕوو بدا دیارە ئێستا دەبینین کە لەسەریەک خەریکە یەکدەست بوونەوەیەک لە نێو حاکمیەتدا ڕوو دەدا بۆ پاراستنی تەواوەتیی نیزام و ڕەنگە هێندێک سووڕەتبەندییەکی تازە لە نێو حاکمیەتدا ڕوو بدا. لەوانەیە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هێندێک شتی نوێ لە موناسباتی جمهووری ئیسلامیدا بێتە کایەوە، تەنانەت ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بیەوێ هێندیک هەنگاو هەڵێنێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو وەزعە، بەڵام لە نیهایەتدا بە باوەڕی من لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا باڵادەستن _هەستەی ئیستبداد_ یان ناوکی سەرەڕۆیی لەو باوەڕەدایە کە هەرمان و بەقای ئەو ڕێژیمە بەستراوەتەوە بە گەمە نێودەوڵەتی و ناوچەییە تێکدەرەکانی ئەو ڕێژیمە و، بۆ ئیدامەدانی ئەو گەمانەش بێگومان بە تاڵانبردن و سەرفکردنی سەروەت و سامانی وڵات پێویستە. یانی ناتوانن لەوە بکشێنەوە، پاشان توانای چارەسەرکردنی پرسە ئابوورییەکانیشیان نیە. ئەوە بەدەر لەوە کە لە بەستێنە سیاسییەکەشدا کە وەک گوتمان ئەوەش داوای خەڵکە و کۆماری ئیسلامی لە مێژە بەسەر ئەو خەتە و ئەم جۆرە قەناعەتەدا ڕۆیشتووە و ئەگەر پاشەکشە بکا، وردەوردە نەمانی خۆی لێ دەکەوێتەوە. کەوابوو نیهایەتی ئەو حەرەکەتە هەر شتێک بێ بە درەنگ یان زوو هەر دەبی بە لانیکەم پاشەکشەیەکی ئەوتۆی ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە کە لە واقیعدا نەمانی ئەو ڕێژیمە لە ئاخری داستانەکەدا بنووسرێ.

**دوکتور ئاسۆ کورد لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدا جێ دەگرێ؟ هەر لە سەرەتاوە کرماشان لەگەڵی بوو و دواتر ئیلام و سنە و بۆکان و ورمێ. بەڵام ئێستا لە زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان ئێمە حزووری کوردمان نەبینیوە. ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیگەرانیی گەلی کورد لەوەی کە خۆپیشاندانەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن یان نا شێوازێک ئیستراتژیی تازەیە کورد هەڵی بژاردووە بۆ ئەوە کە تەنیا کاتێک بە بەربڵاوی بێتە نێو کایەکە کە لە بردنەوەکەی دڵنیا بێ؟**

هەموو ئەو هۆکارانەی کە خەڵکی لە شارەکانی دیکەی ئێران هێناوەتەوە سەر شەقام چەند قات لە کوردستان ئەو هۆکارانە خەڵک بە ڕەگ و پێستەوە هەستیان پێ دەکا و خەڵکی کوردیان وەزاڵەی هێناون. بەڕاستی ئەگەر لە ئاستی ئێراندا و لە دەیەکانی ڕابردوودا تەنیا چەند جارێک بزووتنەوە یا حەرەکەت و خۆپیشاندانی لەو چەشنە بیندراوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو ساڵێ چەند شتی لەو چەشنە ڕوو دەدا و کوردستان غایب نیە لەو شتەی کە ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدا. ڕاستە زەمینەی ئەو جۆرە حەرەکەت و خۆپیشاندانانە لە هەموو شارەکانی کوردستان وەک یەک نیە بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە شارە هەرە گەورە و ئیستراتژیکەکان و بە تایبەتی کرماشان زۆر بە گەرموگوڕی لە ئیعترازەکاندا دەرکەوتبوون، ئێمە دەتوانین بڵێین کوردستانیشی لەگەڵە. بەڵام جێی خۆیەتی بڵێین کە تێچووی ئەو جۆرە حەرەکەتانە لە کوردستان لەسەرترە. بۆیە کورد پێویستە بە کارکردن لەسەر خۆی و بە نیشاندانی هاوپێوەندی لەگەڵ ئەوە جۆرە بزووتنەوانە، لە تەنیشت ئەوەشدا دەبی چاوی لەوە بی کە ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ئێراندا دەتوانی چی بۆ کورد بەدوادا بێ و بە تێبینییەوە بجووڵێتەوە. دیارە لە هەر حاڵدا کورد لەگەڵ ئەوە فەزا ئێعترازییە هەیە و ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکەین بەڵام ئایا میتۆدەکە، بەستێنەکە، تیکنیکی کارەکە، کات و شوێنەکان بە چ جۆرێک دەبێ تەنزیم بکرێن لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی کە وەزنی ئێعترازی کوردیش یارمەتی بدا بە یەکلابوونەوەی ئەو ئیعترازانە لە سەراسەری ئێران ،ئەوە شتێکە کە لە ڕۆژەکان و حەفتەکانی داهاتوودا بە پێی زەمینە و زەرفیەتەکان ئێمە دەبێ قسەی لەسەر بکەین.

**چەند پێتوایە لایەنگری و پشتیوانیی دەرەکی لەو کاتەدا بۆ گەلی ئێران گرینگە. هێندێک بۆچوون هەیە کە هەر چەشنە لایەنگرییەکی دەرەکی و لەوانە پشتیوانیی ئەمریکا دەتوانێ ببێتە هۆی سەرکوتکردنی ئاسانتری خەڵک و ناتوانێ قازانجی بێ، یان دەتوانێ بێتە هۆی هێرشی سەربازی وەک پلانێک بۆ داهاتوو و ئەوەش هیندێک لە خەڵک بە دڵیان نیە و هێندێک لایەنیش دەڵێن ئێستا ئەرکی ئەمریکا و ئەو وڵاتانەی کە داوای دێموکراسی و ئازادی دەکەن پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکەن. جەنابت پێت باشە ئەو لایەنگری کردنە؟**

تەنانەت ئەوە کاتانەش کە هیچ چەشنە وەدەنگهاتنێکی نێودەوڵەتی نەبووە لە حەرەکەتی ئیعترازی و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و یان خەڵکی کوردستان، هەمیشە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرە حەرەکەتانەیان نیسبەت داوە بە بێگانە و دەستی دەرەکی. کەوابوو ئەوەی کە ئێمە بڵێین دەبێ پشتیوانیی نێودەوڵەتی هەبێ جیا لەوە کە ئەوە شتێکی ڕەوایە و وەدەنگهاتنە لە مافە سرووشتییەکانی مرۆڤ کە شتێکی نێونەتەوەییە. بە پیچەوانەی ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەمنییەتدا ڕووسیە یان هێندێک وڵاتی دیکە گوتویانە ئەوە پرسێکی نێوخۆییە کە وانیە. کەوابوو جیا لەوە کە ئەوە شتێکی ڕەوایە، ئەوە وەدەنگ هاتنە پێویستیشە و دەتوانێ یارمەتیدەر بێ. بەڵام ئەوەی کە ئایا سروشتی ئەو یارمەتیدانە دەبێ چ بێ، بەڵێ ئەوە دەتوانی کاریگەری و کارتێکەریی جیاوازی ببێ. بەڵام بە باوەڕی من ئەگەر هێزی خەڵک لە مەیداندا بێ و بەڕاستی خەڵک بتوانێ خۆی ڕێک بخا، بەبێ یارمەتیدان و بەهاناوەهاتنی نێودەوڵەتی و عەمەلیش ئەو حەرەکەتە دەتوانێ سەربکەوێ، بەڵام لە هەر حاڵدا ڕاستە کە وەدەنگهاتن و دەنگدانەوە بەخشین بە دەنگی خەڵک و دروستکردنی ڕایەڵەیەکی هاوپێوەندی لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێران بە تایبەتی گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی کوردیشی ئەگەر تێدا بێ و ئەکتیوتر بێ؛ ئەوە دەتوانی کاریگەریی هەبێ و هیوادارم شتێکی لەو چەشنە ڕووبدا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئەو جارە ئیدی بێدەنگ نەبێ.

**سپاس دوکتور ئاسۆ بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا**

سپاس بۆ ئێوەش و هەر بژین.

---

بانگەواز

## مەهێڵن کۆماری ئیسلامی ئێران، چی دیکە گیانی خۆپێشاندەرە بەندکراوان بستێنێ

**گەلانی وەزاڵەهاتوو لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە نیوخۆی ئێران!**
**هاونیشتمانانی ئاوارە و دانیشتووی دەرەوەی وڵات!**
**ڕێکخراو و لایەنە ئازادیخواز و خەباتگێڕەکانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات!**
**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ!**

ڕێژیمی ئینسانکوژ و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر بە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەرشەقام و کوشتنی دەیان بەشداری خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایانە و گرتن و بەندکردنی هەزاران کەس لەوان ڕازی نیە و دەیەوێ ئەوانەش کە زیندانیی کردوون، لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا بکوژێ. هەر ڕۆژەی مەرگی یەکێکی دیکە لە بەندکراوانی ئەم دواییانە کە گوایە بۆ خۆیان لە گرتووخانەدا کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، ڕادەگەیەنێ. جگە لە سینا قەنبەری، وەحید وەحیدی، موحسین عادلی و چەند کەسێکی دیکە کە کاربەدەستانی قەزایی ڕێژیم لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕایانگەیاند بۆ خۆیان خۆیان کوشتوە، لەم دواییانەدا مەرگی سارۆ قارەمانی لاوی ٢٣ ساڵەی خەڵکی سنەشیان ڕاگەیاند کە بە قسەی ئەوان بۆ خۆی خۆی کوشتوە! مەرگی سارۆ قارەمانی لە کاتێکدا ڕاگەیەندرا کە تەرمی لاوێکی دیکەی سنەیی بە ناوی «کیانووش زەندی» کە ئەویش بەندکراوێکی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانە بوو و لە گرتووخانەی سنە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دابوو، هەر لەم ڕۆژانەدا بە بێ گیانی ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە. کاربەدەستانی درۆزن و ڕووهەڵمالاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران، جگە لەوەی «خۆکوشتن» لەگرتووخانە وەک هۆکاری مەرگی ئەو گیراوانە ڕادەگەیەنن، بە هەبوونی پێشینەی تاوانی جۆراوجۆر وەک کڕین و فرۆشتنی مادە سڕکەرەکان، بەکارهێنانی چەک و تەقەپێکردنی تاوانباریان دەکەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هەرە زۆری گیراوەکانی خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایانە قوتابیان، خوێندکاران و لاوانی بێکار و بێ داهاتن و تەنیا تووڕەیی لە بێ کیفایەتیی هەمە لایەنەی دەسەڵاتداران و بێزاری لەو دۆزەخەی ئەو ڕێژیمە بۆی پێک هێناون، هێناونیە سەر شەقام.

کوشتنی ناڕازیانی وڵات لە ژێر ئەشکەنجە لە بەندیخانەدا و ناوبردنی «خۆکوشتن» وەک هۆکاری مردنەکەیان، لە ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا شتێکی تازە نیە. لە کاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨یشدا لە گرتووخانە بەدناوەکەی «کەهریزەک»، بە هۆی ئەشکەنجە و دەستدرێژی، گیانی کۆمەڵێک لەگیراوەکانیان ئەستاند و ڕایانگەیاند کە خۆیان کوشتوە! بەڵام دواتر ڕاستیی ڕووداوەکان ڕوون بوونەوە و ڕوورەشی بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مایەوە. ئەمجاریش دیکتاتۆر خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، دەزگای قەزایی و سوپای پاسداران لێبڕاون ئەو پەڕی توند و تیژی بەرامبەر ناڕازییە بەندکراوەکان پێشان بدەن. یا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ بستێنن یا توندترین سزایان بە سەر دا بسەپێنن. ئەوان دەیانەوێ تۆڵە لە خەڵکێک بستێننەوە کە وێڕای ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی بە هەموو قۆڵەکانیەوە، شەخسی خامەنەیی وەک سەری ڕێژیمەکە و دامودەزگاکانی سەر بە ناوبراویان وەک ماکەی ئەسلیی تاوان وسەرکوت و گەندەڵی و هۆکاری ڕۆژرەشیی خۆیان، کردوە بە ئامانجی سەرەکیی دروشمەکان و هاتنە سەر شەقامی خۆیان. هەمووی ئەو تاوانانەش لە بەرچاوی دەوڵەت و لە چوارچێوەی ئەو بەندیخانانە و دامەزراوانەدا بەڕێوە دەچن کە سەرکۆمار ڕووحانی و دەوڵەتەکەی و وەزارەتخانەکانی، لێیان بەرپرسن. نامەیەکی نهێنیی فەرماندەری هێزە ئینتیزامییەکانی سنە بۆ بنکە و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی سەر بەو هێزە کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر کەوتە دەست کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە لایەن ڕاگەیەندنی ئەم حیزبەوە لەقاو درا، دەیسەلمێنێ کە گرتن و لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتنی ڕێکخەران و بەشدارانی خۆپێشاندانەکان، بەشێکە لە بەرنامەی سەرکوتکەرانەی هێزی ئینتیزامی و دامەزراوە سەرکوتکەرەکان و، «خۆکوشتن»ی گیراوان درۆیەکی بێ ئابڕوانەیە. ئەوەش بە جێی خۆی ئەگەر وا دابنێین ئەم ئیددیعایەش ڕاست بێ، هۆی خۆکوشتنی گیراوەکان جگە لە گەورەترین سووکایەتی پێکران و بەرەوڕوو بوون لە گەڵ توندترین ئەشکەنجەکان، ناتوانێ شتێکی دیکە بێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتوو کە ناڕەزایەتیی خۆیان لەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و بێ کیفایەتە و داوا ڕەواکانی خۆیان بە شێوەیەکی هێمنانە خستووەتە ڕوو، بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی گرتن وبەند کردنی بەشدارانی خۆپێشاندانەکان و لەمەش زیاتر ئازار و ئەشکەنجەی گیراوەکان و گیان لێ ئەستاندنیان، داوای ئازادیی خێرای سەرجەم گیراوەکان دەکەین. ئێمە گەلانی وەزاڵەهاتوو لەو ڕێژیمە لە نیوخۆی وڵات، هاونیشتمانانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات و هێز و لایەنە ئازادیخواز و خەباتکارە ئێرانییەکان بانگەواز دەکەین بۆ دەنگ هەڵبڕینی یەکگرتوانە دژی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە گیراوان و بەندکراوانی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانە.

وێڕای سوپاس و پێزانینمان لە کۆڕ و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤیش کە بەرامبەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێ ران لە سەر خەت بوون، داوایان لێ دەکەین هەڵمەتێکی بەرفراوان بە مەبەستی مەحکوومکردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر گیراوەکان و ڕاکێشانی پشتیوانیی جیهانی لە داوای ڕەوای گەلانی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری و سەرکوت، وەڕێ بخەن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١/١/١٦**

## کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ هەڵسەنگاندنی خۆپێشاندانەکان لە ئێران



بە مەبەستی تاوتوێ و لێکدانەوەی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران و کوردستان دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی بە بەشداریی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە پێک هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی ١٦ بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و چەند کەس لە کادر و بەرپرسانی ئۆرگانەکانی حیزب پێک هاتبوو، سەرەتا کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاپۆرتێکی لە پێوەندی لەگەڵ خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربرینەکانی مانگی بەفرانبار دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران پێشکەش کرد و دواتر بەشدارانی کۆبوونەوەکە هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانیان وێڕای هێنانە ئارای پێشنیارەکانیان بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر پێشهات و ئاڵوگۆڕێک لە ئێران و کوردستاندا هێنایە بەر باس.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای لێکدانەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان کە لە سەرەتاکانی نیوەی یەکەمی مانگی بەفرانباری ئەمساڵەوە دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواویەتی خۆیدا سەریان هەڵداوە و تا ئێستا بەردەوامە، بۆ جارێکی دیکەش پشتیوانیی خۆی لەم خۆپێشاندانانە و هەروەها ویست و داخوازیی خۆپێشاندەران دەربڕی و هەر لەم پێوەندییەدا هەڵوێستی تائێستای دەفتەری سیاسیی حیزبی پەسەندکرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بە ئاماژەدان بە دروشم و داخوازییەکانی خۆپێشاندەران، پێی وابوو کە حەرەکەتی ئەمجارەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران جیاوازییەکی بنەڕەتی لە گەڵ حەرەکەتە ناڕەزایەتییەکانی پێش خۆی هەیە و بە گشتی ڕووی لە تەواویەتی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەر لەم پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب وێڕای ئاماژەدان بە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەم خۆپێشاندانانە پێی وابوو کە بەردەوامبوون و بەرینتربوونەوەیان دەتوانێ ئاکامێکی دڵخوازی بە قازانجی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لێ بکەوێتەوە و کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکا.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بایەخەوە لە بەشداریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانە و ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی دیکەی چەند مانگی ڕابردووی ڕوانی. هەر لەم پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ ئەوەی بە بایەخەوە باسی لە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان کرد، نایەکگرتوویی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کە تا ئێستا نەیانتوانیوە بە گوتارێکی هاوبەش ڕوو بە خۆپێشاندەران بە گشتی و خەڵکی کوردستان هەڵوێست بگرن، بە کەمایەسییەک لەم پێوەندییەدا زانی.

لە درێژەی باسەکاندا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەفتەری سیاسیی حیزبی ڕاسپارد کە لە پێناو سازکردن و پێکهێنانی گوتارێکی هاوبەش یان لانیکەم لێکنزیکیی نێوان حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوام بێ. هەر لە پێوەندیی لە گەڵ یەکڕیزی و هاوهەڵوێستیدا، ڕێبەریی حیزب بۆ جارێکی دیکە دەفتەری سیاسی و دەزگای دیپلۆماسیی حیزبی ڕاسپارد کە لە سەر ئاستی حیزبە سەرانسەرییە ئێرانییەکان و هەروەها هێز و لایەنانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران هەوڵی کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر و پێکهێنانی یەکێتیی بەکردەوە لە نێوان ئەم هێزانە بدا.

لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەش لە گەڵ هەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراودا، ڕێبەریی حیزب خۆی و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی حیزبی ئەرکدارکرد کە هەنگاوی پێویست لەم پێوەندییەدا بنێن و بە گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هەر پێشهاتێک ئامادە بکا.

## سەردانی شاندێکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کوردی سووریە لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ١٨ی بەفرانبار شاندێکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کوردی سووریە بە سەرپەرستیی مستەفا مەشایخ، جێگری سکرتێری ئەم حیزبە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەدا دوولایەن بە ئاماژە بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی هەڵچوونی خەڵکی ئێران، یەک لە هۆکارەکانی ئەم سەرهەڵدانەیان بۆ سیاسەتی شەڕخوازانە و قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە گەڕاندەوە کە ساڵانە بە دەیان میلیارد دۆلار لە سامانی گشتیی ئێرانی بۆ تەرخان دەکرێ، بۆیە دوولایەن لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەگەر تا ئێستا دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن و بەحرەین لە خزمەت و بەرژەوەندیی هێژمونیخوازیی کۆماری ئیسلامیدا بووە، لە ئێستادا و لە نێوخۆی وڵاتدا بە زیانی دەسەڵات و حاکمییەتی ڕێژیم شکاوەتەوە. دۆخی سووریە پاش شەش ساڵ شەڕی نێوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی و سەرهەڵدان و ڕووخانی داعش لەو وڵاتە، داهاتوو و سیناریۆ ناڕوونەکان و ئاسۆی چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە بوو. شاندی میوان لەو دیدارەدا بە ڕێز و بایەخەوە باسی لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەهەمبەر پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی کرد.

### خالید عەزیزی:

## لە نەزمی نوێی جیهانیدا کۆماری ئیسلامی ناتوانێ داهاتووی هەبێ

کاناڵی ئاسمانیی «نوور» لە وتووێژێکدا لەگەڵ خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، پرسی ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار، هۆکارەکانی ئەو ناڕەزایەتییانە، خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆپیشاندانەکان و جێگەی کوردستان لەو ناڕەزایەتییانەی لەگەڵ بەرێزیان هێناوەتە بەرباس. «کوردستان» پوختەیەک لەو وتوویژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە:

**وەرگێڕان و پوختکردنەوە: هەمزە ئاگوشی**



**خالید عەزیزی** لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە جیاوازیی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە لەگەڵ ئەوەی ساڵی ٨٨ چیە، دەڵێ: «ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ساڵی ٨٨ بە دیاریکراوی لە بەرانبەر ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان بوو. خەڵک زیاتر بەدوای ئەوەوە بوون کە بڵێن لە هەڵبژاردندا دەنگەکانی ئێمە بۆ کوێ چوو و چی بەسەر هات. لەسەر ئەو باوەڕە بوون نیزامی کۆماری ئیسلامی، دەستێوەردانی لە هەڵبژاردنەکاندا کردوە و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی بە قازانجی ڕێژیم پێشانی خەڵکی داوە. بەڵام ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانە لایەنی گشتیی هەبوو. هەژاری، بێکاری، گرانی و ئەو فشارەی کە کەوتووەتە سەر شانی خەڵک لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا. دەگەڵ ئەوەی کە خەڵک ویستوویانە دەنگ هەڵبڕن و کۆماری ئیسلامی ئەو دەرفەتەی پێ نەداون. لە ئاکامدا خەڵک ناڕەزایەتییان دربڕی و هاتنە سەر شەقامەکان و دژکردەوەی دەوڵەت و هێزە ئینتیزامییەکان لە بەرانبەر خەڵکدا، خەڵکیان تووڕەتر کرد و لە درێژەی ناڕەزایەتییەکاندا کۆمەڵێک دروشمیان هێنایە گۆڕێ کە ئەو دروشمانە لایەنی ئابوورییان نەبوو و وردە وردە گەشەیان کرد و بواری سیاسییان پەیدا کرد و خودی کۆماری ئیسلامی بوو بە ئامانجی خەڵک.

جیاوازییەکی دیکەی ئەوەیە کە ئەوکات ئەو ناڕەزایەتییانە زیاتر لە شاری تاران واتە پایتەخت بوو، بەڵام ئەمجارە لە ئاستی جوغرافیایی، بە شێوەیەکی بەربڵاو شارەکانی دیکەی ئێرانی گرتەوە و گشتیتر بوو و جۆراوجۆری زیاتری بەخۆوە گرت. کەواتە دەتوانین بڵێین ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆر بوون و زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتەوە.»

**خالید عەزیزی** پێی وایە چ خەڵک بە شێوەیەکی خۆڕسک هاتبنە سەر شەقام و چ هێزە سیاسییەکان لە پشت خۆپێشاندانەکانەوە بووبن، فەرق ناکا، چونکە مەنتیقی کۆماری ئیسلامی لە بەرخورد لەگەڵ خەڵک و داخوازییەکانیان هەمیشە سەرکوت و جووڵەی هێزە ئەمنییەتییەکان بووە و دەرفەتێکیان بۆ خەڵک نەهێشتووەتەوە کە خەڵک بە ئازادی ڕێبەرانی خۆیان دیاری بکەن. یان ئەوەندە دەرفەتی دێموکراتیکیان پێ بدرێ کە خۆیان ڕێک بخەن. دامەزراوەی خەڵکی و مەدەنی لە ئێران بە ڕەسمی نەناسراوە.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لەبارەی پێگەی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی تیشکی خستە سەر ئەوەی کە هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیش لە نێوخۆی ئێران ئەو دەرفەتەیان نەبووە کە خەت و نیشانێکی دروست بەو خۆپێشاندانانە بدەن کە لێرەدا گوتارێکی هاوبەش ببێتە دروشمێکی هاوبەشی سیاسی بۆ هەموو خەڵک. دوایە ئەگەر هێزە سیاسییە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی دروشمی جۆراوجۆریان هێناوەتە گۆڕێ، سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونیان بەڵام دروشمەکانی پەیوەندیدار بە بێکاری، ناڕەزایەتی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەبوونی ئازادی، بمرێ دیکتاتۆر، ئەو ڕێژیمە دەبێ وەڵامدەر بێ، ئەوانە ئیدی گشتین. بۆیە ئەمن دڵنیام کە زۆربەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و خەڵکێکی زۆر لەنێو ئێران لەسەر ئەو بابەتانە هاوڕان.

**خالید عزیزی** لەبارەی چۆنیەتیی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان دەڵێ: «هەتا کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرکوت، زیندان و ئێعدام، وەڵامی داخوازییەکانی خەڵک دەداتەوە و بێکاری درێژە پێ دەدا؛ هەتا کاتێک کە لەبەرانبەر خواستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی خەڵک هەست بە بەرپرسایەتی نەکا؛ تا کاتێک کە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران لە ڕێگەی دەستتێوەردان و سەرەڕۆییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەولاوبەملادا بدا و خەڵکی ئێران لە هەژاری و نەهامەتییدا بهێڵێتەوە، تا ئەو کاتەی وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی ئێران بەدەر لە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و پێگە جیاوازەکانی کە هەیانە، وەڵام نەداتەوە، ئەو ناڕەزایەتییانە کەم و زۆر لە داهاتووشدا دەمێنن و ئەگەر خەڵک بۆی هەڵکەوێ، بە دڵنیاییەوە درێژەی دەبێ.

> هەتا کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرکوت، زیندان و ئێعدام، وەڵامی داخوازییەکانی خەڵک دەداتەوە و بێکاری درێژە پێ دەدا؛ هەتا کاتێک کە لەبەرانبەر خواستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی خەڵک هەست بە بەرپرسایەتی نەکا؛ تا کاتێک کە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران لە ڕێگەی دەستتێوەردان و سەرەڕۆییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەولاوبەملادا بدا و خەڵکی ئێران لە هەژاری و نەهامەتییدا بهێڵێتەوە، تا ئەو کاتەی وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی ئێران بەدەر لە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و پێگە جیاوازەکانی کە هەیانە، وەڵام نەداتەوە، ئەو ناڕەزایەتییانە کەم و زۆر لە داهاتووشدا دەمێنن و ئەگەر خەڵک بۆی هەڵکەوێ، بە دڵنیاییەوە درێژەی دەبێ.

**ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات** ئەوەش دەخاتە ڕوو کە چۆنیەتیی درێژەی خۆپێشاندانەکان لە داهاتوودا دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزە ئەمنیەتییەکان لە پەیوەندەی لەگەڵ ماف و داخوازییەکانی خەڵک و چۆنیەتی پلانی دیاریکراو و هاوبەش و ئەگەری بوونی یەکیەتی و گوتاری هاوبەشی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئێران، بە تایبەت چۆنیەتی هەڵوێستی بیروڕای گشتی. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا، یەکیەتیی ئورووپا، وڵاتانی ناوچەکە و بەگشتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گرینگە کە چۆن دوای ئەو ناڕەزایەتییانە مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەن و مافی مرۆڤ چەندە لەبەرچاو دەگیرێ.

**خالید عەزیزی** لە پێوەندی لەگەڵ پەیامی خۆپیشاندانەکان و داهاتووی کۆماری ئیسلامی دەڵێ: ئەگەر سەیری مێژووی سیستەمە دیکتاتۆرییەکانی جیهان بکەین، لە نێو ٢٠٠ وڵاتی دنیادا، چەند وڵاتێک یاخود کەمینەیەک سیستمی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییان تێدا حاکمە، کەچی ٤٠ تا ٥٠ ساڵ پێش بارودۆخ بەو شێوە نەبوو. ئێستا...

> نەزمی جیهانی بە ئاقارێکدا دەڕوا کە سیستەمە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیەکان درەنگ یان زوو خۆ ڕادەست دەکەن. درەنگ یان زوو دێموکراسی دابین دەبێ و تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەیە، کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی ئێران ناتوانن بەدەر لەو یاسا و چوارچێوەیە بن، تەنیا ئەوەی ئەوە پەیوەندیی بە کاتەوە هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی خەڵک و چۆنیەتی و کاری ڕێکخراوەیی و داواکارییەکانی خەڵک دژی ئەو ڕێژیمە کە چۆن زیاتر خۆیان ڕێک دەخەن

ل٧

# پێگەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و کێشەی قانوونی



عومەر باڵەکی

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە جێی خومەینی کە لەودا خامنەیی وەک ڕێبەر هەڵدەبژێردرێ، مناقشە و قسە و باسی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

خۆی ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو کورتە فیلمە نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی ئەو دەسەڵاتە کۆمارییەمان! بە باشی بۆ دەر دەکەوێ کە بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات و پاراستنی ئەو نیزامە چییان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە و چۆن تەنانەت قانوونەکانی خۆیان دەور لێ داوە و کڵاویان لەسەر خەڵک ناوە، چونکە هەڵبژاردنی خامنەیی هەر لە ئەساسدا لە بواری قانوونییەوە نادروست بووە. واتا بە پێچەوانەی بنەماکانی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیش بووە و لە هەمان کاتدا بە پێچەوانەی بنەماکانی مەزهەبی شیعەش بووە.

لە ڕێکەوتی ١٤ی گەلاوێژی ١٣٦٨ی هەتاویدا و دوای مەرگی خومەینی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەریدا، عەلی خامنەیی کە ئەوکات سەرکۆمار بوو، وەک ڕێبەری کاتی هەتا بەڕێوە چوونی گشتپرسیی قانوونی ئەساسی هەڵدەبژێرن. لە حالێکدا ئەوکات ئاغای خامنەیی بە پێی قانوونی بنەڕەتی نەیدەتوانی ئەو پۆستە وەربگرێ، چونکی ناوبراو بە پێی مەزهەبی شیعە و پلەبندیەکانی مەزهەبی زوور دوور بوو لە وەرگرتنی ئەو پۆستە.

مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری دوای مردنی خومەینی دەبوایە کەسێک وەک ڕێبەر دەستنیشان بکەن تا بتوانێ کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو ئەساسەی دامەزراوە بەڕێوە ببا. هەر بۆیە بێ گوێدان بە قانوونی ئەساسی و بە پێچەوانەی ئوسوولەکانی مەزهەبی شیعە خامنەییان بە ڕێبەر هەڵبژارد و ئەگەر بمانهەوی خاڵەکانی پێچەوانەی قانوونیان تیدا دەست نیشان بکەین، دەتوانین بەو شێوەیە باسیان بکەین:

یەکەم لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و لە ئەسلی ٥دا دوو بژاردە بۆ دیاریکردنی ڕێبەر دەستنیشان کراوە: یەکەم؛ ڕێبەر بە زۆرینەی دەنگی خەڵک و پەسندی ئەوان هەڵبژێردرابێ. دووهەم، ئەگەر هاتوو هیچ کەسێک ئەو زۆرینەیەی بە دەست نەهێنا لە ئەستۆی مەجلیسی خۆبرەگانی ڕێبەرییە کە لە نێوان مەلا و ڕوحانییەکانی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە کەسیک بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکەن کە لە ئەسڵی ١٠٧ یشدا لە سەر نێوەڕۆکی ئەسلی ٥بۆ دیاریکردنی ڕێبەر تەئکید کراوەتەوە.

کاتیک خامنەیی بۆ ئەو پۆستە دیاری دەکرێ قانوونی ئەساسی پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە و بەپێی قانوون هەر ئەسڵ و برگە و مادەیەک لە قانوون هەتا بەپێی ڕێوشوێنی ئەو ماددەیە هەر حوکمی قانوونی هەیە و لەسەر بەرێوەبەرانی قانوونە کە وەک خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن؛ بەڵام دەبینین بەرێوەبەرانی سێ ئۆرگانی گرینگی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی (سەرکۆمار، سەرۆکی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگان) پێشێلی ئەو قانوونە دەکەن کە خۆیان داڕێژەری بوون و کۆمەڵگەی ئێرانیان پێ بەڕێوە بردووە. واتا هەڵبژاردنی ڕێبەریان بە پێی قانوون نەهێناوەتە نێو خەڵک کە زۆرینەی دەنگی خەڵکی بۆ وەربگرن و بەبێ گوێدانە قانوون لە ژووری داخراوی مەجلیسی خوبرەگاندا بە جێگای خەڵک بڕیاریان داوە و هەر بەوەندەش نەوستاوەن، بەڵکوو قانوونیان دەور لێ داوەتەوە وخامنەیی وەک ڕێبەری کاتی هەتا گشتپرسی بۆ ئاڵوگۆڕەکانی قانوونی ئەساسی دیاری دەکەن لە حاڵێکدا قانوونی ئەساسی پێش پێداچوونەوەی سالی ٦٨ و دوای پێداچوونەوەش عینوانی ڕێبەری کاتیی تێدا دەستنیشان نەکراوە کە ئەوە خۆی خەتایەکی قانوونییە ولەو خەتایە گەورەتر ئەوەیە کە ئەو شێوە هەڵبژاردنەیان ئاشکرا نەکردوە و بە خەڵکیان ڕانەگەیاندوە.

ڕێبەرانی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی گرفتی لەو بابەتە نەبن لەپێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا دەستکاری ٤٦ ئەسلی ئەو قانوونەیان کرد کە لەو نێوەدا ئەسڵەکانی ٥ و ١٠٧ مەبەستی سەرەکی بوون و نیزیک بە تەواوی نێوەڕۆکیان گۆڕدرا. لە پێداچوونەوەی سالی ١٣٦٨دا ئەو بەشەی کە لە ئەسلی ٥دا باسی خەڵک دەکا لەو ئەسڵە لابردرا و لە ئەسلی ١٠٧یش دیاریکردنی ڕێبەر بوو بە ئەرکی ڕاستەوخۆی مەجلیسی خوبرەگان و، لەو کاتەوە گەلانی ئیران بە پێی قانوون هیچ ڕۆڵ و نەخشیان لە دیاریکردنی کەسێک بە عینوانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دا نەبووە.

> سەرکۆمار، سەرۆکی مەجلیسی شورای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگان وەک سێ دەزگای سەرەکیی حکومەت و وڵات هەڵبژاردنی ڕێبەریان بە پێی قانوون نەهێناوەتە نێو خەڵک کە زۆرینەی دەنگی خەڵکی بۆ وەربگرن و بەبێ گوێدانە قانوون لە ژووری داخراوی مەجلیسی خوبرەگاندا بە جێگای خەڵک بریاریان داوە و هەر بەوەندەش نەوستاوەن، بەڵکوو قانوونیان دەور لێ داوەتەوە وخامنەیی وەک ڕێبەری کاتی هەتا گشتپرسی بۆ ئاڵوگۆڕەکانی قانوونی ئەساسی دیاری دەکەن، لە حاڵێکدا قانوونی ئەساسی پێش پێداچوونەوەی سالی ٦٨ و دوای پێداچوونەوەش عینوانی ڕێبەری کاتی تێدا دەستنیشان نەکراوە

هەڵبژرادنی خامنەیی وەکوو ڕێبەر هەر وەکی گوترا بە پێچەوانەی ئەسلی ٥ و ١٠٧ی قانوونی ئەساسی بووە وئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە پاراستنی قانوون لە کۆماری ئیسلامیدا تەنیا لە ئەستۆی خەلکی فەقیر و هەژارە و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چۆن شۆرشی گەلانی ئێرانیان بە لارێدا برد، هەر بەو شێوەش بەپێی بەرژەوەندیەکانیان قانوونەکانی خۆشیان لە ژێر پێ دەنێن.

لەلایەکی دیکەوە هەم خامنەیی و هەم ڕەفسنجانی بێجگە لە ژێرپێنانی ئەسلی ٥ و ١٠٧ی قانوونی ئەساسی، نێوەڕۆکی ئەو سوێندەیان کە لەکاتی وەرگرتنی پۆستەکانیان (سەرکۆماری و سەرۆکی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی) خواردبوویان کە پارێزگاری لە ئوسووڵەکانی قانوونی ئەساسی دەکەن لە ژێر پێ ناوە وبە سوێندەکەیان پابەند نەبوون، کە ئەوەش بەپێی قانوونی وڵاتانی پێشکەوتوو تاوانێکی گەورەیە. کاتێک سەرکۆمار یا سەرۆکی مەجلیس پابەند نابی بەو سوێندەی خواردوویەتی و بە پێچەوانەی سوێندەکەی عەمەل دەکا یەکەم کار ئەوەیە لە پۆستەکەی دوور دەخرێتەوە، چونکە پێوانەکە وایە کەسێک لە پۆستی سەرکۆماریدا پابەند نەبێ بەو سوێندەی خواردوویەتی کۆمەڵگە متمانەی پی ناکا تا وڵات بەڕێوە بەرێ.

لە ئەساسدا نیزامی کۆماری ئیسلامی لە دامەزرانیەوە لە سەر بناخەی تەزاد و پێکدژی دامەزراوە، چونکە سیستمی کۆماری لەگەڵ سیستمی ئیسلامی بە تەواوی لەگەڵ یەکتر لە ناتەبایی دایە. کاتێک نیزامی وڵات بە سیستمی کۆماری و درموکراتیک ئیدارە بکرێ مانای وایە کە دەنگی خەڵک کاریگەریی هەیە لە سەر شیوەی بەرێوەبردنی وڵات بەڵام لە سیستمی ئیسلامیی ئیراندا دەسەڵاتدار نوینەری خوایە لە سەر زەوی و خەڵک تەنیا لە سەریانە گوێڕایەڵی بن کە دەبینین نیزامی کۆماری ئیسلامی نزیک بە ٤٠ ساڵە بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێ و قانوونمەند کراوە. لە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەی لە لوتکەی دەسەڵات دایە ڕێبەرە کە بە هەموو پێشێلکارییەکی قانوونی کە کراوە شێوەی هەڵبژاردنی ڕێبەر لەو قانوونەدا دەستنیشان کراوە، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو هەڵبژاردنێک ماوەی دەسەڵاتداریی ڕێبەر دەستنیشان نەکراوە نە بۆ دائیمی و نە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە ئەوەش کەموکورتییەکی بنەڕەتییە لەو قانوونەدا. بە واتایەکی دی ئەو کاتەی بازی هەڵبژاردنی ڕێبەر لەسەر کێ نیشت هەتا دەمری لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە و ئەگەر کەسەکە زۆریش لە خواترس وبێ شیلەوپێلە بێ، بە تێپەربوونی زەمان ئاڵوگۆری بەسەر دادێ و هێدی هێدی باوەڕ دەکا کە نوێنەری خوایە لەسەر زەوی و دەبێتە ئەو کەسە کە گوی بە قسەی کەس نادا و هەموو قسەکانی دەبنە قانوون و لەسەر خەڵک و دامودەزگەی دەوڵەتی واجبە کە وەک قانوون بەڕێوەیان بەرن. خاڵی جێگەی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کەسێک کە بەپێشێلکردنی قانوون بۆتە ڕێبەر ئێستا کردار و گوتاری بوونەتە قانوون و کۆمەڵگەی ئێران لە سەری واجبە کاریان پێ بکا.



# کۆبوونەوەی ٥ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



٥ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ باس و بیروڕاگۆڕینەوە لەبارەی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران و تاوتوێکردنی ئەرکەکانیان لە ڕاستای پشتیوانی لە ناڕەزایەتدەربڕینی سەرانسەریی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژی سێشەمە، ١٩ی بەفرانبار لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ بوونەوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە بەبەشداریی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو؛ دوای هەڵسەنگاندنی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم خۆپێشاندانانە و هەوڵەکانی ڕێژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەوڕووبوونەوەیان، لایەنەکانی بەشداری کۆبوونەوەکە خوێندنەوەی خۆیان لە پەیامەکانی خۆپێشاندانانەکان و ئەرکی خۆیان بەرامبەریان خستە ڕوو:

پوختەی پەیام و دەرکەوتەکانی ئەم خۆپێشاندانانە لە ڕوانگەی بەشدارانەوە بریتی بوو لە:

١_ خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ١٣٩٦ی خەڵکی ئێران کە زیاتر لە ٢٥ پارێزگە و ١٠٠ شاری ناوچە جیاوازەکانی ئێرانیان گرتەوە، جگە لەوەی لە ڕووی جۆگرافیایی، ماوەی درێژە کێشانەکەیان و بەشداریی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی ساڵانی پێشوو هەبوو، لە ڕووی ئامانجی ناڕەزایەتییەکانیشەوە، چوونەتە ئاستێکی بەرزتر و لە جیاتی باڵێکی ڕێژیم، کۆماری ئیسلامییان لە تەواوەتیی خۆیدا کردۆتە ئامانج.

٢_ لەگەڵ ئەوەی پاڵنەری سەرەکیی خەڵک بۆ هاتنە سەرشەقام، بارودۆخی خراپی ئابووری و کارەساتاوی بوونی ژیان و بەڕێچوونی خەڵک بوو، بەڵام بەو هۆیەوە کە ناهومێدی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارەکاندا کۆمەڵی ئێرانی داگرتوە، خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دیکتاتۆری و گەندەڵی و سەرکوت، دروشمی سیاسیی مردن بۆ دیکتاتۆر و ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی بە هەموو باڵەکانیەوە و سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەی وڵاتیان هەڵگرتوە و، ڕای دەگەیەنن کە چی دیکە تەحەممولی ئەم سیستەمە تاقیکراوە ناکەن.

٣_ سەرەڕای جۆراوجۆریی خەڵکی ئێران و بوونی نەتەوە و ئایین و پێکهاتەی جیاواز لەم وڵاتەدا، گەلانی ئێران لە خەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و تێکۆشان بۆ هێنانە سەرکاری سیستەمێکی ئازاد و دێموکراتیک کە وڵامدەری داوا لەمێژینەکان و دابینکەری ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان بێ، هاودەنگ و پشتیوانی یەکترن و لە ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجە سەرەکییەیان ئامادەن بەرەوڕووی دامودەزگا و هێزە سەرکوتکەرەکان ببنەوە و قوربانیی بۆ بدەن.

٤_ یەکێک لە لاوازییەکانی ئەم خۆپێشاندانانە بێبەری بوون لە ڕێبەری لە نێوخۆی وڵاتدا و، بێبەشبوون لە پشتیوانیی یەکگرتووانە و هەماهەنگی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵاتە. ئەمەش وای کردوە سەرەڕای هەبوونی زەمینەی لە بار بۆ پشتیوانیی زیاتری خەڵک لە نێوخۆ لە ناڕەزایەتیدەربڕینەکان و هاوپێوەندیی دنیای دەرەوەی لەگەڵ خەڵکی داواکاری ئازادی و دیموکراسی لە ئێران، بەو جۆرەی پێویستە سوود لە زەرفییەتەکان وەرنەگیرێ.

٥_ پێوەندانی ئەم خۆپێشاندانانە بە وڵاتانی دەرەوە لە لایەن ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە هێنانە مەیدانی سەرجەم هێز و دەزگا سەرکوتکەرەکان بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی و لە پاڵ ئەمانەشدا هێنانە سەرشەقامی دەست وپێوەندەکانی ڕێژیم و بەزۆرپەلکێشکردنی قوتابیان و کارمەندان بۆ بەشداری لە ڕێپێوان بە لایەنگری کۆماری ئیسلامی، ئەو پەڕی زەبوونی و ترس و داماویی ئەو ڕێژیمە دەگەیەنێ.

لایەنەکانی بەشدار لە پێوەندی لە گەڵ ئەرکەکانیشیان بەرامبەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، پێیان لە سەر کۆمەڵێک خاڵ داگرت. ئەوان هەر لەو کاتەدا کە بە ڕێز و پێزانینەوە هاتنەمەیدان وقوربانیدانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانیان لە پێناوی ویست و مافە ڕەواکانیاندا هەڵسەنگاند، لەسەر پێویستیی پشتیوانیی چین و توێژە جیاوازەکانی گەلانی ئێران لەم بزووتنەوەیە و بەردەوامراگرتنی ناڕەزایەتی دەربڕین بە شێوەی خۆپێشاندان و مانگرتن و هەر شێوەیەکی مومکینی دیکە تەئکیدیان کردەوە. ئەو پێنج حیزب و ڕێکخراوە خۆیان بە ئەرکدار زانی کە کار بکەن بۆ پێکهێنانی هاوکارییەکی جیددیتر لە نیوان هێز و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بەو جۆرەی لێیان چاوەڕوان دەکرێ لە سەر بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، کاریگەریی پێویستیان هەبێ، هەروەها ڕێخۆشکەر بن هەم بۆ لێک گرێدان و هاوکاریی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری ئێران، هەم بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری پشتیوانیی بیروڕای گشتی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی دنیا بۆ لای ئەو خەباتە ڕەوایە کە لە ئێران بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێ دایە.

بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە سەرنجدان بە نیاز و بەرنامەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان و گرتن و ئازار و ئەشکەنجە و سزادانی چالاکان و ڕێکخەرانی ئەو ناڕەزایەتییانە، هەوڵ و هاوکاریی هەموو لایەنەی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، میدیاکان و هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانیان بە مەبەستی بەرگری لە گیانی گیراوە سیاسییەکان و ئازادیی بەندییە سیاسییەکان بە پێویست زانی.

هەر٥ حیزب و ڕێکخراوی بەشدار لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەمڕۆی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەئکیدیان لە سەر کۆبوونەوە و دانیشتنی حیزبەکان بۆ ئالوگۆڕی بیروڕا لە بارەی پرسە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کردەوە و بەرعۆدە بوون بە مەبەستی هەرچی بەرهەمداربوونی کۆبوونەوەکان و هاوکاریی چەند لایەنە، بە ڕاوێژ وهاوفکریی لایەنە پێوەندیدارەکان، کار لە سەر میکانیزمێکی گونجاو بۆ هاوکاریی بەرین و کاریگەر لەگەڵ یەکتر بکەن.

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران



ڕۆژی پێنج شەممە ٢٨ ی بەفرانبار شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی سازمانی خەبات بە سەرپەرستیی کاک کامیل نورانی فەردەوە، پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا سەرەتا کاک مستەفا مەولوودی لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی لەسەر چەند باسێکی سیاسیی ڕۆژەڤی ئێران و کوردستان یەک لەوان خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵات و تایبەتمەندی و جیاوازیی خۆپێشاندانەکانی ئەم جارە خستە بەرباس. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەیدا بە هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان لەو پێوەندییەدا، ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە نیسبەت هەلومەرجی هەستیاری ئێستا شی کردەوە و ڕایگەیاند کە پێویستە لەو کاتەدا حیزب ولایەنەکانی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدیدێکی کراوە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕاستای هاوکاری و کۆدەنگی بۆ دۆزینەوەی فۆرمۆلێکی هاوبەش، زیاتر بێنە پێشەوە تا بتوانن خەباتی شاخ و شار پێکەوە گرێ بدەن.

دواتر کاک کامیل نورانی فەرد لە سەر بابەتەکانی ئاماژە پێکراو، تێبینی و سەرنجەکانی خۆی باس کرد و ڕایگەیاند کە ئەم بابەتانە بۆ هەر دوو لامان جێگای تێرامان و هەڵوەستەیە و پێویستە پێکەوە ئێمە وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر هاوکاریمان هەبێ و هەوڵ بدەین بۆ ڕێگاچارەیەکی گونجاو بە مەبەستی کاری هاوبەش.

## ناڕەزایەتی و دەستی دەرەکی

هەرمان بۆکانی

دیکتاتۆرەکان هەموویان هاوشێوەی یەکن و هاوچارەنووسیشن، وەک یەک حوکمڕانی دەکەن و شێوازەکانی چەوساندنەوە و کوشتار و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و لێدان و گرتنەکەیان ئەگەر دەقاودەقیش وەک یەک نەبێ، زۆر لە یەکتر جیاواز نین.

بە گشتی کە سەربردەی دیکتاتۆرەکان دەخوێنیتەوە، لەوانەیە تەنیا ژیانی پێش بە دەسەڵاتگەیشتنیان جیاواز بووبێ، ئەگینا لەو ڕۆژەوە کە جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن تا ئەو ڕۆژەی کە چارەنووسە هاوشێوەکەیان بەرۆکیان دەگرێ، هەر وەک یەک دەجووڵێنەوە؛ کەچی سەیرە هیچ دیکتاتۆرێک پەند و دەرس لەوی پێش خۆی وەرناگرێ. چونکە کەسایەتیی دیکتاتۆر و باری دەروونییەکەی بە جۆرێکە، کە خۆی بە چەقی هەموو چاکە و باشییەکان دەزانێ و دادەنێ و جگە لە خۆی هەموو دنیای پێ کەم و گەمژە و بگرە دیکتاتۆریشە و پێی وایە ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە بجووڵێتەوە، ئەوا خەڵکە گەمژەکەی بندەستی خۆی کە وەک مێگەلێک لێیان دەڕوانێ، گورگ دەیانخوا و ئەو مێگەلە بێت و زمانی بگەڕێ دەبێ سزا بدرێ، چونکە لە لایەکەوە هێڵی سووری سەرکردەی بەزاندوە و لە لایەکیشەوە بەرژەوەندیی گشتیی خستووەتە مەترسییەوە.

قامووسی دیکتاتۆر یەک بەرژەوەندیی تێدایە، ئەویش بەرژەوەندیی گشتییە و بەرژەوەندی گشتی لەو قامووسەدا، بریتییە لە تەواوی ئەو نۆرم و بایەخ و شتانەی سیستەم و دەسەڵاتی دیکتاتۆر دەپارێزێ و بەرەو پێشەوەی دەبا، لە دەرەوەی ئەو بازنەیە هیچ شتێک نییە ناوی بەرژەوەند بێ و بەرژەوەندی تاکەکانیش دەبێ بە بەرژەوەندیی ئەوەوە گرێ بدرێتەوە و هەمووان وێکڕا لە خزمەت ئامانج و بەرژەوەندەکانی دیکتاتۆردا بن. بۆیە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی سزا دەدرێن، تاوانی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتییان لەسەر ساغ دەکرێتەوە.

دیکتاتۆر بەردەوام باسی خەڵک دەکا. خەڵک ئەم شتەی قبووڵە و فڵانە شتی قبووڵ نیە. خەڵک ڕێگە نادا کۆمەڵێک دەمڕووتی داردەستی بێگانە بێن و بەرژەوەندە گشتییەکان بخەنە مەترسیەوە... کە لێی ورد دەبیتەوە، دەبینی «خەڵک»یش لە قامووسی دیکتاتۆردا بریتییە لە خۆی و دەستوپێوەندەکانی و پارێزەرانی سیستەمی دیکتاتۆری.

ڕێژیمە ئیسلامییەکەی ئێران چل ساڵە ڕسق و ڕۆزی و داهاتی ئەو وڵاتەی خستووەتە خزمەتی سوپای پاسداران و چالاککردنی گرووپ و تاقمە تیرۆریستەکانی دەرەوەی وڵات و لە نێوخۆی وڵاتیش تاقمێکی کەم یانی ئەوانەی لە قووچەکی دەسەڵاتەوە نزیکن سەروەت و سامانەکانیان لە میلیاردی تێپەڕاندوە. زۆرینەی هەر زۆری خەڵک کە بە جورئەتەوە دەکرێ بڵێین سەدا نەوەدونۆی خەڵکی ئێرانیش بە نەهامەتی و ڕۆژڕەشی دەژین و هەموو ڕۆژێ کە لە خەو هەڵدەستن دەبینن نرخی کەلوپەل و سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان لەچاو دوێنێ گران بووە و خەڵکێک هەیە شەش مانگە نەیتوانیوە کیلۆیەک گۆشت بکڕێ، کەچی وەختێک دێن و داوا دەکەن «سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان بخرێتە خزمەت خەڵکەوە و نەنێردرێتە یەمەن و غەزە و لوبنان و سووریە و ئێراق»_ ئاخر بە وتەی پسپۆڕێکی بواری شارسازی، تەنیا ئەو سامانەی کە ئێران لە سووریەدا خەرجی دەکا، بەشی ئەوە دەکا شارێکی وەک تارانی وەها پێ پتەو بکەی، بوومەلەرزە خەسارێکی ئەوتۆی لێ نەدا_ ئەوا بەردت بە کابە داداوە و دوژمن هەڵیخەڵەتاندووی و بێگانە چۆتە کەوڵتەوە و سزات لێدان و گرتن و کوشتنە...

لە ئێستادا کە کۆمەڵانی خەڵک ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم دەگرن کە لەسەر حسێبی گیرفان و سامانی گشتیی ئەو وڵاتە دەکرێ، خەڵک لە ئاستی نێوخۆی وڵاتیشدا دەخوازن دەستی مافیا ئابوورییەکان کورت بکرێتەوە، بەڵام وەک ئەم داوا ڕەوایانە وەک گوناحی کەبیرە لەقەڵەم دەدرێن، چونکە بەرژەوەندەکانی دیکتاتۆر بەو داوایانە دەکەونە مەترسییەوە. ئاخر کوڵەکەکانی دیکتاتۆر لەسەر هەناردەکردنی «ئینقلاب/تیرۆر» بنیات نراوە و بێت و ئەو شادەمارەی ببڕن، دیکتاتۆر دەکەوێ. هەر بۆیە وەڵامی ئەو داوایانە بە ئاگر و ئاسن دەدرێتەوە و بە تۆمەتی مۆرە و پیلانگێڕ و دەستی دەرەکی داوا ڕەواکانیان سەرکوت دەکرێ.

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان

## (خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ئەمساڵ وەک نموونە)



سمایل شەڕەفی

هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ئەمساڵ دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، خوێندنەوەیەکی یەکدەستی بۆ ناکرێ. لە گەڵ ئەوەیکە بەشێکی زۆر و بەرچاوی شار و ناوچەکانی کوردستان بێدەنگی و بەشدارینەکردنیان لەم خۆپێشاندانانە بەسەردا سەپێندرابوو، بەڵام چەند گەورە شارێکی وەک کرماشان، سنە و ئیلام بەشدارییان تێدا کرد و ناڕەزایەتییان بەرانبەر بە ڕێژیم دەربڕی و بە دەیان کەس لە خۆپێشاندەرانی چالاک و پێشەنگی ئەم ناڕەزایەتییانە لەم چەند شارە دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانە کران و تەنانەت دوو لەوان لە بەندیخانە و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا.



خوێندنەوەی ئەم دوو ڕەفتارە جیاوازەی خەڵکی شار و ناوچەکانی کوردستان بەرانبەر بە خۆپێشاندانانەکانی مانگی بەفرانبار و بەشداریکردن و نەکردنیان، باسێکی فرەڕەهەندە کە بەشی زۆری پێوەندی ڕاستەخۆی بە باگڕاوەندی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەمنیەتی و ڕەفتارییەوە هەیە کە هەرکام لە جێدا بایەخ و گرینگیی خۆیان هەیە و قسە لەسەر کردنیان لە تاقەتی ئەم وتارەدا نیە. بەڵام دیسانیش پێویستە بە قسەکردن لە هێندێک وردە تایبەتمەندیی دیکەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەمنیەتی و ڕەفتاری خەباتکارانەوە، باس لەم ڕەفتارە جیاوازانە بکەین.

پێش هەموو شتێک کە باس لە سێ شاری وەک ئیلام، کرماشان و سنە دەکەین لە سەر ئاستی کوردستان و تەنانەت ئێرانیشدا قسە لە سێ گەورەشارە کە بێگومان ڕەفتارەکانی بە نیسبەت شارە چووکەکانی دیکەوە کە کۆنتڕۆڵکردنی ناتوانێ هەروا بە ئاسانی بێ، لە ژێر کارتێکەریی ئەم گەورەبوونەدا هەیە. بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نیە بۆ ئەوەی بزانین بۆچی ڕەفتارەکان لە کوردستان جارجار و لە هێندێک دەرفەت و پرسدا بە جیاواز دەنوێندرێن.

لانیکەم لە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی تایبەتەوە، چ لە ڕووی نفووز و پەیامی ناسیونالیستی و شوناسخوازانەی نەتەوەییەوە و، چ لە ڕووی بەشداریی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە هۆکاری سیاسی و ئاڵوگۆڕەکانی قۆناغە جۆراوجۆرەکان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جۆری دەرفەت و مەجالی سیاسیدا هاوخوێندنەوە، هاوڕەفتار و هاوهەڵوێست نەبووە. هەر وەک چۆن دەبێ دان بەو ڕاستییە تاڵەشدا بنێین کە نفووزی خەباتکارانە و پەیامی شوناسخوازانەی نەتەوەیی بە شێوەی یەکسان تەواو کەلەبەر و قوژبنەکانی ئەم نیشتمانەی دانەگرتوە و بڵاو نەبۆتەوە. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی شۆڕنەبوونەوەی گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی جۆراوجۆری هێزە سیاسییەکان بە بەشێک لە شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەگەیشتینی پەیامی شوناسخوازانەی نەتەوەیی بەم ناوچانە و قەتیسمانەوەیان لە هەرێمێکی بەرتەسکی کوردستان کە زۆرجار بە «موکریان»ی ناودەهێنن کە جێی خۆیەتی لەم دەڤەرە گەورەتریشی سەریر بکەین، ئەم ڕەفتارە جیاوازانە بیچمیان گرتوە و تا ئێستایش تا ڕادەیەک وەک خۆیان ماونەتەوە.

لە پرۆسەی خەباتی چەکداریی هێزە سیاسییەکانیدا دژ بە دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە ئەم شێوازە لە خەباتیش زیاتر لە دەڤەرێکی دیاریکراودا بە پێی نفووزی پێشمەرگانەی هێزە سیاسییەکان زیاتر بەرچاو دەکەوت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شوێنەواری لە سەر درووستبوونی جیاوازیی ڕەفتاری خەڵکی کوردستان داناوە کە دەکرێ بە ڕەفتاری «ڕەق» و «نەرم»یان ناو بهێنین. ئەو ناوچانەی کە خەباتی چەکداریی تێیاندا بەرچاو بووە بێگومان لیبراوانەتر لە کۆمەڵە ڕەفتارێکی نەرم و ناتوندوتیژانە، هەڵوێست دەگرن و ڕەفتارەکانیان لە خانەی «ڕەق» و «ڕژد»دا خۆی دەبینێتەوە. کەچی ئەو شوێنانەی کە پێشینە و باگڕاوەندێکی جەماوەری _مەدەنییان لە جۆری تێکۆشاندا هەیە، دیسانیش ڕەفتارەکانیان بەرانبەر بە دەسەڵات، یان هەر پرسێکی دیکە ڕەنگدانەوەی ئەم شێوازە «نەرم» و هەنگاو بە هەنگاوەیە.

> خەڵکێک کە نزیک بە چل ساڵە بەربەرەکانیی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە دەکا و هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئە دەسەڵاتەوە لە نێوەڕۆکی ئەم ڕێژیمە گەیشتووە و بە هەموو جۆر و شێوازی خاباتکارانەی «ڕەق» و «نەرم» داکۆکیی لە ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی کردبێ، هەروا ئاسان نیە لە گەڵ حەرەکەتێک بکەوێ کە لە نێوەڕۆک و ئامانجەکانی دڵنیا نەبێ

بە تەبەعییەت لەم جیاوازییانە لە ڕەفتار و هەڵسووکەتی خەڵکی شار و ناوچەکانی کوردستان، ڕوانین و ڕەفتاری سیاسی و ئەمنیەتیی دەسەڵاتی سیاسیی لە تارانیش هەر لە ڕووی ئارایشی هێزە ئەمنیەتییەکانی خۆی لەم ناوچانەوە بگرە کە مەبەست زیاتر لە خوجێیبوون و ناخۆجێیبوونیانە، تا دەگاتە ڕادەی هەستیاربوونی دەسەڵات بە نیسبەت جیاوازیی ڕەفتارەکانەوە، جیاوازیی پێوە دیارە. ئەوە بەهیچ شێوەیەکە بە مانای بە «ئەرزشی» چاو لێکردنی ڕەفتارە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستانەوە نیە کە ئەو پەیامەی لێ هەڵبهێنجێندرێ کە کامیان دەتوانێ باش یان خراپ بێ.

هەموو ئەم جیاوازییانەی کە پێوەندی بە نفووزی هێزە سیاسییەکان، پەیامی شوناسخوازانەی نەتەوەیی و شێوازەکانی خەبات و، لە لایەکی دیکەوە خوێندنەوەکانی دەسەڵاتی سیاسی بە هەموو باڵ و تەیفەکانییەوە هەیە، بە ڕوویەکی دیکەدا تا ئێستایش کاریگەریی لە سەر جیاوازیی ڕوانینی خەڵکی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت تاران، وەک ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات، ئاڵوگۆڕ لە بەشەکانی دیکەی ئێران، حەرەکەتە سەرانسەرییەکان کە چەند لە ڕووی نێوەڕۆکی درووشم و داخوازییەکانەوە دەتوانن سەرنجی خەڵکی کوردستان رابکێشن، هەیە. نێوەڕۆکی ئەو درووشم و داخوازییانەی کە لە خۆپێشاندانە سەرانسەرییەکاندا دێنە گۆڕێ و لە شەر شەقام بڵاودەبنەوە، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان هەیە کە ڕەفتارەکانیان هەڵگری شوناسێکی نەتەوایەتییە. جۆری ئەم کاریگەرییە کە دەتوانێ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان بە دژکردوە بەرانبەر بە بەشداری کردن یان نەکردنیان لە پرسێکی سەرانسەریدا دیاری بکا. ئەوەی لە درووشم و پەیامی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەدا دیتمان، سەرەڕای بەربەرینبوونی، بەڵام وەک دەرکەوت نەیتوانی سەرنجی زۆربەی خەڵکی کوردستان بۆلای خۆی ڕابکێشی و بەشداری ئەو مەیدانەی بکا. بەشداریی ئەم چەند شارەی دیکەی کوردستانیش هەر وەک باسمان کرد پەیوەست بە کۆمەڵێک هۆکار بوو کە دیسان لە یەکیاندا بەردەوامبوونی و لە یەکی دیکەیاندا کۆتایی پێهاتنی خێرای لێ کەوتەوە کە هەر ئەم دوو ڕەفتارەیش دەکرێ لە چوارچێوەیەکی دیکەدا خوێندنەوەی خۆی بۆ بکرێ.

داخوازە تایبەت و شوناسخوازانەکانی خەڵکی کوردستان لە جۆری ڕەفتاری خەڵکی ئەم نیشتمانەدا بەرانبەر بەو پرس و ئاڵوگۆڕانەی لە سەر ئاستی سەرانسەری ئێراندا دێنە گۆڕێ، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە. خەڵکێک کە نزیک بە چل ساڵە بەربەرەکانیی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە دەکا و هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئە دەسەڵاتەوە لە نێوەڕۆکی ئەم ڕێژیمە گەیشتووە و بە هەموو جۆر و شێوازی خاباتکارانەی «ڕەق» و «نەرم» داکۆکیی لە ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی کردبێ، هەروا ئاسان نیە لە گەڵ حەرەکەتێک بکەوێ کە لە نێوەڕۆک و ئامانجەکانی دڵنیا نەبێ.

لە کۆتاییدا و سەرەڕای پێداگری لە سەر هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە سەر شکڵگرتنی ڕەفتاری خەڵکی کوردستان بە جیاوازیشەوە کاریگەریی هەیە، نابێ لە بیرمان بچێ کە حەساسییەتی ڕێژیم بە نیسبەت کوردستان و بەڕێوەبردنی سیاسەتی میلیتاریستیی ئەم نیزامە لە کوردستان هۆکارێکی دیکەیە بۆ جۆری ڕەفتارنواندنی خەڵکی ئەم نیشتمانە بەرانبەر بە کۆمەڵێک پرس کە زۆر جار چاوەڕوان دەکرێ کوردستان دەبێ پێشەنگایەتی بکا.

بە سەرنجدان بە بێ ڕێبەربوونی ئەم حەرەکەتە ناڕەزایەتییە، لە بۆسەدابوونی کۆمەڵێک لایەنی تاقیکراوەی نامەسئووڵی بەنێوەڕۆک نادێموکراتیک بۆ خۆبەخاوەنکردنی ناڕەزایەتییەکان و لە هەمووی گرینگتر فەزای قورس و زاڵی میلیتاریستی لە کوردستان، دەکرێ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان چ ئەو چەند شارەی کە بەشداریی پرۆسەکەیان کردو چ ئەو شار و ناوچانەی کە بێدەنگییان هەڵبژارد، بە هەڵوێستێکی ئاگاهانە لە قەڵەم بدەین کە خودی هەڵوێستەکردنی حیزبە سیاسییەکانیش لەم پێوەندییەدا کە وێڕای پشتیوانییان لە خۆپێشاندانەکان و داخوازیی خۆپێشاندەران، بەڵام ڕاشکاوانە داوایان لە خەڵک نەکرد کە بەشداریی ئەم خۆپێشاندانانە بکەن، مەسئولانە بوو کە بە دڵنیاییەوە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە پشت ئەم هەڵوێستانەوە هەبوو.

> بە سەرنجدان بە بێ ڕێبەربوونی ئەم حەرەکەتە ناڕەزایەتییە، لە بۆسەدابوونی کۆمەڵێک لایەنی تاقیکراوەی نامەسئوولی بەنێوەڕۆک نادێموکراتیک بۆ خۆبەخاوەنکردنی ناڕەزایەتییەکان و لە هەمووی گرینگتر فەزای قورس و زاڵی میلیتاریستی لە کوردستان، دەکرێ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان چ ئەو چەند شارەی کە بەشداریی پرۆسەکەیان کرد و چ ئەو شار و ناوچانەی کە بێدەنگی و ڕەفتاری چاوەڕوانییان هەڵبژارد، بە هەڵوێستێکی ئاگاهانە لە قەڵەم بدەین

کوردستان
ژمارە:٧١٨
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠١٨

# «نا»یەک بە پانتایی ئێران بە کۆماری ئیسلامی لە ئێران



تاهیر قاسمی

هەڵەیە ئەگەر پێمان وا بێ دەسەڵاتەکان بەدەر لە خواستی ڕێژەیی کۆمەڵگە و بەبێ بوونی پشتیوانی لە نێو خەڵکدا، دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو ڕاستییە بەدەر نیە. دەسەڵاتێک کە خۆی دەرەنجامی شۆڕشی بەرینی خەڵکە. شۆڕشێک کە وەک دەڵێن دەیزانی چی ناوێ و نەیدەزانی چی دەوێ. دەرەنجامی ئەم زانین و نەزانینە دەسەڵاتێکی تۆتالیتەری مەزهەبی بە ناوی کۆماری ئیسلامی بوو. دەسەڵاتێک کە ئەوە ماوەی نیزیک بە چل ساڵە لە مەزهەب بۆ ڕازیکردن، بێدەنگکردن، تاوانبارکردن و سەرەنجام سەرکوتکردنی خواست و ویستە سیاسی و بژێوییەکانی خەڵکی ئێران کەلک وەردەگرێ.

بە درێژایی نیزیک بە چوار دەیە تەمەنی ئەم ڕێژیمە، زۆر بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەی ناوچەیی و هەرێمی بە مەبەستی پاشەکشە بە دیکتاتۆری و دەستەبەرکردنی بەشێک لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەیەکی بندەست یان سەرانسەری ئێران هاتوەتە ئاراوە. کوردستان، بلووچستان و ناوچە عەرەبییەکانی ئێران لەو هەرێمانە بوون کە بە درێژایی چل ساڵی ڕابردوو خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و بۆ دابینبوونی مافی نەتەوەیی لە هەر کام لەو هەرێمانەدا کەم و زۆر بەردەوام بووە. بەڵام بە هۆی ناوچەیی بوونی خەباتەکەیان، نەیانتوانیوە دەسەڵات لە تاران بە چۆک دابێنن و بە لانیکەمی ماف و خواستەکانیان بگەن. لە پاڵ ئەم خەباتە ناوچەییانەدا، بە درێژایی چوار دەیە تەمەنی دەسەڵاتی ڕێژیمی مەزهەبی لە تاران، چوار سەرهەڵدان و ناڕەزایەتی لە ناوەندی ئەم وڵاتەشەوە سەریان هەڵداوە یان ناوەندی گرتوەتەوە کە دوایەمین و جیدیترینیان لە سەرەتای مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا بوو.

یەکەم ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانی گشتی لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا بوو. دوای ئەوەی خومەینی و ڕێبەرانی دیکەی نیزام پلانی لادانی بنی سەدر، یەکەم سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خەڵکی ئێرانیان جێبەجێ کرد، هاوکات پلانی دەرکردنی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لە دەسەڵات، گرتنی ڕێبەران و هەڵتەکاندنی تەشکیلاتەکەشیان داڕشت؛ موجاهیدین بە هۆی ئەو تەشکیلاتە بەهێزەی کە هەیبوو، ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی لە ناوەند و بەشێک لە شارەکانی دیکەی ئێران وەڕێ خست. شەڕ بۆ ماوەیەک شەقامەکانی تارانی گرتەوە، بەڵام دەسەڵات، سەرەڕای ئەو زیان و خەساری لە ئاکامی ئەو شەڕ و ناڕەزایەتییانەدا بەری کەوت، پاش ماوەیەک توانی دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا کۆنترۆڵ بکا.

پیاوانی ئایینی دەسەڵاتبەدەست، بە کەلکوەرگرتن لە هەستی ئایینی و هەڵخراندنی هەستی وەتەن پەرەستیی خەڵک دژ بە دەستدرێژیی عێراق بۆ سەر وڵاتەکەیان، توانیان سەرانسەری دەیەی شەست و تا نێوەڕاستەکانی حەفتای هەتاویش بێ ناڕەزایەتییەکی گشتی و ئاشکرا، حکومەت بەڕێوە بەرن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە و لە ئاکار و کرداری ڕێبەرانی ڕازی بن. هەژاری و گرانی هەروا لە پەرەگرتن دابوو، بەشێکی بەرچاو لە داهاتی وڵات بۆ ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تەرخان دەکرا، ئاڵقەی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بەردەوام تەنگتر دەکرایەوە و حکومەت بە تەواوی دەستی خستبووە نێو ژیان و هەست و نەستی خەڵکەوە. هاوکات لە نێو دەسەڵاتدارانیشدا ململانێی دەسەڵات و ناکۆکی لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەبەریی وڵات لە ئارا دا بوو. دواجار ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و ململانێکانی نێو دەسەڵات دەستیان بە دەستی یەک دا و بزووتنەوەی ئیسلاحخوازی لە دایک بوو. پشتیوانیی خەڵک ئەم بزووتنەوەیەی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٧٦ و دوو ساڵ دواتر لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانیشدا سەرخست. باڵی پاوانخواز لە زەینی خەڵکدا نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامیی دەکرد. ناڕەزایەتییەکان بەوەندە نەوەستان و لە پووشپەری ١٣٧٨ دا خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی خوێندکارانی تاران دژ بە داخستنی ڕۆژنامەی «سەلام» و دژ بە بەربەستکردنی ئەو نەختە ئازادییەی کە خەڵک لە ژێر چەتری ئیسلاحخوازیدا دەستەبەریان کردبوو، هاتە ئاراوە. بەڵام ئەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانە لەلایەن خەڵکەوە بە کردەوە پشتیوانیی لێ نەکرا و تەنیا وەک ناڕەزایەتییەکی خوێندکاری مایەوە. بەو هۆیەش خواستەکانی گشتگیر نەبوون و پەرەیان نەسەند. دەسەڵات بە توندترین شێوە ئەم ناڕەزایەتییانەی سەرکوت کرد. چەندان خوێندکار نەبوو کە حیزب و لایەنێکی تایبەت ڕێکی خستبێ یان لە پێناو حیزب، ڕێکخراو یا ئیدئۆلۆژیەکی تایبەتدا سەری هەڵدابێ. خۆپێشاندانێک بوو کە هەڵگری نەخشەی سیاسیی ئێرانی داهاتوو بوو. ئێرانێک کە بیر و بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان بتوانن لە پاڵ یەکتردا درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن. ئێرانێک کە هی یەک نەتەوە و یەک ئایین نییە، سامانی وڵات بێ جیاوازی و هەڵاواردن دابەش دەکرێ و هەژاران و چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەشی خۆیان لە سامانی زۆر و زەبەندی ئەو وڵاتە پێ دەبڕێ. ئاماژەکان وایان نیشان دا کە باڵی ئوسولگەرا دژ بە دەوڵەت چەخماخەی ئەم خۆپێشاندانانەی لێدا، بەڵام خۆپێشاندەران زۆر زوو عەلی خامنەیی،



کوژران و ژمارەیەکی زۆریان لێ بریندار کرا و زیاتریشیان دەستبەسەر کران. بەڵام سەرکوتی بێبەزەییانەی ئەم ناڕەزایەتییانە هەتا ئێستاش وەک پەڵەیەکی شەرم بە ناوچەوانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانیەوە ماوەتەوە.

دە ساڵ دوای سەرکوتی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ناسراو بە «کوی دانیشگا»، سێهەم ناڕەزایەتیی گشتی هاتە ئاراوە. لە درێژەی ململانێکانی نێو دەسەڵات و لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٨٨، دوای ئەوەی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد بە پاڵپشتیی عەلی خامنەیی جارێکی دیکە بە براوەی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا، کاندیداکانی بەرەی ئیسلاحات و خەڵکێکی زۆر ئەمەیان نەپەژراند. لە ئەنجامدا خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی بەرین شەقامەکانی تاران و بە ڕێژەی کەمتر، چەند شاری گەورەی دیکەی ئێرانی گرتەوە. لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم خۆپێشاندانانە بەرینترین خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی بوون. حەشیمەتی زۆر تێیاندا بەشداری کرد و ماوەی نیزیک بە حەوت مانگی خایاند. بەڵام خواستی ڕێبەرانی خۆپێشاندان کۆماری ئیسلامیی تێنەپەڕاند و لە پێداچوونەوە بە ئاکامی دەنگەکانی خەڵک، واوەتر نەچوو. بەو هۆیەش خۆپێشاندانەکان نەک بۆ شار و ناوچەکانی دیکە پەلوپۆیان نەهاویشت و پەرەیان نەگرت، بەردەوام بەرەو کزی چوون و سەرەنجام کۆتاییان هات. دەسەڵات لە ڕۆژی ٩ی بەفرانباری هەمان ساڵدا، خۆپێشاندانێکی حکومەتی ساز کرد و کۆتایی ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانەی ڕاگەیاند. کۆتایی ئەو خۆپێشاندانانەش ئەوەندە بە لای دەسەڵاتدارانەوە گرینگ بوو کە ڕۆژی ٩ی بەفرانباری ساڵانی دواتریش شانۆی خۆپێشاندانی بۆ دووپات دەکردەوە. لە هەشتەمین ساڵی خۆئامادەکردن بۆ نیشاندانەوەی ئەم شانۆی خۆپێشاندانانەشدا بوو کە چوارمین خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی ئێران دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە. خۆپێشاندانێک کە هاوپێوەندیی لەگەڵ هیچکام لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی پێشوودا نەبوو. گەرچی لە ساڵەوەختی سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی ناسراو بە بزووتنەوەی سەوزدا بوو، بەڵام کەمترین ئاماژە بەو بزووتنەوەیە و ئامانجەکانی لە دروشم و هێمای ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦ دا نەبوو. گەرچی خوێندکاران هەر زوو کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن، بەڵام زانستگا و زانکۆکان ڕۆڵ و دەوری بەرچاویان لەو خۆپێشاندانانەدا نەبوو. گەرچی وەک ڕێکخەرانی خۆپێشاندانی جۆزەردانی ١٣٦٠ خوازیاری نەمان و ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوون بەڵام خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و هێمای نیزام و ئەو جەناحەی دەسەڵاتیان کردە ئامانج. لەو لاوە ئیسلاح تەڵەبانیش سەرەڕای هەڵوێستی هاوشێوەیان دژ بە خۆپێشاندەران، لە ڕۆژانی دواتردا هەوڵیان دا بە جۆرێک خۆ لەو خۆپێشاندانانەدا بدۆزنەوە و دژ بە باڵەکەی دیکە کەلکی لی وەرگرن. بەڵام کەمترین دروشمی لاگری لە دەوڵەت یان لە ڕیفۆرمخوازان لە خۆپێشاندانەکاندا نەبوو. بەوەش خۆپێشاندەران ئەو پەیامەیان گەیاند کە ئەگەر لە هەڵبژاردندا دەنگ بە کاندیدی ئیسلاحخواز دراوە، بەو ئامانجە بووە کە لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆر پاشەکشەی پێ بکرێ نەک هەڵبژێردراو دوای دەنگوەرگرتن ئاوا ببێتەوە بە بەشێک لە دەسەڵات دیکتاتۆر.

سەرهەڵدانی بەفرانباری ٩٦ لە زۆر بواردا ڕچەشکێن بوو. لە باری جوغرافیاییەوە زۆر زوو سەرانسەری ئێرانی تەنیەوە. ئیدیعای حکومەتی خودایی دایە بەر گەپ. لە زۆر شار و ناوچەدا نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان شانبەشانی یەکتر دروشمی نا دژ بە باڵەکەی دیکە کەلکی لێ وەرگرن. بەڵام کەمترین دروشمی لاگری لە دەوڵەت یان لە ڕیفۆرمخوازان لە خۆپێشاندانەکاندا نەبوو. بەوەش خۆپێشاندەران ئەو پەیامەیان گەیاند کە ئەگەر لە هەڵبژاردندا دەنگ بە کاندیدی ئیسلاحخواز دراوە، بەو ئامانجە بووە کە لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆر پاشەکشەی پێ بکرێ نەک هەڵبژێردراو دوای دەنگوەرگرتن ئاوا ببێتەوە بە بەشێک لە دەسەڵات دیکتاتۆر.

سەرهەڵدانی بەفرانباری ٩٦ لە زۆر بواردا ڕچەشکێن بوو. لە باری جوغرافیاییەوە زۆر زوو سەرانسەری ئێرانی تەنیەوە. ئیدیعای حکومەتی خودایی دایە بەر گەپ. لە زۆر شار و ناوچەدا نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان شانبەشانی یەکتر دروشمینا بۆ دیکتاتۆرییان گوتەوە. دروشمەکان زۆر زوو باری خۆپارێزییان تێپەڕ کرد و لوتکەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج. بە پێچەوانەی ئیدیعای چل ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە نوێنەری هەژاران و موستەزعەفان لە قەڵەم دەدا، هەژاران و چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەشدارانی هەرە سەرەکیی ئەو خۆپێشاندانانە بوون. ئەو چین و توێژانەی کە ئامادەیی زیاتریان هەیە تا لە پێناو ئامانجەکانیاندا

ل٨

دریژەی:

# خالید عەزیزی: لە نەزمی نوێی جیهانیدا کۆماری ئیسلامی...

زۆربەی وڵاتانی دنیا سیستەمی بەڕێوەبەریی دێموکراتیکیان هەیە. خەڵک مافی هەڵبژاردن و ئازادیی ئەحزاب و دامەزراوەی مەدەنییان هەیە. حکوومەت وەڵامدەرە. لەسەر ئەو بنەمایە و بە سەرەنجدان بەو ڕاستییە، بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ داهاتوویەکی هەبێ. نەزمی جیهانی بە ئاقارێکدا دەڕوا کە سیستەمە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیەکان درەنگ یان زوو خۆ ڕادەست دەکەن. درەنگ یان زوو دێموکراسی دابین دەبێ. تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگای ئێران ناتوانن بەدەر لەو یاسا و چوارچێوەیە بن، تەنیا ئەوەی ئەوە پەیوەندیی بە کاتەوە هەیە. ئیدی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی خەڵک و چۆنیەتی و کاری ڕێکخراوەیی و داواکارییەکانی خەڵک دژی ئەو ڕێژیمە کە چۆن زیاتر خۆیان ڕێک دەخەن. ناڕەزایییەتییەکانی خەڵک پەیامی جۆراوجۆریان تێدا بوو. پەیامیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئاوا بە ئاسانی ناتوانێ درێژە بە تەمەنی خۆی بدا. پەیامیان بۆ خودی خەڵک ئەوەیە کە ئەگەر خەڵک ڕێک بخرێن، دەتوانن لە مافی خۆیان بەرگری بکەن. پەیامیان بۆ هێزە سیاسییەکان ئەوەیە کە ئەگەر بەڕاستی هێزە سیاسییەکان پەیوەندییەکی باشیان دەگەڵ خەڵکدا هەیە گرینگی بە داواکارییەکان و دروشمەکانی خەڵک بدەن و بەدوای یەکیەتی و گوتاری هاوبەشەوە بن. پەیامیان بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەناچاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئێوە سەروکارتان لەگەڵی هەیە، وەڵامدەری خەڵکی ئێران نیە و پێویستە لە داواکارییەکانی خەڵکی ئێرانیش بکەنەوە.

**خالید عەزیزی** بەراوردکردنی ئێران دەگەڵ سووریە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بە پلانی کۆماری ئیسلامیی دەزانێ و پێی وایە کە ئەوە تەنیا بۆ ترساندنی خەڵکی خۆپێشاندەر و ڕاگرتنی خۆپێشاندانەکانە. ناوبراو دەڵێ: ئەوە سرووشت و سیاسەتی سیستەمە دیکتاتوری و دژە دێموکراسییە کە هەرکات دەگەڵ داخوازییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک ڕووبەڕوو دەبنەوە، هەوڵ دەدەن کە لە بارودۆخی وڵاتانی دیکە تابلۆیەک پێشان بدەن کە ئەگەر ئێوەش ئەو خۆپێشاندانانە درێژە پێ بدەن و ئاسایشی ئێران تێک بدەن، چارەنووسی ئێران وەک چارەنووسی عێراق و سووریە و ئەوانی دیکەی لێ دێ. بەڵام خەڵک دەتوانن ڕێک ئەو پرسیارە بکەن کە لە سووریە و یەمەن و عێراق و ئەو وڵاتانەی دیکە کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوێ بوونی هەیە و هۆکاری تێکدانی ئارامی و سەقامگیرییە، ئەوانیش بەدوای ئازادی و مافی خۆیانەوەن. ئەوە ئەو ڕێژیمانەی وەک کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچەکەن کە ئاوا بە ئاسانی ڕێگایان نەداوە کە خەڵک دێموکراسییان هەبێ.

لە پێوەندی لەگەڵ بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان و ئەگەری هەڵوەشنای ئێران ئەو جۆرەی کە کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکا، **خالید عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدک** دەڵێ: بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە شێوەی گشتی و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، تا ئێستا لەو ڕاستایەدا بووە و سەلماندووشمانە کە ئەگەر لە ئێراندا دێموکراسی هەبێ، ئەگەر لە ئێراندا بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەمای بەشداری هەمەلایەنە بێ و هەڵاواردن و جیاکاری نەبێ، هیچ مەترسییەک لەسەر کۆمەڵگەی ئێران و جوغرافیای سیاسیی ئێران نابێ کە ئێران بەرەو لێکهەڵوەشان و پارچە پارچەبوون بەرێ . ئەوە سیاسەتی پەراوێزخستن و هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ئایینە جۆراوجۆرەکان و بەشدارنەکردنیان لە چۆنیەتی بەڕێوەبەریی وڵات دایە کە ئەگەر بیری جیاخوازیش هەبێ، دەیهێنێتە گۆڕێ. ئەو سیاسەتە ناسیونالیستییانە بەتایبەت ئەو سیاسەتانەی لە ناوەند واتە تاران دژ بە نەتەوەکان و ئایینە جیاوازەکان بەڕێوە دەچێ و نەتەوە جۆراوجۆرکان و حیزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکانیان دەخاتە پەراوێزەوە و هەست ناکەن لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا دەور و کاریگەرییان هەیە. ڕەنگە لەو پەیوەندییەدا هێندێک لەو نەتەوانە یان چەند حیزبێک لەنێو ئەو نەتەوانە بەو ئاکامە گەیشتبن کە لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یاخود لە سیستەمەکانی داهاتوودا ئەگەر گرینگی بە مافەکانیان نەدرێ، ئیدی هیچ ڕێگا چارەیەکیان نیە جگە لەوەی کە لە بیری جیابوونەوەدا بن. کەواتە بیرۆکەی جیابوونەوە، بیرۆکەیەک نییە کە بەدیاریکراوی لە لایان نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران یا حیزبی دێموکراتی کوردستان یان نەتەوەکانی دیکەی ئێرانەوە هاتبێتە گۆڕێ، ئەوە بیرۆکەیەکە کۆماری ئیسلامی پڕوپاگەندە بۆ دەکا، دەیهەوێ خەڵکی بەوە بترسێنێ کە ئەگەر قەرار بێ خۆپێشاندان بکەن و ناڕەزایەتی دەرببڕن، ئێران بەرەو نائارامی هەنگاو دەنێ، کوردەکان بەدوای مافەکانی خۆیاندا دەچن و حکومەتی کوردستان پێک دێنن و لە ئێران جیا دەبنەوە، یان نەتەوەکانی دیکەش بەهەمان شێوە. ئەو جۆرە پڕوپاگەندانە، بەتەواوی دوورن لە ڕاستییەوە.

لەبارەی دەور و کاریگەریی هێزە سیاسییە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەو خۆپێشاندانەدا و توانای پشتیوانییان لە خەڵک، **عەزیزی** وێڕای ئاماژەدان بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ لێک نزیکردنەوەی سەرجەم دژبەرانی کۆماری ئیسلامی پەنجە لەسەر کێشەکان دادەنێ و ئاشکرای دەکا: یەکێک لە کێشەکانی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، یان ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەوە بووە کە دەگەڵ ئەوەدا کە دژایەتیی یەکجار زۆری ئەو ڕێژیمە یان کردووە و بەشێک لەو حیزبانە لەو پەیوەندییەدا قوربانییەکی زۆریشیان داوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەبوونەتە ئادرەس و جێگرەوەیەک. ئەوە یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئۆپۆزیسیۆن یان دژبەرانی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن لێرە دەتوانم بڵێم کە ئەم بابەتە بەداخەوە خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی بووە. ئەو ڕێژیمە تا ئێستا ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرێکی یەکگرتووی نەبووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێراندا و لە سەد ساڵی رابردوودا، ئەزموونی هاوکاری و یەکترقبووڵکردن و ئەوەی کە ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بتوانن یەکتر تەحەموول بکەن و خاڵی هاوبەشیان هەبێ و لە درێژەی ئەو خاڵە هاوبەشانەدا بگەنە پلاتفۆڕمێکی هاوبەش و یەکگرتوو، نەهاتووەتە ئاراوە. ئێمە لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵمان ئەوە بووە، لانیکەم کوردستانی ئێران و هێزە کوردییەکان میحوەرێک بن بۆ یەکیەتیی نێوان حیزبەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی وەک ئازەری، عەرەب، بلووچ، کورد و غەیرە کورد. بەداخەوە سەرەڕای هەموو هەوڵ و چالاکییەکانمان، تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووین و نەمانتوانیوە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بکەینە ئەلترناتیف یان ئادرەسێکی خاوەن پلان لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا. ئەوە یەکێک لە کێشەکانی ئێمە بووە. بەداخەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خەڵکی ئێران و بەدبەختانە کۆماری ئیسلامیش ئاگایان لەو کێشانەی ئۆپۆزیسیۆن هەیە.

کوردستان
ژمارە: ٧١٨
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠١٨

## ئیسلامی سیاسی
## [ و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا ]

(٣٦)



حەسەن حاتەمی

### بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا

یەزدانپەرست_یەکێک لە خوێندکارانی هێرشبەر بۆسەر باڵویزخانە_ لە فیلمێکی دێکۆمێنتاریدا، دەڵێ: قەزییەکە بوو بە شتێکی دیکە دوای ئەوەی ئیمام پشتیوانی لێکردین. (١) دواتر ئەوەی خومەینی بە شۆڕشێکی گەورە و گەورەتر لە شۆڕشی یەکەم و بە «شۆڕشی دوویەم» پێناسە کرد؛ زۆربەی بەرپرسان و دامودەزگاکانی حکوومەتی پشتیوانی چڕوپڕیان لەو کردەوە دزێوە کرد و بەر دەرگەی باڵوێزخانەی ئەمریکا کرا بە مەکۆی خۆپێشاندانەکانی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی پاوانخواز، بێ گوێگرتن لە ناڕەزایەتییەکی بەربەرینی وڵاتانی جیهانی.

حیزب و ڕێکخراوە چەپە نائیسلامی و ئیسلامییەکانیش چالاکانە لەودا بەشدار بوون. نێهزەتی ئازادی تووشی دابڕان بوو. حیزبی دێموکرات موخالیفی ئەو کردەوەیە بوو.

باری ڕۆزەن_ کارمەندێکی باڵوێزی ئەمریکا_ دەڵێ: چەند ڕۆژ دوای وەرگیرانی شا لە ئەمریکا، ئارامییەک هەبوو، ئێمەش بە جیدی وەرمان گرتبوو. بەڵام ئارامییەکی پێش توفان بوو.(٢) خۆپێشاندانەکان پتر و پتر دەبوون و ئاڵای ئەمریکا و بووکەڵەی جیمی کارتێر لەبەر دەرگای باڵیوێزخانەکە دەسووتێندران. دروشمی «خومەینی دەجەنگێ و کارتێر دەترسێ» لە دیواری دەرەوەی باڵوێزخانە هەڵاوەسرابوو.(٣)

عەبدولحوسێنی ڕووحولئەمینی _کە بۆ خۆی لە خوێندکارانی هێرشبەر بوو_دەڵێ: پێمان وابوو جەوهەری بێزاری لە ئەمریکا جگە لە پەنادان بە محەممەد ڕەزا پەهلەوی- وەک کەسێک کە ماکەی زوڵمێکی زۆر لە میللەتی ئێمە بوو- نیشانەی چالاکییەکی وابوو کە ئەمریکا بەڕاستی دەیهەوێ بگەڕێتەوە.(٤) سەیر ئەوەیە کە لەنێو گیراوەکانی خۆپیشاندانەکانی شەپۆلی سەوزدا، موحسینی ڕووحولئەمینی_کوڕێ عەبدولحوسێن_ یان تێدابوو، کە لە زیندانی کەهریزەک لە ژێر ئەشکەنجەدا، گیانی لێ ئەستێدرا!

میلکۆم بێرن_بەرپرسی ئارشیوی ئەمنییەتی ئەمریکا_ دەڵێ: ئەوان مەترسیی کوودێتایەکی لە شێوەی ئاگوستی ١٩٥٣یان دەکرد؛ بۆیە خوێندکارانی ئێرانی دەیانویست پێش بە دووبارە بوونەوەی بگرن.(٥)

بۆ بیروڕای گشتی و بەتایبەتی گەلانی تورکی ئازەری و کورد ئاماژەکردن بەو قسەیەی پووریەزادنپەرەست لە جێ دایە کە دەڵێ: لە ڕۆژی وتاردانی «ئیمام» – ١٠ ی گەلاڕێزانی ٥٨– دوو ڕووداوو هاتنە پێش، کە بەهۆی کەسانی سەر بە ئەمریکا لەنێو خۆی ئێران بەڕێوە چوون. یەکەم کوژرانی ٧٠ کەس لە هێزەکانی ئەرتەش لە کوردستان. [ ئەوان بۆ خەزا و کوردکوژی و وێرانی هاتبوون.] دوویەم، کوژرانی ئا. قازی تەباتەبایی لە تەورێز، بە دەستی گرووپی فەرقان، وەک کەسێک کە پیلانی کەسانی سەر بە ئەمریکای پووچەڵ کردۆتەوە(٦) ئەو کەسانەش ئەندام و لایەنگرانی حیزبی جمهووری خەڵقی موسڵمان بوون کە دەستیان بەسەر رادیو_ تلویزیۆن و پارێزگاری تەورێزێ داگرتبوو.

دکتور ڕەسووڵی نەفیسی سەبارەت بە ڕووداوی هێرش بۆسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا و بارمتەگرتنی ئەمریکاییەکان و پشتیوانی ئا. خومەینی لەو کردەوە چەوتە دەڵێ: ئەو کردەوەیە لە بیرێک ڕا هات کە خومەینی لە دێرێکدا کردبووی کە «پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا وەک گورگ و بەرخە». ئەو قسەیە ئاغای خامنەییش بەجۆرێکی دی دەیکا. ئەو بۆچوونانەی دوو وەلی فەقهیە بۆ نەزانی و نەشارەزاییان لە پێوەندی نێودەوڵەتی و قازانجی دوو لایەنە دەگەڕێتەوە کە ئەوان لێی حالی نین، یا خۆی لە گێل دەکەن. چوونکە پێوەندیی دروستی وڵاتی ئۆردۆن لەگەڵ ئەمریکا و ئینگلیس هەم بە قازانجی دەوڵەتە و هەم خەڵک، کە وەزعی ئابوورییان باشە و... ئیسرایل هاوسەنگی ئەمریکا نیە، کە ئەو هەموو سوودەی لێ وەردەگرێ. یا کۆرەی باشوور کە لە ژێر سێبەری ئەو ئەمریکایەدا بوو بە هێزێکی گەورەی ئابووری لە جیهاندا. ئەو قسە زۆر بێ مانایە کە ئێمە بگەینە هاوسەنگی ئەمریکا، ئەوە قەت ڕوونادا. مەسەلەیەکی دیکەی کاربەدستانی ئێران باسی متمانەیە. مەگەر چین و ئەمریکا متمانەیان پێک هەیە کە پێوندیی بەربەرینیان هەیە؟ مەگەر ئەمریکا نایهەوێ چینێ بڕووخێنێ؟ ویست و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لە دنیای سیاسەتدا، زۆر گرینگە.

یەکەمین سەفەری دەرەوەی عەلیی خامنەیی بۆ چین بووە. پسپۆڕێکی چینی کتێبێکی لەسەر ئەو سەفەرە نووسیوە و قسەیەکی خامنەیی گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی: ئەوانە کەسانێک نین کە بیانهەوێ ئێمە بچەوسێننەوە. ئەو قسەیە گرینگە، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوانە لەگەڵ کێ دەسازێن و لەگەڵ کێ ناسازێن. ئێستا گرینگ ئەوەیە ئەو وەزعەی لە ئێرانێدا هەیە، درێژەی هەبێ و پێوەندییەکانیش پتر لەگەڵ ڕووسیە، چین و کۆرەی باکوورە. ئەو وڵاتانەش حکوومەتەکانیان هاوشێوەن. کاریان بە سیاسەتی ئێران نیە و پشتیوانیی تەواویشی لێدەکەن. پشتیوانی لە سەرەڕۆییەکانیشی دەکەن. پوتین و خامنەیی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە.(٧)

سیاسەتی تا ڕادەیەک ئەرێنی و مام ناوەندیی ڕووحانییەکان، پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە تایبەتی ئا. خومەینی لە نوڤلۆشاتۆ و گفتوگۆ لە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و بوونی ڕاوێژکار و و وتەبێژانی وەک: ئیبراهیم یەزدی، ئەبولحەسەن بەنی سەدر و سادق قوتبزادە، ئەمریکای تووشی خۆشبینی کردبوو. بۆیە زووریان لە پشت پردە یارمەتیی ئیسلامییەکان دا.

ژمارەیەک لە بەرپرسانی دەرەوەی ئەمریکا_ بەتایبەتی سولیوان_ کە هەوڵی زۆری دا، بە نێوبژیوانیی نێوان ئەرتەش و موخالیفانی ئیسلامی، لایەنی چەپ و دێموکڕاتەکان نەگەن بە دەسەڵات. چونکە ئا. خومەینییان وەک ئاغای بازەرگان دەشوبهاند، کە دەتوانی ئیسلامێکی مامناوەندی بێنێتە سەر دەسەڵات و لەبەرانبەر یەکیەتیی سۆڤیەتدا ڕاوەستێ. یا بچێتەوە حوجرەکانی قوم. ئەوان کتێبی «ولایت فقیە و جهاد اکبر» ی خومەینییان نەخوێندبۆوە. کەم کەسیش لەنێوخۆی ئێران لەگەڵ ئەو بیروڕایەی ناوبراو ئاشنا بوون.(٨)

بەڵام دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامییەکان، گرینگینەدان بە بەڵێنییەکانیان دەرکەوت. ویلیام سولیوان_باڵوێزی ئەرمریکا_ هەتا بە بارمتە نەگیرا و پەیامی «شۆڕشی دوویەم» ی ئا. خومەینی باسی نەکرا، لەگەڵ ساریس وەنس، وەزیری دەرەوەی کاتی ئەمریکا باوەڕیان بە «ئیسلامی سیاسی تۆند ئاژۆ» لە ئێرانێ نەکرد!

#### سەرچاوەکان

١، ٢، ٣، ٤، ٥ و ٦– یوتیوب، فیلم مستند پنجەی عقاب، پاسخ سپاە بە فیلم آرگو.
٧ و ٨– یوتیووب، یورونیوز فارسی، ٣٦ سال پس از اشغال سفارت آمریکا، چرا دیوار بی اعتمادی بین دو کشور فرو نمی‌ریزد؟

# شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان بەڕێوەیە



ئازاد مستۆفی

لە کاتێکدا حاکمییەتی ئێران پەلی هاویشتبوو بۆ وڵاتانی دەوروبەر و دەستێوەردانی سیاسی و سەربازیی لە ناوچەکەدا دەکرد و دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەی لە سەردەمی سەفەوییەکان بەربڵاوتر کردبوو و خۆی بە ئەمنترین وڵاتی ناوچە پێناسە دەکرد، لەناکاو خۆپیشاندانی بەرین و بەربڵاو لە ڕۆژی ٩ی بەفرانبارەوە بۆ ماوەی پتر لە ١١ ڕۆژ بە بەربڵاوی لە زیاتر لە ٩٢ شاری ئێران بەڕێوە چوو. خۆپیشاندانەکان حاکمییەتی ئێران و هەروەها ئۆپۆزسیۆنیشی تووشی شۆک کرد چونکە هەم کۆماری ئیسلامی ئێران باوەڕی نەدەکرد خەڵک درووشمی تێپەڕین لە حاکمییەت بدەن و هەمیش ئۆپۆزسیۆن پێشبینی وەها بەربڵاوبوون و جەماوەرییبوونی خۆپیشاندانەکەی نەدەکرد.

بەپێی ئامارێکی حکوومەتی، لانیکەم چوار هەزار کەس بەتۆمەتی بەشداریی لە خۆپیشاندانەکاندا گیراون و بیست و یەک کەسیش لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی سەرکوتگەر و خەڵکی نارازییدا کوژراون و ناوی حەوت لاویش هەتا ئێستە هەیە کە لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست داوە. ئەو حەوت کەسە بریتین لە: «سینا قەنبەری لە تاران، وەحید حەیدەری لە ئەراک، موحسین عادلی لە دزفول، ئاریا روزبێهی بابائی لە لوڕستان، عەلی پولادی خەڵکی گوندی گویتری سەر بە مەرزن ئاوای شاری چالوس لە پارێزگەی مازندەران، سارۆ قارمانی و کیانوش زەندی لە سنە». ئەم ئامارانە بەدەستەوەن و بەپێی نامەی چل کەس لە نوێنەرانی مەجلیس بۆ عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیس ئێران، ڕایان وایە کە ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوەکانی ژێر ئەشکەنجە لە زیندانی ئیدارەی ئیتلاعات لەوەی کە دەوترێ زیاترە و داوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان بۆ ئەم بابەتە کردوە.

لێرەدا هەندێ خاڵ هەیە دەربارەی خواستی خۆپیشاندەران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت شارەکانی کرماشان و سنە کە لەوێ ناڕەزایەتیی بەرین بەڕێوە چوو و پێویستە باسی لێ بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە شارەکانی ئێران خواستەکان سیاسی و ئابووری بوون لە سنە و کرماشان خواستەکان وێڕای ئەوە نەتەوەییش بوون. واتە خەڵک داوای مافی نەتەوایەتی خۆیشی دەکرد و خاڵی جیاکەرەوەی ئەو خۆپیشاندانانە لەگەڵ بەشەکانی تری جوغرافیای ئێران لەوەدا بوو کە خۆپیشاندەرانی کورد لە هەر دەرفەتێکدا هەلیان قۆستووەتەوە بۆ دەربڕینی بێزارییان لە تەواوێتیی دەسەڵات و هەروەها خواستی نەتەوەییان هێناوەتە ئاراوە کە لە هەردوو ڕێژیمی شا و کۆماری ئیسلامیدا پێشێل کراوە.

زۆر جار ئەو کەسانەی کە بەداواداچوون بۆ دۆخی ئێستەی ئێران دەکەن یەکەم پرسیاریان ئەوەیە کە ئایا ناڕەزایەتییەکان بەردەوامیی دەبێ یاخود وەکوو ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکان و بزووتنەوەی سەوز کۆتایی پێ دێ؟ خاڵی جێی سەرنجی ئەو ناڕەزایەتییانەی ئەمدواییە لە ئێران دیترا ئەوە بوو کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە چین و توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگەوە نەبوو بەڵکوو هەموو خەڵک خۆی تێدا دەدیتەوە. توانرا بە سەرکوتگەریی توند و بێبەزەییانە و کوشتنی لاوان بۆ ماوەیەک بێدەنگیی لێ بێنن بەڵام ئەم ئاگرە نەکووژاوەتەوە چونکە ئەو داواکارییە ئابووریی و سیاسییانەی کە نارازییەکان هەیانبوو هیچکامی جێبەجێ نەکراوە و هەروەکو خۆی ماوەتەوە. ئەمجارەیان ئیتر خەڵکی نارازیی گوشارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وای لێکردووە کە هیچ مافێکی لە ژیاندا بۆ نەماوە واتە ناچارە کە دووبارە لەم ڕۆژانەدا بگەڕێتەوە بۆ سەر شەقام و داوای مافی خۆی بکا و واز لە ناڕەزایەتی دەربڕین نەهێنێ و درێژە بەو خەباتەی بدا کە پێویستە ئەوەی داهاتوو



بگاتە ژیانێکی ئاسوودە و خوشگوزەران.

باڵێکی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پێی وایە ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانانە لەلایەن باڵی ڕاستەوە بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی ڕووحانی بووە و هەنووکە ئەم بێدەنگییە واتای کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەیە و ڕەنگە لە داهاتوویەکی نێزیکدا هەندێ گۆڕانکاریی سەرەتایی لە ژیانی سیاسی و ئابووری خەڵکدا بکا، بەڵام لەو ئاستەدا نیە کە پێش بە شەپۆلی دووبارەی ناڕەزایەتییەکان بگرێ چونکە خەڵک دەبینن ئێستە ئەو لایەنەی کە بەتوندی سەرکوت دەکا خودی دەوڵەتەکەی ڕووحانییە و هەروەها تیۆریسیەنەکانی باڵی بەناو ڕیفۆرمیستیش بەهەمان زمانی زبری دوور لە ئەدەب باسی خۆپیشاندەران دەکەن.

خەڵک لە ویلایەتی فەقیه و دامودەزگەی سەر بە سەید عەلی خامنەیی بێزارن و هەر لە سەردەمی محەمەد ڕەزا خاتەمیدا ئەمەیان سەلماند و ئەگەر ئەمجارە ڕووحانی زۆرینەی دەنگی بۆ سەرکۆماریی هێناوە لەبەر ئەوە بوو کە ناوبراو خۆی بە دژی ئێعدامەکانی ساڵی ٦٨ و هەروەها داکۆکیکاری مافی خەڵک پێناسە دەکرد. دەوڵەتی ڕووحانی لە ڕوانگەی خەڵکەوە تاوانباری سەرەکیی توندوتیژییەکانە و کوژرانی لاوان لە ژێر ئەشکەنجەدا لە وەزارەتی ئیتلاعات بووە و زمانی زبری هاوبیرانیشی هەر هەڕەشە و گوڕەشە بووە لە نارازییان.

گلەییەک کە هەنووکە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیانە چەند لایەنە و گلەییەکە سەرەتا ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە لە نێوخۆن و لافی سەربەخۆیی لێ دەدەن بەڵام چاویان لە ئاست ئەم زوڵمەدا داخست. ئەو لایەنانەی لە هەندێ دامودەزگەشدا بەشداریی حکوومەتدارین و ناتوانن خۆیان لەم گلەییانە بدزنەوە و سەریان بە ژێر بەفرەوە بکەن و لەو سەرپۆشە تەناهییەی دەسەڵات بۆی دابین کردوون خۆیان لە نەتەوەکەیان بشارنەوە. گلەیی دیکەی ئەو چالاکانە لە ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری دەرەوەی وڵاتە کە نەیانتوانی دەنگێکی هاوبەشیان هەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخەکە و تەنانەت هەندێکیشیان ویستیان خۆپیشاندانەکان بەناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن و هەموویان بەیەکەوە لۆبییەکی بەقووەتیان نیە کە بەرەنگاری درۆ و فرت و فێڵەکانی لۆبی ئێران و میدیاکانی دەرەوەی سەر بە ئایەتوڵڵاکان ببن.

بەپێی ئەو خوێندنەوەی کە شارەزایانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دۆخی هەنووکەیی ئێران هەیانە ڕایان وایە ناڕەزایەتییەکان بەشێوەگەلی دیکەی وەکوو مانگرتن و نافەرمانی مەدەنی و هتد درێژەی دەبێ و بێگومان ئیتر دەسەڵاتی تاران ئەو توانایی‌ەی نیە کە ڕۆژانە هێزە سەرکوتگەرەکانی، کە ئەوانیش تووشی کەمبوونەوە هاتوون و هەر نەبێ بەشێکن لەو خەڵکە، بەلێشاو نارازییان لە هەموو شارەکان سەرکوت و دەستگیر بکەن. کۆتلەکانی نێو دەسەڵات بەیەکەوە ناسازێن و زەوی لەرزە و نوقمبوونی کەشتیی ئێران و ڕووداوەکانی دیکەی ئەمدواییانە پتر لێنەهاتوویی حاکمییەتی بۆ خەڵک سەلماندووە و بێزارتری کردوون، بەڵام ئایا پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەریی ئێرانی هەتا چەند ئەو هێزەن کە شەپۆلی دووبارەی ناڕەزایەتییەکان بەرەو ڕووخانی دیکتاتۆری ئایەتوڵڵاکان لە ئێران ببەن؟

درێژەی:

# «نا»یەک بە پانتایی ئێران بە کۆماری ئیسلامی لە ئێران

خەسار و تێچووی خەباتەکەیان بدەن. بەڵام سەرهەڵدانەکە بێ کەمایەسیش نەبوو. وەک چۆن بزووتنەوەی سەوز بە چینی مامناوەند و بە بێ بەشداریی چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە نەیتوانی ئامانج بپێکێ، لەم خۆپێشاندانانەشدا چینی مامناوەندی کەمتر تێکەڵ بە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان بوو. سەرەڕای ئەمە، کەمایەسیی هەرە گەورەی ئەم بزووتنەوە گۆڕانخوازە، نەبوونی ڕێبەر و ڕێبەرییە. ئەم بزووتنەوەیە هەرچەندی ئامادە بێ تێچووی خەبات بدا بەڵام ئاستەمە لە ژێر زەبروزەنگی دەسەڵاتی سەرکوتکەردا بتوانێ ڕێبەریی شۆڕشەکەی خۆی بگرێتە دەست و بە سەختی دەتوانێ لە نێو خۆیدا ڕێبەر و ئاڵترناتیڤ بۆ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ساز بکا. هەر بۆیەش لە کاتی خۆپێشاندانەکاندا دروشمی بێ واتای سەڵتەنەتخوازی یان ڕەحمەت ناردن بۆ ڕەزا شا و شتی لەو بابەتە دەبیسترا. ئەمە ئەگەر بەشێکی بۆ قەڵسەگێڕان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو، ئەو پەیامەشی گەیاند کە ئەم ناڕەزایەتییە لە ڕێبەر دەگەڕێ و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامیش نەیانتوانیوە لە زەینی خەڵکدا ببن بە جێگرەوە و ئاڵترناتیڤێکی جیدی. ئەمە یەک لەو فاکتەرانە بوو کە خۆپێشاندانەکانی ئەمجارە نەیانتوانی زیاتر درێژە بکێشن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە کۆتاییان هاتووە.

لە ڕاستیدا ئەوەی لە ماوەی یەک حەتووی ئەو خۆپێشاندانانەدا ڕاگەیەندرا، «نا»یەکی گەورە و سەراسەری بە کۆماری ئیسلامی بوو. بۆ یەکەمجار خەڵکی شارە گەورە و بچووکەکانی ئێران، بە چین و توێژی جیاواز، بە ئایین و ئایینزای جیاواز و بە نەتەوەی جۆراوجۆر، مەترسیی گرتن، زیندان و کوشتنیان بە گیان کڕی تا دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر بڵێنەوە و «نا» بە کۆماری ئیسلامی بڵێن. ئەوان هاتن تا بەو ڕێژیمە و بە دژبەرانی ئەم ڕێژیمە رابگەیەنن کە کۆماری ئیسلامییان ناوێ. سروشتییە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان زۆر درەنگ دەنگی خەڵک دەبیسن یان تا لێواری مەرگ نایبیسن بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا دەبێ پەیامی ئەو خۆپێشاندانانە ببیسێ، ئۆپۆزیسیۆن و ڕێبەرانی دژبەری کۆماری ئیسلامین. ئەوان ئەگەر دەیانهەوێ ئەم ڕێژیمە بڕوا، ئێستا کاتی ئەوەیە وەخۆ بێنەوە و یەکتر بدۆزنەوە. دڵنیاکردنی کۆمەڵانی نارازیی خەڵکی ئێران لە ئاڵترناتیڤێکی جیدی و لە هەمان کاتدا دێموکراتیک و گشتگیر، ئێستا لە هەموو کات زیاتر ئازادیخوازانی ئێران لە ئامانجەکانیان نیزیک دەکاتەوە. ئاڵترناتیڤێکی دێموکرات کە بەرنامەی بۆ دابینکردنی مافی هەژاران، نەتەوە بندەستەکان، ژنان، ئایین و ئایینزاکان و سەرجەم جیاوازییەکانی کۆمەڵگا هەبێ، باشترین یارمەتیدەر و پەرەپێدەری ئەو نا گوتن و ناڕەزایەتییانەی خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

# بۆچی ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە گرینگن؟



دێ کۆنڤرسەیشن – نادر حەبیبی
و: کەماڵ حەسەنپوور

زنجیرەیەک سەرهەڵدان لە چەند شاری ئێران کە ١٨ی مانگی دێسامبر لە دووهەمین شاری مەزنی ئێران ڕا دەستی پێکرد، ڕێژیمی ئیسلامیی ئەم وڵاتە و باقی جیهانی شۆکە کرد.

هەرچەند کە خۆپیشاندەرەکانی مەشهەد لە لایەن کۆنەپارێزەکانی دژی سەرۆک کۆمار حەسەن ڕووحانی هاندرابوون تا سیاسەتە ئابوورییەکانی ناوبراو مەحکووم بکەن، بەڵام خۆپیشاندەران لە کۆنترۆڵی ڕێکخەرەکان دەرچوون. خۆپیشاندەران دروشمی وەک «سورییە جێهێڵە، بیرێک لە ئێمە بکەوە» و « مردن بۆ حیزبوڵڵا» یان دەگوتەوە کە ئامانجەکەی تەنیا حەسەن ڕوحانی نەبوو بەڵکوو گشت ڕێژیمی ئیسلامیی بوو.

لە ڕۆژەکانی دواتر، ناڕەزایەتییەکان بۆ ٨٠ شاری دیکە تەشەنەی کرد و بووە هۆی کوژرانی ٢٢ کەس و دەستبەسەر کرانی پتر لە ١٠٠٠ کەس. لە ٨ی ژانوییە، ڕووحانی، کە لە مانگی مای ساڵی ڕابردوودا دووهەمین دەوری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی بردەوە، گوتی ئەمە نیشانی دا کە ئێرانییەکان تەنیا داوای ئابووریی بەهێز ناکەن، بەڵکوو ئازادی زۆرتریش دەخوازن.

لە کاتێکدا کە دەوڵەت دەڵێ دۆخەکەی لە ژێر کۆنترۆڵ دایە، ئەمە نابێتە هۆی لەنێوچوونی گرینگیی مەزنترین ناڕەزایەتییەکانی دوای ٢٠٠٩، کاتێک کە میلیۆنان کەس هاتنە دەر و ناڕەزایەتییان لە دژی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی دەربڕی. ئەوکات دەوڵەت سەرهەڵدانەکەی سەرکوت کرد و دوو کەس لە کاندیداکان کە دژی ئاکامی هەڵبژاردنەکە بوون ئێستاش لە ماڵەوە دەستبەسەرن.

بۆچی دیسان ئەم هەموو ئێرانییانە هاتوونە سەرشەقام و ئاخۆ ئەم ناڕەزایەتییە کاردانەوەی مەزنتر لە هی هەشت ساڵ لەوەپێشی دەبێ؟ وەک چاودێرێکی ئێران، ئەمن لە سەر ئەم بڕوایەم کە چەند جیاوازیی گرینگ لە نێوان ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە لەگەڵ هی ساڵی ٢٠٠٩ هەن کە دەتوانن بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە یارمەتیدەر بن.

### هۆی سەرهەڵدانەکە چیە؟

هیچ سەیر نیە کە باڵی کۆنەپارێزی ڕێژیمی ئیسلامی خێرا دژبەرانی ئێرانیان تاوانبار کرد، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی. بە پێچەوانە ڕێفورمخوازەکان دەڵێن کە هۆی ناڕەزایەتییەکان ڕەخنەی ئابووری وەک بێکاری، نایەکسانی و گەندەڵییە.

ئەوان تا ڕادەیەک ڕاست دەکەن. لە کاتێکدا کە ئابووری بە گشتیی لە گەشە کردنە، و زۆر لە نیشانەکان لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئەرێنی بوون، دەستکەوتەکان لە نێوان گشت ئێرانییاندا دابەش نەکراون.

لە ٢٠١٦، دوای ڕێککەوتننامەی ناوکیی لەگەڵ خۆرئاوا، کە بۆتە هۆی چوونە سەرێی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی وڵات، ئابووری بە ڕێژەی ٪١٣،٤ وەک ئاکامی بەرزبوونەوەی کەرتی نەوت و دارایی، گەشەی کرد. بەڵام کەرتی غەیری نەوت، تەنیا ٪ ٣،٣ گەشەی کرد، کە نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەم ڕاستییە کە گەشەکردنی ئابووری ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە ستانداردی ژیانی خەڵک دروست نەکردوە. داهاتی ڕاستەقینەی بەشێکی بەرچاو لە کەرتەکانی ئابووری بە لاوازیی دەمێنێتەوە و بەشی بیناسازیی و ڕێگاوبان لە دۆخی نزمی بازاڕدا ماوەتەوە.

ڕێژەی بێکاریی هێشتا ٪١٢_ە، بەتایبەتی لەنێو ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی زانکۆیان هەیە. بەڵام لە شارە بچووکەکان و ناوچە سنوورییەکانی وڵات، شوێنێک کە زۆربەی ناڕەزایەتییەکان بەهۆی نیگەرانی لەبارەی نایەکسانیی و هەژاریی هاتنە ئاراوە، گەلێک بەرزترە.

لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ڕێبەری مەزن دەسەڵاتی بەربڵاوی بۆ دیاریی کراوە و تەنانەت ڕووحانیش تواناییەکی سنووورداری بۆ کاریگەریدانان لەسەر بەشە گرینگەکانی سیاسەت و لەنێویاندا بەشێک لە سیاسەتی ئابووریدا هەیە. هەندێک لە سیاسەتە کلیلییەکان لێی قەدە کراون، وەک دەستوەردان لە سورییە، عێراق و لوبنان. ئەم هەڵمەتانە کە هەموو ساڵێک تێچووی چەندین میلیارد دۆلاریی بۆ ئێران هەیە، وێدەچێ کە بۆتە هۆی بەشێک لە تووڕەیی خۆپیشاندەرەکان.

### جیاوازییە سەرەکییەکان

سێ جیاوازیی سەرەکی لە نێوان سەرهەڵدانی ئەم دواییانە و هی ٢٠٠٩ هەیە. لە ٢٠٠٩، داواکارییەکان سیاسی بوون. بەشی ڕێفورمخوازی ڕێژیم، کە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی قبووڵ نەبوو، ئەکتەری سەرەکیی ناڕەزایەتییەکان بوو. ناڕەزایەتیی ئەمجارە هیچ ڕێبەرێکی دیاریکراوی سیاسیی نیە و وێدەچێ تەواوەتیی ڕێژیمی کردبێتە ئامانج، بە ڕێفۆرمخوازەکانیشەوە. ئەمە بە باشترین شێوە لەو دروشمانەی کە زۆر جار لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دەگوترانەوە دەردەکەوێ، کە دەکرێ بەم شێوەیە وەریان گێڕین، « ئەمە کۆتایی گشت ئێوەیە.»

جیاوازییەکی دیکە ئەمەیە کە ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٠٩ لە تاران و شارە سەرەکییەکان بەڕێوەچوون. لە کاتێکدا کە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە ئەگەر خۆپیشاندەری کەمتری لەخۆ گرتبوو، بەڵام پانتاییەکی زۆر مەزنتری وڵاتیان گرتەوە، لەنێویاندا زۆر شاری بچووک کە ناپێشکەتوو و کەمداهاتن.

> سیستەمی سیاسی ئێران بە وردی لەو کاربەدەستانە کە دەبنە بەڕیوەبەریی دامودەزگا دەوڵەتییەکان دەکۆڵێتەوە و لە ئاکامدا ئەم شوێنانە بە ڕووی هاووڵاتییە ئاساییەکاندا داخراون، کە دەبێتە هۆی ئالتێرناتیڤی گەلێک کەم بۆ کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەت جگە لە خۆپیشاندانی سەر شەقام

ئەم خۆپیشاندەرانە کە زۆرینەیان لاون، لەنێویاندا بێکارانی خاوەن بەڵگەنامەی زانکۆ و کرێکاری کەم داهاتن، لە هەواڵە بەربڵاوەکانی گەندەڵیی و قۆرخکرانی نادادپەروەرانەی سامان لە دەستی بەشێک لە کاربەدەستاندا تووڕەن. تاقمە دەسەڵاتدارەکان کە لەگەڵ یەکتر لە کێبڕکێ دان، پەیتا پەیتا گەندەڵیی یەکتر ئاشکرا دەکەن، ئەم ئاشکرا کردنانە بۆتە هۆی هەست بە بێگانەبوون لە نێو ئەم بەشە لە هاووڵاتییان کە تووشی هەژاریی و بێکاریی بوون. ئابووری بۆ خۆپیشاندەرانی ئێستا گەلێک گرینگترە لە خۆپیشاندەرەکانی چینی مامناوەند لە ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٠٩.

خاڵی کۆتایی، وەڵامی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ سەرهەڵدانی ئەمجارە زۆر جیاواز بوو.

بەڕیوەبەرایەتیی ئۆباما بە پارێزەوە وەڵامی سەرهەڵدانی ٢٠٠٩ی دایەوە و داوای کرد کە خۆپیشاندەران بە ئاشکرا هان نەدرێن، هۆیەکەی ئەو مەترسییە بوو کە پشتیوانیی ئاشکرا دەبێتە هۆی سەرکوتی بێبەزەییانەتر.

بە پێچەوانە، سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ و وەزارەتی کاروباری دەرەوە چالاکانە پشتیوانییان لە خۆپیشاندەران کردوە و ویلایەتە یەکگرتووەکان تێدەکۆشێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کاردانەوەی دەوڵەتی ئێران مەحکووم بکەن. بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە، بەرەوڕووی دژایەتیی توندی ڕووسیە و چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆتەوە.

نیگەرانییەکان لەبارەی پەرچەکرداری بەهێزتر لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ڕەنگبێ بتوانێ وڵامی وریا و لەسەرخۆی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەرەکان شی بکاتەوە. وەڵامەکە لە ٢٠٠٩ بێبەزەییانەتر و توندوتیژتر بوو.

### ئەگەری کام گۆڕان لە ئارادایە؟

جەختکردنەوەی خۆپیشاندەران لەسەر پرسی ئابووری لەجیات سیاسی، توانایی هەندێک لە بەرپرسە میانڕەوەکانی ڕێژیم بۆ ئاماژە کردن بە ناڕەزایەتییەکانی خۆپیشاندەران لە جیات بیدەنگ بوون و مەحکومکردنی ڕاستەوخۆ دەباتە سەر، شتێک کە لە ٢٠٠٩ ئەنجام درا.

لە کاتێکدا کە ئاکاری توندوتیژ لەلایەن هەندێک لە خۆپیشاندەرانەوە مەحکوم کرا، زۆر لە ڕێبەرە سیاسییەکانی ئێران، لە نێویاندا عەلی خامەنەیی، هاوسۆزیی لەگەڵ نیگەرانییە ئابوورییەکانیان دەربڕیوە.

ئەوان بە هەمان شێوە بوونە هۆی هەندێک ئاڵوگۆڕ لە بودجە و پێشتریتیدان بە چاکسازییە ئابوورییەکان. بۆ وێنە، بردنەسەرێی بەرنامە بۆداڕێژراوی نرخی سووتەمەنی وەدوا خراوە.

لە کاتێکدا کە جێگای دڵخۆشییە کە دەوڵەت کاردانەوەی بەرامبەر بە نیگەرانییەکانی خۆپیشاندەران هەبووە، ڕاگرتنی چاکسازیی ئابووری پێویست، ڕێگای دروستی ئەم کارە نیە. ئەم هەنگاوانە بێگومان بە دڵی ئێرانییە کەمداهاتەکان و بردنە سەرێی خۆشەویستیی سیاسی ئەوان دەبێ، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی گیروگرفتی زۆرتر لە داهاتوودا چونکە دەبێتە هۆی چوونە سەرێی ڕێژەی کەمهێنانی بودجە کە لە کۆتاییدا ئەگەری چوونە سەرێی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکانی بەدواوەیە.

لەجیات ئەوەی کە نرخی کاڵا سەرەکییەکان بە شێوەیەکی دەستکرد لەخوارەوە ڕاگیرێ، کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆ چوون و ناکارامەیی بەرچاو لە ئابووریدا، ڕێگای کاریگەرتر ئەمەیە کە جەخت لەسەر سوبسیدی دیاریکراو بۆ چینی هەژار بکرێ و هەوڵی جیددیتر بۆ خەبات دژی گەندەڵیی و واستەکاریی سیاسی، هۆی سەرەکیی جیاوازیی نێوان داهاتەکان لە ئێرانە، بدرێ.

### کام شت ڕوونادا؟

ئاخۆ ئەم سەرهەڵدانە دەبێتە هۆی وەخەبەر هاتنی ئێلیتی سیاسی بۆ پێویستیی هەنگاوی زۆرتر؟

بەداخەوە لانیکەم تا ئێستا، کاردانەوەیەکی ناکاریگەری پۆپولیستی تەنیا شتێک بوو کە ڕێبەری مەزن ئەنجامی داوە. داواکارییە سیاسییەکانی خۆپیشاندەران، وەک نەهێشتنی گەندەڵیی، سنووردار کردنی دەسەڵاتی خامەنەیی و کەمکردنەوەی دەوری ئێران لە ناکۆکییە ناوچەییەکان، وێناچێ بەم زووانە وەڵام بدرێنەوە.

سیستەمی سیاسیی ئێران بە وردی لەو کاربەدەستانە کە دەبنە بەڕیوەبەریی دامودەزگا دەوڵەتییەکان دەکۆڵێتەوە و لە ئاکامدا ئەم شوێنانە بە ڕووی هاووڵاتییە ئاساییەکاندا داخراون، کە دەبێتە هۆی ئالتێرناتیڤی گەلێک کەم بۆ کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەت جگە لە خۆپیشاندانی سەر شەقام. هیچکام لە تاقمە سیاسییەکان، بە ڕێفورمخواز و کۆنەپارێزەوە، هیچ ڕێگاچارەیەکیان بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە پێشنیار نەکردوە. بەڵام بۆ زۆربەی ئێرانییەکان، گەندەڵیی، هەژاریی و نایەکسانیی ئابووری بە بێ چاکسازیی جیددی چارەسەر نابن. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەرچی سەرهەڵدانی ئەمجارە خۆی لە کزیی داوە، سەرهەڵدانی لەم چەشنە وێدەچێ لە داهاتوودا دووپات ببنەوە.




# لە حوجرەوە



عادل مەحموودی

## ماموٚستا شێخ جەلال



لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاویدا و لە بنەماڵەی کەسایەتی و دادوەرێکی دادپەروەر و سەربەرزی بناری ئاڕبابا منداڵێکی چاوگەش، چاوی بە ژیان هەڵێنا. باوکی ئەو منداڵە، قازی شێخ ساڵح مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر، خوێندەوارێکی ئاستبەرز، کوردێکی بە بیروباوەڕ و وانەبێژێکی ناوداری شاری بانە بوو. ئەو لە کۆڕێکی شیاودا کۆرپەکەی ناو نا جەلال. جەلال و عیزەدینی براگەورەی دواتر لە بزووتنەوەی کورددا دەور و نەخشێکی زۆریان بینی. جەلال هێشتا منداڵ بوو کە لە خزمەتی باوکیدا دەستی بە خوێندنی زانستە سەرەتاییەکانی شەڕع و خواناسی کرد و هەر لە خزمەتی ئەویشدا یەکەم trووسکەکانی بیری نەتەوایەتی لە هزریدا جەخماخە لێ دا. جەلال دوای ئەوەی بوو بە فەقێ دەستی کرد بە گەڕان بە حوجرەی شار و گوندەکانی کوردستان بە تایبەت لە ناوچەی لاجان و موکریان. شێخ جەلال، لە پاڵ درێژەدان بە فێربوونی زانست لە خزمەتی ماموٚستا نیشتمانپەرورەکانی کوردستاندا، وانەکانی نەتەوە و نیشتمان و شۆڕشیش فێر دەبوو و لە کۆڕە نهێنییەکانی شۆڕشگێڕەکاندا بەشدار دەبوو. ئەو دواتر لەگەڵ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ئاشنا بوو و بە ئەندامەتیی ژێکاف وەرگیرا. ماموٚستا شێخ جەلال، هەتا دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بێ پسانەوە درێژە بە چالاکیەکانی دەدا و لە حوجرەش دانابڕێ و بەردەوام پلەکانی زانستی ئایینیش دەبڕێ. ماموٚستا لە ڕێوڕەسمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچرای مهابادا بەشدار بووە و شانازی واژۆکردنی ئەو ناسنامە نەتەوەییەی پێ براوە. دوای ڕووخانی کۆمار ڕووی کردۆتە ناوچەی مەریوان و لە حوجرە نامییەکەی باڵک و لە خزمەتی بلیمەتی ناوداری کورد ماموٚستا مەلا باقر، درێژەی بە خوێندن داوە و هەر لە خزمەت ئەویشدا ئیزنی مەلایەتیی وەرگرتوە. ماموٚستا شێخ جەلال دوای گەڕانەوەی بۆ شاری بانە لە مزگەوتی «شێخ ساڵح» دەبێتە وانەبێژ و لەگەڵ ڕێنوێنی کردنی خەڵک، هاوکات وانەی نیشتمانپەروەری و نەتەوە خۆسەویستی و شۆڕشگێڕیی لە حوجرە و مزگەوت و ماڵەکاندا بە خەڵکانی جێی متمانەی خۆی گوتۆتەوە. ماموٚستا شێخ جەلال حوسەینی، لە تەواوی ئەو ساڵانەدا لەگەڵ ئەوەی بۆخۆی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە حیزبی دیموکرات و کاری حیزبییەوە نەبوو، بەڵام حوجرەی مزگەوتەکەی بە تایبەت لە ساڵەکانی دەیەی چلی هەتاوی و سەرەتای پەنجاکاندا بەردەوام جێگەی داڵدەدان و حەوانەوەی کادرە نهێنییەکانی حیزبی دیموکرات بوو. لە تەوای ئەو ساڵانەدا نە تەنیا قەت دەستی بە ڕوویانەوە نەنا بەڵکوو لە پشتیوانی و یارمەتیی فکری و ماڵی بێبەشی نەکردن. ئەم هەڵسوکەوتەی ماموٚستا لە باوەڕی قووڵی ئەو بۆ خەبات لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردەوە سەرچاوەی دەگرت. ماموٚستا شێخ جەلال، لە شێعر و ئەدەبیاتی کوردیدا دەستێکی باڵای هەبووە و لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سروشت و شۆڕشگێڕیدا کۆمەڵێک شێعری پڕ هەست و سۆزی هەن. لە بەرەبەری دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ماموٚستا خەڵکی بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی هان داوە، هەر بۆیەش هەمیشە وەک نەیارێکی ئەو ڕژێمە چاوی لێ کراوە و بە بەردەوامی لە ژێر چاوەدێریی ساواکدا بووە، ئەوەش ماموٚستای کردووەتە کەسایەتییەکی جێی ڕێز و خۆشەویستی ناوچەی بانە. لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی گەلانی ئێران، ماموٚستاش وەک هەر نیشتمانپەروەرێکی کورد تێکەڵ بە شۆڕش و خەباتی نوێی نەتەوەکەی بوو و لە شاری بانە پێشڕەوایەتیی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی دژ بە حکومەتی پاشایەتیی خستە سەرشان. ماموٚستا شێخ جەلال نە تەنیا لە بانە بەڵکوو لە هەموو کوردستان وەک کەسایەتییەکی ئایینی نیشتمانپەروەر ڕێزی لێ دەگیرا. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاوەڵاتربوونی مەیدانی خەبات و تێکۆشان لە کوردستان، کە ماموٚستا بە هەموو هێز و توانایەوە شانی دایە ژێر جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. سەرەتا وەکوو کەسایەتییەکی لێهاتوو لە دەفتەری براگەورەی، ماموٚستا شێخ عێزەدین دەستی بەکاری سیاسی کرد و لە زۆربەی ڕووداوەکانی سەردەمدا هەڵویستی سەربەخۆی هەبوو. ماموٚستا شێخ جەلال یەکێک بوو لەو کەسانەی کە هەر سەرەتای دامەزرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە دژی فەرمان و کار و چالاکی و بڕیارەکانی خومەینی وەستایەوە و بوێرانە هەڵوێستی هەبوو. دوای سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان و ڕاگەیاندنی جیهاد دژی نەتەوەی کورد، ماموٚستا شێخ جەلال وەکوو کەسایەتییەکی ئایینی شۆڕشگێڕ، دامەزرانی سوپایەکی لە چوارچێوەی بیروهزری خۆیدا بە پێویست زانی و لەگەڵ هاوبیر و هاوڕێکانی و بە ڕێبەرایەتیی خۆی، لە ڕۆژی ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا سازمانی خەباتی ئیسلامیی کوردستانیان دامەزراند. ئەو ڕێکخراوە سیاسییە شانبەشانی حیزبەکانی دیکەی کوردستان و بە پێی توانای خۆی دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران خەباتی کرد و هەر لەو ڕێگایەشدا کوڕێکی ماموٚستا بەناوی عەبدولکەریم حوسەینی، وەک یەکێک لە فەرماندەکانی ئەو حیزبە شەهید بوو. ماموٚستا ڕاستە کەسایەتییەکی ئایینی بوو، بەڵام باوەڕی بە ئازادی و دیموکراسی و جیاوزی بیروباوەڕ هەبوو و هەروەها هەموو چین و توێژ و باوەڕەکانی بە خاوەنی کوردستان دەزانی. ماموٚستا هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی مکووڕ و سووربوو لە سەر بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و چۆکی دا نەدا بۆ داگیرکەرانی کوردستان وەفادار بە ئامانج و ئازادیخوازییەکەی مایەوە.

ماموٚستا شێخ جەلال لە ڕۆژی ٣٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی و لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کوردستان
• ژمارە: ٧١٨
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠١٨



برایم چووکەڵی

# حەماسەکەی جادەی بانە ـ سەردەشت



لە کۆمەڵێکدا کە زۆری و زوڵم و چەوساندنەوە هەبێ، خەبات وبەربەرەکانیش دەبێ و دەمێنێ. مێژوویی نەتەوەی کورد شاهیدی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانیەتی و تا ئێستاش ئەو خەباتە بە شێوەی جۆراوجۆر لەلایەن ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیەوە درێژەی هەیە. نەتەوەی کورد لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خۆیدا و هەمیشە بە گوێرەی هەلومەرج هەوڵی داوە بۆ ئەوەی نەتەوەکەی ئازادی وەدەست بێنێ. فیداکاری و لەخۆبودوویی و گیانبازی و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە باشترین بەڵگەن.

مێژووی خوێناویی ئەو گەل و نیشتمانە ئەوەمان پێ دەڵێ کە تا نەتەوەی کورد هەیە دەنگ و هاواری بۆ خەبات و گەیشتن بە مافەکانی کپ ناکرێ. چونکی نەتەوەیەکی خۆڕاگر و ئامادەشە نرخی ئازادیی خۆی بدا، ئامادەیە باشترین و بە ئەمەگترین ڕۆڵەکانی خۆی بکاتە قوربانی. کوێ هەیە لەم پێدەشتانە، لەو شاخ و کێوانە، لەو شیو و دۆڵانە، لە شار و دێ، لە مووچە و مەزرا، لە هەموو جێیەکی ئەم کوردستانە بە ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە بە خوێن شەلاڵ نەبووبێ.

مێژووی جووڵانەوەی کورد لە سات بە ساتی ئەو ڕۆژە سەخت و ناهەموارانە و لەو حەماسە و سەرکەوتنە شیرین و شکستە تاڵ و ناخۆشانە، لە ڕەوتی هەوراز و نشێوێ کە ئەم گەلە لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە لەگەڵی پەنجەشکێنیی کردوە، پێکدێ. ئەگەر لە ڕۆژانی سەختی بەرگریی خوێناویدا دەرفەت و ئیمکاناتی تۆمارکردنی ئەو ڕۆژانەمان نەبووە، جا چ بە وێنە، بە فیلم و چ بە نووسین و کۆکردنەوەی دیکۆمێنتەکان، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ مێژووی خۆمان پشتگوێ بخەین و نەتوانین تۆمار و بەدیکۆمێنتی بکەین، نەوەی داهاتوو و مێژوو نامانبووری و بێبەزەییانە دەماندات بەر ڕەخنە و سەرکۆنە. هەر بۆیە غەدرە ئەگەر ئەو ڕۆژانە نەنووسینەوە، ئەگەر تۆزی فەرامۆشییان لەسەر لانەدەین و زیندوویان نەکەینەوە. ئەو ڕۆژانەی کە ئەگەر بە نووسراوە بمێننەوە، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا دەبنە هەوێنی دروستکردنی سەدان و بگرە هەزاران دیکۆمێنت و فیلم و بەڵگەی سیاسی، هونەری و ئەدەبی. خۆی کارێکی پڕبایەخە ئەگەر ئەمڕۆ مێژووی بەربەرەکانی و بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە دیکۆمێنت و زیندوو ڕاگرین. عەمەلیاتی «هەژدە دۆڵان» لە ناوچەی بانە یەک لە حەماسەکان و یەکێک لە ڕۆژەکانی مێژووی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوای داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان، هەر بەوەش نەوەستا و سیاسەتی نواندنی توندوتیژی و زەبروزەنگی خۆی بەسەر خەڵکدا هەروا درێژە پێدا و بە وەڕێخستنی ماشێنی کوشت و کوشتار بە مەبەستی چاوترساندنی لاوانی کورد لە هیچ چەشنە پیلانێک نەپرینگایەوە.

لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٦٠ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ داگیرکردنی جادەی بانە ـ سەردەشت، چەندین جار هێرشیان کردە سەر ناوچەکە و هەموو جارێ بەهۆی فیداکاری و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێک دەشکان و بە دەیان و سەدان کەسیان لێ دەکوژرا و پاشەکشەیان پێ دەکرا و خۆیان لە پادگانی بانە دەهاویشتەوە.

ڕێژیم بەدوای هەر شکستێکیش بە تۆپخانەی قورس خەڵکی بێتاوان و چیا و دۆڵ و پێدەشت و باخ و ڕەزی خەڵکی لە ناوچەکە ئاگر باران دەکرد و وەک ئاماژەی پێکرا هیچ جیاوازییەکی لە نێوان خەڵک و هێزی پێشمەرگە دانەدەنا و لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوێرکوێرانە و هەڕەمەکی دەستی لە کەس نەدەپاراست.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پاش چەند جار شکستە یەکلەدوای یەکەکانی بە دەست هێزی پێشمەرگە لە جادەی بانە ـ سەردەشت، تاکتیکی گۆڕی و بە شێوەی شەڕی جەبهەیی کەوتە خۆ. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠ جارێکی دیکە بە هێزێکی سەدان کەسی و تۆپخانەیەکی قورس پەلاماری جادەی بانە ـ سەردەشتی دایەوە. ئەم هێزانە لەپێشدا کەوتنە کەمینی لکی دوو، پاشان لە زۆربەی شوێنەکان لە داوی پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی وردی کەوتن.

دوژمن وەها سەری لێ شیوابوو کە توانای خۆکۆکردنەوەی نەبوو. هێزی سەرلێشیواوی ڕێژیم بەهۆی دەستوبردی پێشمەرگەکان شپرزە بوو و ڕۆڵەکانی دیموکرات دەرفەرتی خۆڕێکخستنەوەیان نەدەدانێ. ئەم ڕۆژە مێژووییە و ئەم حەماسەیە کە لەگەڵ ڕووناکایی بەیانی دەستی پێ کرد و تا ٥ی ئێوارێی خایاند، بە شکستی دوژمن کۆتایی هات. لەو شەڕە قورسەدا جەندەکی سەدان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لەسەر زەوی کەوت و ٢٢ ماشێنی هێزی سەرکوتکەرەکان و سەدان چەکی جۆراوجۆر دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە بوون.

لەو شەڕەدا بێجگە لە پێشمەرگەیەک کە بە برینداری گیرابوو و پاشان لە کۆتایی شەڕەکە بە جەندەکی کوژراوەکانی دوژمنیان گۆڕیبۆوە، سەرکەوتنەکە بە خوێنی ٨ قارەمانی نەتەوەکەمان کۆتایی هات. ئەگەرچی لەم حەماسەیەدا ٨ تێکۆشەری ڕێگای ئازادی گیانیان بۆ پاراستنی ئاو و خاکەکەیان بەخشی، بەڵام بە خوێنی خۆیان مێژوویەکیان نووسییەوە کە بۆ هەتاهەتایە لە دڵی نەتەوەکەیاندا بە زیندوویی دەمێننەوە. ئەو پۆلە شەهیدە بە بەخشینی خوێنی خۆیان سەلماندیان کە یەکەم؛ کورد نەتەوەیەکی گیانفیدا و بەرهەڵستکارە و دوژمن ناتوانێ بە سانایی خاکەکەی داگیر بکا و لە خاکەکەیدا تەڕاتێن بکا. دووهەم، ڕێژیم کە پێی وابوو هیچ هێزیک ناتوانێ بەربەستی بێ بۆ گرتنی جادەی بانە ـ سەردەشت، بەڵام کورانی دیموکرات لەو مەڵبەندە دەرسێکی وایان بە هێزی ڕێژیم دا کە ئێستا وەک بیرەوەرییەکی تاڵی شکستخواردن باسی دەکەن و دەیگێڕنەوە. سێهەم؛ ڕێژیم پێی وابوو ئەگەر ئەو جادەیە داگیر بکا پێوەندی هێزەکانی خوارەوە لەگەڵ بنکەی دەفتەری سیاسی دەپسێن و هێزی پێشمەرگە بەهاسانی ناتوانێ هاتوچۆ بکەن کە ئەو پیلانەشی پووچەڵ بۆوە.

# هەڵسەنگاندنی لیبراڵیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە (٣-٢)

## سێ بیرۆکەی سەرەکیی لیبراڵەکان



د. کامران ئەمین ئاوە

### دژوازیی بیری ئازادی لیبراڵی

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە دژوازییەکی حاشاهەڵنەگر لە بیری لیبراڵیستی بکرێ کە کەمتر باسی کراوە. زۆربەی فیلۆسۆفە لیبراڵەکان یەک لەوان جان لاک کاتێک باسی ئازادی و مافی تاکیان کردوە، زۆرتر مەبەستیان سپی پێستەکان بووە و لایەنگرییان لە کۆیلەداری کردوە. لاک بۆخۆی یەکێک بوو لە خاوەنبەشەکانی شێرکەتی پاشایی ئەفریقایی کە ڕێکخەری بازرگانی و کڕین و فرۆشی کۆیلەکان بوو. لاک خاوەنداریێتی کۆیلە و ئەسپی وەرزێرانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە پێی ئەو مافەی کە لە ڕەوتی کڕین و فرۆشی ڕێکوپێک وەدەستیان هێنابوو وەکوو شتێکی سروشتی و ئاسایی پێناسە دەکا، تەنانەت لە مێژووی دەریاوانیدا سەبارەت بە بازرگانی لەگەڵ وڵاتە ژێردەسەڵاتەکانی ئەفریقایی دەنووسێ «ئەو شتومەکانەی کە لەم وڵاتانە وەدەست دەکەون بریتین لە زێڕ، ئاجی فیل و کۆیلەکان».

ئەگەر دەبینین لاک کۆیلەی ڕەشپێست لە چوارچێوەی چەمکی «شتومەک» ڕادەبەندی دەکا، سەدەیەک دواتر ئێدمۆند بێرک (نووسەری خۆشەویستی هایک) کرێکاری کشتوکاڵ یان کرێکاری مزبەر لە چوارچێوەی چەمکی ئەمرازی وێژەر ڕادەبەندی دەکا، و بە پێی ڕادەبەندییەکی کلاسیک، ئەوان لەگەڵ گا- ئەمرازی نیوەوێژەر و کێڵ- ئەمرازی بێدەنگ بەراوەرد دەکا. پەرەسەندنی کۆیلەداری هاوکاتە لەگەڵ بزووتنەوەی بەهێزی بیر و هەنگاوگەلێک، کە لەسەدەی شازدە هەتا هەژدە لە ڕێگەی سێ شۆڕشی مەزن لە هۆڵەند، بریتانیا و ئەمریکادا پێکهێنەری مێژووی ئەمرۆیی واتە مۆدێرن بوون. ئەمریکا لە ساڵی ١٧٠٠ی زایینی ٣٣٠ هەزار کۆیلەی بوو، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٨٠٠ی زایینی بە ٣ میلیۆن گەیشت و لە سەدەی نۆزدەدا هەتا دووقات زۆری کرد. هەڵوەشاندنی کۆیلەداری لە وڵاتە بندەستەکانی هۆڵەند لە ساڵی ١٨٦٣ زایینی سەری گرت. بریتانیا لە نیوەڕاستی سەدەی هەژدە ٩٠٠ هەزار کۆیلەی بوو. دوکترینی لیبراڵ بە چەشنێکی دوولایەنە لەدایک بووە و قەت ئەم دوولایەنەبوونەی وەلانەناوە. پەیامی ئاورینی لیبراڵەکان کە لە ژێرکاریگەریی ئایدۆلۆژی ئاڵمانی تەنیا بۆ ئازادیی خۆیی شارومەندەکانی سپیپێست، دەرەبەگ و خاوەندار و ئاغاکان، بێ هەرچەشنە گریمانەیەک بە زمانی ئینگلیزی هەمبەر کرابوو، هەروەها حاشاکردن لە زوڵم و زۆرێک کە نەتەنیا بە ڕەنگپێستەکانی وڵاتە ژێردەستەکان، بەڵکوو سەبارەت بە خەڵکی «وەحشی» ئێرلەند یا سوورپێستەکانی ئەمریکیش دەکرا، لە مێژوونووسیی لیبراڵەکاندا بە تەواویەتی شاراوە ماوەتەوە، هەروەها لە بیربردراتەوە کە چۆن بەگزادەکانی دێموکرات و بە نێوبانگی لیبراڵ یەک لەوان «توکویکل»ی فەرەنسی بە هاسانی لە نوسراوەیەکی خۆیدا پاکانە بۆ کۆمەڵکوژی سوورپێستەکان دەکا و دەبێژێ «ئاوا دێتە بەرچاو کە ویستی خودایی بۆ نیشتەجێکردنی سوورپێستەکان لە ناوچەیەکی پڕبەرەکەتی جیهانی نوێدا، تەنیا بۆ کەڵکوەرگرتنیان بۆ ماوەیەکی کورتەخایەن بووە، واتە ئەوان تەنیا بۆماوەیەکی کاتیی لێرە ژیاون. ئەم زریبارانەی ئامادە بۆ بازرگانی و سەنعەت، بەم چۆمە قووڵانەوە، ئەم دۆڵە هەتاهەتاییەی میسیسیپی، ئەم پارزەوینە(قاڕڕە)گەورەیە وەکوو بێشکەیەکی خاڵی بۆ نەتەوەیەکی گەورە پێک هاتووە».

هەروەها «گروسیوس» یەکێک لە باوکەکانی دوکترینی لیبراڵ لە سەدەی ١٧ی زایینی، کۆیلەتی بە شتێکی شەرعی پێناسە دەکا و بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئەرەستوو دەنووسێ «خەڵکێک هەن کە بۆ خزمەتگوزاری لە دایک دەبن». ئەو دانیشتوانی وڵاتانی ژێردەسەڵاتی هۆڵەند وەکوو «حەیوانی وەحشی» ناودەبا و ئایینەکەیان وەکو»شۆڕشێکی دژ بە خودا» پێناسە دەکا و شیاوی بێبەزەییانەترین «سزای تاوانبارانیان» دەزانێ. ئەمە نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەمە لە هیچ حاڵەتێکدا بە مانای لادان یان هەڵەی کاتی لیبراڵەکان نیە، بەڵکوو ئەمە پیشاندەری بیرو هزری ڕەگەزپەرەستانەی ئەو لیبراڵانەیە و سەرچاوەی لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەوان لە چەمکی مرۆڤ و ئازادی و بەرامبەری مرۆڤ گرتوە. بێ هۆ نیە کە هایک ئابووریناس و لیبراڵی ئینگلیزیی بە ڕەچەڵەک ئوتریشی ڕەخنە لە گونجاندنی» مانای «ئازادی لە پێوەندیی لەگەڵ پێداویستی» لە ڕیزی «مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری» ڕاگەیەنراوی جیهانی مافی مرۆڤ، پەسەندکراوی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی دەگرێ کە لەلایەن ئانا «ئەلینۆر ڕۆزوێلت»ەوە گەڵاڵە و تیۆریزە کرابوو.

### سێ بیرۆکەی سەرەکی لیبراڵەکان

١) بازاڕ وەکوو نوێنەری عەقڵانییەتی ئابووری لە دەرەوەی هەر چەشنە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوە(بە واتایەکی دی بێ بازاڕ، تەنیا بێسەرەوبەرەیی دەبیندرێ). بە پێچەوانەی ئەم بیرۆکەیە، ئەوە بازاڕ نیە کە دەبێتە هۆی عەقڵانیکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو ئەمە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە چۆنیەتی کاری بازاڕ دیاری دەکا. سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر نەتوانێ پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکا، ناتوانێ عەقڵانی بێ. بێکاری، جەمسەریکردنی ڕەوتی پەرەسەندنی جیهانی و لە نێوبردنی ژینگە، هێمای ناعەقڵانیبوونی دامودەزگایەکە کە دەکرێ وەکوو «سەرمایەداری بە ڕاستی ئارایی» پێناسە بکردرێ. ئەم دیاردە نەرێنییانە، بە چەشنێکی پەتی و سادە، بەرهەمی پێویستی (حاشالێنەکراوی) بازاڕن. عەقڵانییەتی بازاڕ، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی ناعەقڵانییەتی دامودەزگەی کۆمەڵایەتی.

٢) درگایەکی تەواو کراوە بۆ دامودەزگای جیهانی، مەرجی هەرچەشنە پەرەسەندنێکە (بە واتەیەکی دی، یان بازرگانی ئازاد یاخود چاولێقووچاندن لە هەر چەشنە پەرەسەندنێک). ئەم بیرۆکەیە کە «پەرەسەندن» بەستراوە بە بارودۆخی نیوخۆیی، تایبەتمەند بە هەر کۆمەڵگەیەکە و تێکەڵاوبوون لە ئابووری جیهانی فاکتەرێکی ئەرێنییە، بەو مەرجەی کە بزانین چۆن لەو دەرفەتانەی کە پێکی دەهێنێ کەڵک وەربگرین، بنەمای ئەم گریمانەیە. ئەم بیرۆکەیە نە تەنیا لەگەڵ مێژووی ٥ سەدە پەرەسەندنی سەرمایەداری یانی جەمسەریکردنێکی بێوچان دژایەتی هەیە، بەڵکوو لە ڕوانگەی زانستیشەوە دروست نیە. ئەم «بازارە جیهانییە» کە باسی لێ دەکرێ، وەکوو گیانێکی بێسەر، بەستراوە بە شتومەک و سەرمایەوەیە. سەرەڕای کۆچکردنی نێونەتەوەیی هیچ کاتێک باسێک لە بازاڕی کاری جیهانی نەکراوە و بۆ داهاتووش جارێ هیچ ئاسۆیەک بۆ پێکهاتنی ئەم بازارە نابیندرێ. بیرۆکەی ئابووری لیبراڵی بۆخۆی دەیسەلمێنێ کە جووڵەی فاکتەرێکی بژاردە، کاتێک جوغرافیای سیاسی و سروشتی دوو هۆکاری دیکەی (واتە کار و سەرچاوە سروشتییەکانی) قەتیس کردۆتەوە، ناتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی توانایی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی جیهانی یەکسان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی هاوتا. لە بارودۆخێکی وەهادا، یاسای جیهانی نرخ تەنیا دەتوانێ ببێتە هۆی بەدیهاتن و سەرلەنوێ بەدیهێنانەوەی جەمسەریبوون. لەم ڕوانگەیەوە، تێکەڵبوون لە دامودەزگای جیهانیدا لەباری سروشتییەوە نەشیاوە و ڕۆژبەڕۆژیش نەشیاوتر دەبێ. بەڕاستی ئەگەر لەسەدەی نۆزدەدا چەن دەیەیەک پێویست بوو تا ئەڵمان بە ئاستی بریتانیا بگا، ئێستا وڵاتێک وەکوو بەرازیل بۆ گەیشتن بە ئاستی ئەمریکا پێویستی بە چ ماوەیەکی زەمەنی هەیە؟ بێگومان شکڵ و نێوەرۆکی جەمسەریبوون لە درێژایی زەمەندا تووشی گۆڕانکاری بووە. لە شۆڕشی پیشەیی تا شەڕی دووهەمی جیهانیی لە نێوان وڵاتە سەنعەتییەکان و ناسەنعەتییەکان جیاوازی دەبیندرا. سەنعەتیبوونی جیهانی سێهەم نابێتە هۆی گومانکردن لە سروشتی جەمسەریبوون، بەڵکوو دەبێتە هۆی دانانی نیشانەی پرسیار لەبەرامبەر چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئەم جەمسەرییە. مکانیزمی جەمسەریکردنی نوێ لەسەر شکڵە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتداریی دامەزراوە: ماڵی (شکڵە تازەکانی سەرمایەی ماڵی جیهانی)، تێکنۆلۆژیک (لە پێوەندیی لەگەڵ شۆڕشی زانستی و فەننی نوێ)، فەرهەنگی (لە ژێر کاریگەری و ڕەخنەی پەرەگرتووی ئامرازی پێوەندییە گشتییەکان)، و سپایی. لەم بوارەدا «ئەو وڵاتانەی کە بە تازەیی سەنعەتی بوون»(ئێن ئی سییەکان) نیوەپەراوێزیی نین تا لە ڕەوتی بوون بە ناوەندە تازەکان بن، بەڵکوو وڵاتە پەراوێزییەکانی داهاتوون. لە بەرامبەردا، ئەو وڵاتانەی کە وەکوو جیهانی چوارەم باسیان لێدەکرێ، وڵاتگەلێکی بە ڕاستی پەراوێزیی نین، بەڵکوو وڵاتگەلێکن، کە پەرەسەندنی شکڵە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری بۆتە هۆی وێرانبوونیان. بارودۆخی مەترسیداری جیهانی چوارم ئاکامی «خۆپارێزیی» ئەوان لە تێکەڵبوون لە ڕەوتی دابەشکردنی نێونەتەوەیی کار و هەنگاوگەلێکی «هەرەسهێناو» بۆ پساندنی پێوەندییەکان نەبووە. لەڕاستیدا، جێهانی چوارەم کە وەکوو شتێکی تازە باسی لێدەکرێ، دیاردەیەکی نوێ نیە، بەپێچەوانە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەتاهەتایی و پێویستی پەرەسەندنی سەرمایەدارییە. ناوچەی کاری کۆیلەکان لە قاڕڕەی ئەمریکا لە سەردامی سەوداکاری (مێرکانتیلیسم) وەکو باکوری ڕۆژهەڵاتی بەرازیل و دوورگەکانی هێندی ڕۆژئاوایی (یەک لەوان هائیتی) نموونەیەکی ڕوونی ئەم دیاردە تەشەنە کراوەیەیە. ڕۆژگارێک ئەم ناوچانە وەکوو ناوچەگەلێکی بەختەوەر و ئاوەدان بە ئەژمار دەهاتن و دڵی جێهانی پەراوێزیی ئەو کاتە بوون، بەڵام دواتر پێکهاتە تازەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری ئەوانی خستە پەراوێزەوە و ئەمرۆکە ئەوان لە ڕیزی خەمبزوێنترین بەشە نەعلەتکراوەکانی جێهانی سێهەمن. وڵاتەکانی جێهانی چوارەم کە ئەم دامودەزگایە ئەوانی وەلا ناوە، ناتوانن بە پێی ئەم پێناسەیە کێشەکانی خۆیان لە ڕێگەی سیاسەتی دەرگای کراوە چارەسەر بکەن. سیاسەتەکانی ئاریکاری یەکیەتیی ئورووپاش بۆ وێنە لەگەڵ ئەفریقای باشووری چۆڵگە هیچ کاتێک شتێکی جیا لە سیاسەتی داگیرکاری نوێ نەبووە و زیندانیبوونی ئەم پارزەوینەی لە بارودۆخی «پێش سەنعەتیدا» هەتاهەتایی کردوە، هەروەها ڕێکخستنی لیبراڵی یەکیەتیی ئورووپاش کە داخوازی ڕێکەوتنامەکانی کۆنتۆنۆ (Contonou ٢٠٠٠)و شەریکە ئابوورییەکانی ناوچەییە(APER)، ئەم گۆڕانکارییە ناشیاوەی بە گوژمتر کردوە. لە ڕوانگەی گەڵە جۆراوجۆرەکانی گوێ زەوییەوە یەکبوونی سەرتاسەری دامودەزگای جێهانی لە ژێر دەسەڵاتی بازاڕدا کارێکی شیاو نیە و قازانجی بۆ ئەو وڵاتانە نەبووە و نابێ.

٣) دێمۆکراسی بەرامبەر لەگەڵ سەرمایەدارییە. (بە واتایەکی دی، بێ سەرمایەداری هیچ چەشنە دێمۆکراسییەک بوونی نیە.) لە ڕاستیدا، دێمۆکراسی بە مانای حکوومەتی خەڵکی، واتە جەماوەری خەڵکی ئاسایی پێناسە کرابوو. لەم ڕوانگەیەوە تا ڕادەیەکی زۆر مانایەکی چینایەتی هەبوو: یانی دەستەڵاتی نزمترین و هاوکات گەورەترین چینی[کۆمەڵگە]، هەر بەم هۆیەش خوێندەوار و دەوڵەمەندەکان، هەروەها ئەوانەی کە بایەخیان بە ژیانی شارنشینی دەدا، هەراسیان لە دێمۆکراسی بوو و وەلایان دەنا. دیموکراسیی وەکوو بۆچوونێکی یەکسانیخواز لە سەدەی ٥ی پێش زایین لە لایەن ئەفلاتوونەوە [پلاتۆ] هەروەها هەر بەو ڕاشکاوییەش لە سەدەی حەڤدەی پاش زایین لە لایەن «کرامۆڵەوە» وەلانرا، تەنانەت هاوپەیمانە چەپخوازەکانی کرامۆڵ لەشەری نێوخۆیی ئینگلیس، واتە ئەو یەکسانیخوازانەی کە لەسەر کێشەی مافی دەنگدان لێی جیاببونەوە، دێمۆکراسیان قەبووڵ نەکرد و وەلایان نا. ئەوان تەنانەت بیریان لەمەش نەکردەوە کە مافی دەنگدان بە دوو لە سێی خەڵکی وڵاتێک بدەن کە مزبەر یان مووچەوەرگر بوون. بە باوەڕی یەکسانیخوازەکان ئەم کەسانە بە هۆی بەستراوە بوونیان بە کەسانێکی دی مافی بەشدارییان لە کار و باری سیاسیدا نەبوو. تەنانەت جان ستوارت میل بانگەشەکاری بە نێوبانگی لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدە کە بایەخێکی تایبەتی بە ڕۆڵی جەماوەر و خەلکی ئاسایی دەدا، چوارچێوە و سیستەمێکی بۆ مافی دەنگدان پێشنیار کرد کە چینی زەحمەتکێش نەتوانێ ببێتە زۆرینەیەکی پڕکاریگەر. دێمۆکراسیی بورژوایی لە ئوروپا، لە چەشنی سەرەتایی خۆیدا، لە شارە ئازادەکان(کە دامودەزگای هاوپیشەیی و شورای شارداریەکان تا ڕادەیەک دەستەڵاتی فیۆدالەکانیان بەرتەسک کردبووە و تەنانەت لە بەرامبەر پاپیشدا ڕادەوەستان و سنگی خۆیان وەپێش دەنا)، سەرچاوەی گرتووە. بۆرژوازی لەم بوارەدا توانی پێوەندیی خۆی لەگەڵ خەڵکی بە هێز بکات و پاشان ئەوان بە شوێن خۆیدا ڕابکێشێ تا لە ئاکامدا بتوانێ دەستەڵات لە دەستی فئۆدالەکان دەربێنێ. دێمۆکراسی بۆرژوای دەستکەوتێکی گەورە بوو کە توانی «مافی بەرامبەر» و ئازادی خۆیی دابین بکات، بەڵام نەیتوانی بەرامبەری پێکبێنێ بە واتەیەک «مافی بەرامبەر» بێ بەرامبەری.

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا، بزووتنەوەی کرێکاری توانی دێمۆکراسی سیاسی بەسەر بۆرژوازیدا داسەپێنێ و مافی کۆمەڵایەتی وەدست بهێنێ، بەڵام ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی سازان و قەبووڵی بەرێوەبردنی ئابووری کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دامودەزگای سەرمایەداری‌دا بوو، شتێک کە بۆخۆشی بەهۆی جەمسەریبوونی جێهان و بە قازانجی ناوەندە سەنعتییەکان سەری گرت. بەم پێیە، دێمۆکراسی ڕۆژئاوایی بەسراوە بە دەسەڵاتداری سیاسییە، لە حالێکدا بەرێوەبردنی ژیانی ئابووری هێشتا لەسەر بنەمای بنەواشەی نادیموکراتیکی خاوەندارێتی خۆیی و کێبەرکێی دایە. شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە خۆیدا پێویستی بە دێمۆکراسی نیە، بەڵکوو سروشتی سەرکوتکەرانەی ئەو لە ئابووری شاراوە و لە خۆبێگانەبوونی ئابووری دایە. ڕاستییەکانی ژیان پیشانیان داوە کە بەرتەسککردنی دێمۆکراسی لە چوارچێوەی بەشێک لە ئازادییەکاندا، بێ لەنێو بردنی ڕەوتی چەوسانەوەی ئینسانەکان و داگیرکەری وڵاتەکان، ناتوانێ بە چەشنێکی بنچینەیی ئەم کێشەیە چارەسەر بکا، بە واتەیەکی دیکە دێمۆکراسی سیاسی بێ دێمۆکراسی ئابوریی وتەیەکی بێمانایە.

# داستانی دارەپیرە



هەبوو، نەبوو
سالانی زوو
لەسەر یاڵی بەرزی مێژوو
پیرەدارێ بە ساڵاچوو
ڕاوەستا بوو
سەری نابووە کۆشی خەیاڵ
بیری لە ژین ئەکردەوە
دەنگ و چریکەی باڵندەکان
لە ئامێز و لەنێو شاخ و پەل و پۆیا
تاڵیی ژینی لە یادی ئەو ئەبردەوە
قژ و کەزی شانە ئەکرد، دەستی شەماڵ
بە قەتار و سیاچەمانە،
بە حەیران و لۆرە و هۆرە و
بە گاڵە گاڵ !
دارە پیرە بەر لە مێژوو
لەنێو ئەم خاکە ڕوابوو
دارە پیرە ڕیشەی ژینی
تا نێو دڵی گابۆر و ماسی کوتابوو
دارە پیرە سەت قۆناغی دیبوو بە چاو
بار و بنەی سەت کاروانی ڕاپێچابوو
دارە پیرە، زریان و شەختە و ڕەشەبای
سەدان کەڕەت بەزاندبوو
دارە پیرە، وەک ئێشکچی دەشتی سووتاو
لەسەر لووتکەی قەڵاکەی خۆی ڕاوەستابوو
دەشتی سووتاو،
گەوای شەڕ و تێکهەڵچوونی سەدان جاری
دار و زستانی ملهوڕ بوو
ئەوەی پاشەکشێی ئەکرد
هەر زستانی گڕ و دڕ بوو

ڕۆژێکی ڕەش، وەرزێکی تاڵ
دارە پیرە سەری نابووە کۆشی خەیاڵ
با لاپەڕەی گەڵاکانی
وەک کتێبی کۆنی مێژوو ئەدا لاوە
ڕووداوانی یەک، یەکە
بە گوێی دەشتا ئەخوێندەوە،
ورەی دەشتی لەنێو خوێنی ڕووداوانا
ئەژوێندەوە
فەرمان درا...
فەرمان درا...
دارەپیرە بقڵەشێنن
کۆتەی ئەنجن، ئەنجن کەن و
بۆ زستانی سۆبەی کۆشی فەرمانڕەوا
ڕەگ و ریشەی دەربهێنن
فەرمان درا لەبەر ئەوەی
دارە پیرە پەنای یاخی و جەردەکانە
لەبەر ئەوەی سێبەی وی
مۆڵگەی گەڵاڵە و پیلانە
لەبەر ئەوەی هێندێ باڵندەی نافەرمان
کردوویانە بە هێلانە
پەل و پەسێوی دارەپیرە
مەتەرێزی یاخییەکانە!
بیقڵەشێنن، هەڵیپاچن
چیلکەی کەن و
بە سێدارەی یاخی بوونا هەڵیواسن
داس و کوتک و تەور هاتن
لە سێبەی دارەپیرە
ئێستێکیان کرد
چاویان گێڕا
دارە پیرە وەک بەردی ڕەق
خۆی بۆ زەبری داس و کوتک و تەور و چیتر ئامادە کرد
خێڵی دوژمن
بە هەڕەشە و گەلەکۆمە
هرووژمیان بۆ دارە برد
دارە پیرە گوێی نەلەقان
تەنانەت چاوی نەنووقان
قووڵتر لە جاران دەماری
بەنێو ناخی خاکا چەقان
خێڵی دوژمن ماندوو بوون و لە سێبەری دارەپیرە
ڕاکشان و کەوتنە تەگبیر و ڕاوێژان
گەورەکەیان وتی یاران!
وەک کورد ئەڵێ:
«دارێ پوازی لەخۆی نەبێ ناقەڵشێ»
بیروڕاتان کۆ کەنەوە
ناشێ نەبێ
پوازێ لە خۆی پەیدا کەین و دایتاشین و وەک
سەگی هار
کسی دەین لە دار و
ئیتر ئێوە کارتان نەبێ...
کەوتنە گەڕان
ئەملا گەڕان، ئەولا گەڕان
لە ئەنجاما، بەرچاویان کەوت
لقێ سووتاو
ڕەق و تەق و ڕەنگ بزرکاو
لار و گیڕ و لەبەر خۆرەتاو هەڵقرچاو
لاواز و بێبەر و گەڵا
خوێڕی ناحەز و بەرەڵا
وتیان: خۆیە
دیارە دەبێ بە ئارەزوو، هەڵی قڵاشین
بەو جۆرە وا مەبەستمانە
بۆ گیان ئەم دارە دایتاشین
لقیان بڕی
لقی لار و بێ ئەمەگیان
بە بەڵێنی درۆ کڕی
دایان تاشی
تیژیان کرد و
بوو بە پواز...
وتیان پێی چۆن خەیانەت کا
هۆرە کەوتە بەردەمیان و
پیرە داریان گەمارۆ دا...
دارە پیرە هەناسەیەکی هەڵکێشا
وتی: لقە مەڕۆ، مەبە بە دارەدەست
قەیناکا هەر ماوەت ماوە
باوەشی من هێشتا بۆ تۆ هەر ئاوەڵایە
وەرگەڕێوە و لەگەڵما بە
لە بەرامبەر ئەم بەڵایە
مەڕۆ لقە جێم مەهێڵە
دەشتی سەوزی باوانی خۆت
بە ئاموور و نیری بێگانە مەکێڵە
بەڵام هۆرەی ویژدان تۆپیو
پووزەی تیژی نا سەر سینگی دارە پیرە
وتی: پواز
وەرگەڕێوە
بۆ خۆت ئەڵێم
من نامرم
لە ئەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێمەوە
مێژوو حوکمت لەسەر ئەدا
دوژمن خاکی خەیانەتت بەسەر ئەکا
تف لە سیمای عەرنەمووت کە
هەڵپرووسکە و چاوی دوژمن قاڵاپووت کە...
پواز وتی:
ئیتر من ئەو لقە لەڕ و لاوازە نیم
تەماشام کە بزانە چیم
ڕێزم ئەگرن، قەدرم هەیە
جامەی زێڕین بۆ سەرتاپای باڵام ئەبڕن
بەڵێن وایە بمکەن بە دەستەی خەنجەری
بەر پشتوێنی فەرمانڕەوا
من چیم داوە لە یاخی بوون
نازانم لە خەبات دژی سەرما و سۆڵە و
مافی ڕەوا
ئیتر پارە و پاروو لەلام هەروەک کایە
زگم تێرە و جامەی زێڕین لەبەر ئەکەم
قەت نەمدیوی و ناشتناسم
ڕەگەز چیە، باوان کامە؟
زێد و وڵات لەلام بایە
من پیاوی فەرمانڕەوام
خۆ وەحشی نیم
لە ئەم یاڵ و دوند و چیایە
تەماشا کە چەندە لووس و جوان و شەنگم
چەندە تیژم
کێ ئەزانی من ئەو لقە هەڵقرچاوەم
هەلی وا قەت دەس ناکەوێ
لەسەر فەرمان دەتکوژم و
داخم بەسەرتا دەڕێژم...

پوازی نەیار،
وەک سەگی هار
قەپی کردە ناخی دارا
خێرا هاتن، داریان دا بەر
دارەپیرە، لەناو خوێنا
ئەم وشانەی هاتە زارا
من نامرم
لەنێو خوێنا ئەژێمەوە
وەک چووزەرە و چرۆ لەسەر
کۆتەی خۆما دەڕوێمەوە

دارەکەیان بنبڕ کرد و
بۆ ئاگری کوورەی کۆشکی سوڵتانیان برد
ڕێ کەوتن و پواز وتی: ئەی من نابەن؟!
گەورەکەیان وتی: لاچۆ
لاچۆ لەبەرچاوم بۆگەن!
قەت نەمدیوە خائێن بەخۆ
بێژگە هۆرەی سپڵەی وەک تۆ
تفی لێکرد
بە شەپان و بە تێهەڵدان
فڕێی دایە نێو زبڵدان!

ئەوان چوون و دوای شینگێڕیی دارە پیرە
مقۆ مقۆ کەوتە چیا
باڵندەکان هەواڵێکیان بۆ یەک ئەبرد
پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە یەک ئەکرد
وتم: چییە چ قەوماوە
لە دوای مەرگی دارە پیرە چیمان ماوە؟
وتیان نابێ بیدرکێنین
نهێنییە و ڕەمز و ڕازە
کاتێ چوومە سەر مەزاری دارە پیرە
دیتم ڕواوە لەسەر کۆتەی
گوپکە و چووزەی چەتری تازە!

**جەلال مەلەکشا**



## لەهەر باخەی گوڵێک



# لوێچێک لەدەریای خۆشەویستی!

هەیاس کاردۆ

هەرچی بیر لە وشەی خۆشەویستی دەکەمەوە و لەمانا جوانەکەی دەڕوانم بۆم ڕوون دەبێتەوە کەم کەس هەیە بتوانێ لەو دەریا قووڵ و بێ بنەدا مەلەی بکا و لەبەرامبەر شەپۆلە سەرکێشەکانی خۆی ڕابگرێ. زۆرن ئەوانەی توانیویانە بە فیداکاری و ڕەنجی بێ بڕانەوەیان لە قولینچکێکی ئەو دەریا بێ سنووورەدا مەلەی بکەن و بۆ گەیشتن بە عیشقی خۆیان هەتا سنووری مەرگ بڕۆن، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی توانیویانە، یان ویستوویانە، بە هەموو بوارەکانی دەریای عیشقدا مەلەی بکەن.

لەڕاستیدا عیشق یانی سووتان و توانەوە لەپێناوی گەیشتن بە مەبەستدا. یانی خەم و هەڵوەرینی فرمێسک و ڕۆژێ سەت جار مردن و زیندوو بوونەوە. یانی هەر ڕۆیشتن و گەڕانەوە، یانی هەر چاو لە ئاسۆ بڕین و چاوەڕوان مانەوە. عیشق یانی دیتنی هەموو جوانییەکان، هەموو ڕەنگەکان، هەموو وێکچوون و وێک نەچوونەکان. عیشق یانی ماندوو نەبوون، یانی هەست نەکردن بەڕەنج و موسیبەت، بەناکامی و پێ نەگەیشتن. عیشق یانی خۆ تاقیکردنەوە، یانی خۆ بێروبەوێدا دادان، واتە هەڵقرچان. عیشق یانی ژیان.

ئەم ڕۆژانە خۆم دەنێو داستانی عیشقێکی واقعیدا دیتەوە. داستانی ئەوینێک کە وشە ناتوانێ وەسفی بکا و زمان لە گێڕانەوەی بێ توانایە. خۆشەویستییەک کە سنووری بڕیوە و لە دەروازەکانی مانا ڕواڵەتییەکەی تێپەڕیوە. من هەتا ئێستاش نەمدەزانی عیشق یانی ئەوە. نەمدەزانی عاشق دەبێ هەتا ئەو ڕادەیە فیداکاری بکا و حەز و شادییەکانی لەپێناویدا دابنێ. بەڵێ باسی خۆشەویستیی ئینسانییەتە.

کورتەی داستانەکە بەمجۆرەیە: کوڕێک و کچێک هێندەیان یەکتر خۆش دەوێ لەگێڕانەوە نایە. فیداکاریی ئەو دوانە لەپێناو یەکتردا بێ سنوورە. باخی عیشقیک کە ئەو دوانە پیاسەی تێدا دەکەن پڕ لە گوڵی بۆنخۆش و ڕەنگاوڕەنگە. مرۆڤ حەز دەکا دەگەڵ چرکە بە چرکەی ژیانی ئەو دوانە هەنگاو هەڵێنێ و بزانێ ئەو جووتە چۆن دەتوانن هەتا ئەو ڕادەیە یەکتریان خۆش بوێ. هەموو دنیای خەون و خەیاڵەکانیان یەکە، هەموو هەنگاوەکانیان دەگەڵ یەک جووتە، هەموو بزەکانیان ماناکانی یەکتر دەخوێننەوە، هەموو فرمێسکەکانیان دەگەڵ یەک تێکەڵ دەبن. لەڕاستیدا ئەوان گیانێکن لەدوو جەستەدا. قەت پێم وانەبوو دنیای خۆشەویستی دەتوانی هێندە جوان بێ. هەردووکیان هەتا سەر ئێسقان عەداڵەتخواز و دادگەرن. نایانەوێ ڕەنگی ناشیرینی زوڵم و فەساد و بێڕەحمی ببینن. ئەوان دنیایەکی پڕ لەخۆشەویستی و یەکتر قەبووڵ کردنیان دەوێ.

مخابن ئەو جووتە عاشقە لە یەک شتدا وەک یەک بیر ناکەنەوە کە ئەویش چۆنیەتیی گەیشتن بەو دنیا جوانەیە. هەرچی کوڕەیە دەیەوێ قارەمانبازی بکا و بچێتە شەڕی باندە خەراپکار و بێڕەحمەکان و لە نێویان بەرێ کە هەرواش دەکا. ئەو کوڕە بۆ ڕزگاریی خۆشەویستەکەی و بنەماڵەی لەچنگ باندی خەراپکاراندا چ فیداکارییەک دەکا و چۆن خۆی دەخاتە خەتەرەوە لە گێڕانەوە نایە. ئەو هەموو سنوورەکانی ئازایەتی و زیرەکی و بەرنامەڕێژی دەپێوێ و ئەوەی پێویستە بۆ لەبەین بردنی خەراپکاران دەیکا و سەریش دەکەوێ. بەڵام خۆشەویستەکەی موخالیفی توندوتیژی و کوشتنە. ئەو پەپوولەیەکە بە نێو باخی بەهەشتدا ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکا. هەتا بڵێی پاک و مەعسووم و ئینساندۆست. هەتا بڵێی نەرم و نیان و باوەڕ بەخۆ بوون. ئەو کچە ئەوەندە چووەتە نێو دنیای عیشقی خۆیەوە کە هەست بە ئازارەکانی خۆی ناکا. نایەوێ تەنانەت موویەک لەسەری ئەو کەسەش کەم بێتەوە کە هەموو ژیانی لەخۆی و بنەماڵەکەی ئەستاندوە. ئەو کچە هێندە لە پێناو ئەو باوەڕەیدا قورس و قایمە کە سەرئەنجام کوڕەکەی بەجێ دێڵێ و ئیتر گۆشەی تەنیایی و فرمێسک و حەسرەت و خەم هەڵ دەبژێرێ. ئەو دنیایەکی دەوێ مەند و ئارام. گوڵێک بە ئارامی ڕاژێ، شۆقی کزی مۆمێک و باڵ ڕاوەشاندنی پەپوولەیەک بەدەوریدا و ئیتر باسی خۆشەویستی و خەون و حەز و ئاواتەکان. پێداگریی کچە لەسەر باوەڕەکەی سەرەنجام کوڕی عاشق بەدوو خۆیدا ڕاکێش دەکا و بە گەیشتنی دووبارەیان بە یەکتر، ئەمجار بەردی بناخەی ماڵێک دادەنێن وەک ژیانی هیچ کەس نەچێ. یانی ئەوەی ناوی توندوتیژی و نادادپەروەری و سووکایەتییە تێیدا نەبێ.

خۆ دەزانم ئەوە ئاواتی من و هەزارانی وەک منیشە بەو دنیا جوانەی ئەو جووتە عاشقە بگەین و ئێمەش تامی شیرینی ئەو ئەوینە بچێژین. داخەکەم نە ئەو دوو ئاشقە توانیان کۆشکی خەون و خەیاڵەکانیان بنیات بنێن و نە ئێمەش جارێ لەدوور و نیزیک دنیایەکی ئاوا بەدی دەکەین. بەڵام خەباتمان با لەو پێناوەدا درێژەی هەبێ.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 718 20 Januray 2018



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

# جا چۆن شێت نەبن، نەدەن بە خۆدا؟



عەلی بداغی

شکی تێدا نیە نارەزایەتیدەربڕین بە بارودۆخی خراپی ئابووری، بێکاری و هەژاری و گرانی یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاتنەسەرشەقامی خەڵک و دەنگ بەرزکردنەوەیان لە دژی کۆماری ئیسلامی بوو.

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کەمیان لە سیاسەتی چەوتی ئابووریی ڕێژیم نەچێشتوە کە لە ژێر باندۆری سیاسەتی دەرەوەی وڵات دایە کە ئەوەیش پەرەپێدان بە هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و تێچووی ئەو پرۆژانە هەموو لەسەر حسێبی سامانی گشتیی وڵات و قووتی خەڵک بووە.

نارەزایەتییەکانی ئەمجارەی خەڵکی ئێران کە نیزیک ١٠٠ شاری گرتەوە و بۆ ماوەی ١١ ڕۆژ بەردەوام بوو، چەند ڕۆژ پاش ناردنی لایحەی بودجەی ساڵی ٩٧ بۆ مەجلیس و گرانبوونی یەکجێی هێلکە لە بازاڕ بوو. پرسیار ئەوەیە کە لایحەی بودجەی ساڵی ٩٧ کە هێشتا بە تەواوی لە مەجلیس پەسند نەکراوە چۆن ڕێک خراوە کە ئاوا لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا و لە زۆر دروشم و باسەکاندا ڕەنگی دایەوە. هەندێ وردبوونەوەی لە چەند خاڵ و برگەیەکی ئەو لایحەیە بەرچاوڕوونیی زیاترمان دەداتێ:

لە بودجەی ئەمساڵدا بەشی ڕێکخراوی میراتی کلتووری، پیشەسازییە دەستییەکان و کەرتی گەشتیاریی وڵای ٢٦٠ میلیارد تمەنە، بەڵام شورای بەرزی حەوزە عیلمییەکان ٤٤٠ میلیارد تمەنی بۆ لەبەرچاو گیراوە.

هەموو پشکی وەزارەتی جیهادی کشتوکاڵ ١٦٧ میلیارد تمەنە، بەڵام «جامعه المصطفی العالمیه»، یەک لە ناوەندە پەروەردەییە ئیدۆلۆژیکییەکانی نیزام بەتەنێ ٣٠٠ میلیارد تمەنی دراوەتێ.

بۆ وەزارەتی تەعاون، کار و خۆشبژیویی کۆمەڵایەتی ١٦٢ میلیارد تمەن لەبەرچاو گیراوە، بەڵام مافی بیمەی مەلا و فەقێ بێکارەکان ٢٩٦ میلیارد تمەنە.

لەو بودجەیەدا بەشی ڕێکخراوی ئۆرژانسی وڵات ١٥٠ میلیارد تمەن، پشکی ڕێکخراوی بازڕەسیی وڵات ١٢٨ میلیارد، هیلال ئەحمەر ١٢٥ میلیارد تمەن و وەزارەتی سەنعەت و کانزاکان ٩٧ میلیارد تمەن لەبەرچاو گیراوە، کەچی شوڕای سیاسەتدانانی حەوزەی عیلمییەی ژنان ٢٥٨ میلیارد تمەن، شوڕای هەماهەنگیی تەبلیغاتی ئیسلامی ١٨٤ میلیارد، کۆڕی جیهانیی ئەهلی بەیت ٤٧ میلیارد و سندووقی پەرەپێدانی فەرهەنگی قورئانی ٤٠ میلیارد تمەنیان دراوەتێ.

پشکی وەزارەتی ڕێگاوبان و شارسازی لە بودجەی ساڵی داهاتوو ٨١ میلیارد تمەن، ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ٥٧ میلیارد، ڕێکخراوی خۆراک و دەرمان ٣٣ میلیارد، ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغی کاڵا و دراو ٤٢ میلیارد، شارەداری و دێهیارییەکان ٢١ میلیارد، بەرنامەی دابینکردنی دەرمان ١٦ میلیارد، ڕێکخراوی کاروباری خوێندکاران ١١ میلیارد و بەشی ڕێکخراوی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی قوتابخانەکانی وڵات ١١ میلیارد تمەنە؛ کەچی بودجەی بەشی خزمەتکردن و پێڕاگەیشتن بە مەلا و فەقێکانی حەوزە عیلمییەکان ٦٠٠ میلیارد تمەن، کۆڕی جیهانیی نیزیکردنەوەی ئایینزا ئیسلامییەکان ٣٧ میلیارد، ناوەندی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خومەینی ٢٦ میلیارد، ڕاهیانی نور ٢٢ میلیارد، پێڕاگەیشتن بە گۆڕی خومەینی ١٨ میلیارد، ستادی نوێژی هەینی ١٨ میلیارد، ناوەندی توێژینەوە زانستە ئیسلامییەکان ١٦ میلیارد و بەڕێوەبردنی ساڵڕۆژی مردنی خومەینی ٩ میلیارد تمەنە...

ئێستا ئەو وڵاتە چۆن پێش دەکەوێ کاتێک بودجەی خزمەتکردن بە مەلا و فەقێی حەوزە عیلمییەکان بەرامبەرە لەگەڵ بودجەی چوار وەزارەتخانە و سێ ڕێکخراوی هەرە گەورە و بەڕێوەبەریی وڵات (وەزارەتی جیهادی کشتوکاڵ+ وەزارەتی کار و خۆشبژیوی+ وەزارەتی سەنعەت و کانزاکان+ وەزارەتی ڕێگاوبان و شارسازی+ ڕێکخراوی ژینگەپارێزی+ ڕێکخراوی شارەوانی و دێهیارییەکانی سەرجەم وڵات+ ڕێکخراوی کاروباری خوێندکاران)؟

ئەو بارودۆخە لە حاڵێکدایە کە کرێکارێک مووچە و حەقدەستەکەی خۆی کە خوارتر لە هێڵی هەژارییە لە کاتی خۆیدا پێی نادرێ و بووە کە هەتا شەش مانگان وەدوا کەوتوە.

خەڵکی ئێران چۆن دەتوانن دڵیان بە ژیان و داهاتوویەک خۆش بێ کە هەر هەموو پشکی ڕێکخراوی جۆراک و دەرمان لە بودجەی وڵات ٣٣ میلیارد تمەن، بەڵام بەشی بیمەی فەقێ و مەلا دانەمەزراوەکان ٢٩٦ میلیارد تمەن و ٩ هێندەی ئەوە؟

ئەو خەڵکە چۆن هانا بۆ شەقام نابەن و نایکەنە گۆڕەپانی نارەزایەتی و بەربەرەکانی، کاتێک دەبینن کە «جامعه المصطفی العالمیه» کە کەس نازانێ کاری چیە و خێر و بێری بۆ کۆمەڵگەی ئێران لە چی دایە بە پێدانی ٣٠٠ میلیارد تمەن، ٢٤ میلیارد تمەن لە سەرجەم بودجەی سێ وەزارەتخانەی دەدرێتێ؟

بۆیە پێچەوانەی ئیدیعای حەسەن ڕووحانی و کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیم باسەکە نەبڕاوەتەوە و تازە لە دەسپێک و هەڵکشان دایە. ڕەنگبێ وەک هەمیشە سیاسەتی سەرکوت، کوشتن، گرتنی هەزاران کەس و فیلترینگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیبێتی بارستایی نارەزایەتییەکان لەسەر شەقام سووک بکا، بەڵام کێشەکان هەر لەجێی خۆیانن و خەڵکەکەش هەروەها.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو هەمووە قەیرانەی بۆ کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دروست کردوە، ئێستا کێشەیەکە لەبەردەم ئەمنیەتی جیهانیدا.

ئەو ڕێژیمە دوای ٤ دەیە دەسەڵاتی ڕەها نەیتوانیوە ڕەوتی پەرەپێدانی وڵات بەرەو پێش ببا و وەڵامدەری و ماف و داخوازە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی خەڵک بە تایبەت لاوان نیە. لەلایەکی دیکەوە لە نێوخۆی حاکمییەتیشدا کێشە لەسەر دەسەڵاتی زیاتر و بەرزەفڕی و هێژمونیخوازیی باڵەکانی ڕێژیم قووڵتر بۆتەوە و گەندەڵیی سیستماتیک و ناکارامەیی دەوڵەت و حاکمییەت ئیدارەکردنی وڵاتی گەیاندۆتە بنبەست کە هەردەم چاوەڕوانیی تەقینەوە گەورەکەی لێ دەکرێ. لە ئاستی ناوچەییشدا ئیدی بڕیار و ئیرادەکان بۆ سنووردانان بۆ کۆماری ئیسلامی خەریکە جیدیتر و تۆکمەتر دەبێتەوە و ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر کڵپەسەندنی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات.

نارەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار دەریان خست کە ڕێژیم نە مەشرووعییەت و ڕەوایی لای خەڵک هەیە و نە خەڵک چیدی هیوایان بە چاکسازی و گۆڕینی دەوڵەت و کاربەدەستان بۆ دەرچوون لە قەیرانەکان هەیە؛ لە دەرەوەی وڵاتیش خۆ ئەگەر ڕێژیم مەیلی زیاتری بۆ پەرەپێدان بە چالاکییەکانی هەبێ، بەڵام بەهۆی کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان لە بواری لەوەندە زیاتری دەدرێتێ و نە ئەوەندە سەرچاوەیەشی بە دەستەوەیە کە بیهەوێ لەو بەرنامانەی بەردەوام بێ. کۆی ئەوانە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەوڕووی قەیرانێکی گەورەتر دەکاتەوە، ئەویش یەکلاکردنەوەی چارەنووسی خۆی لەگەڵ خەڵکی نارازی، کە بێگومان لە هەموو ململانێکاندا براوەی دواجار هەر خەڵک دەبن.

# هونەری شەڕ




«هونەری شەڕ» نوێترین بەرهەمی وەرگێڕانی کاک عومەر باڵەکی، نووسەر و وەرگێڕی بەتوانای نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە. عومەر باڵەکی لە پێشەکیی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی کوردیدا دەڵێ: «مەبەستم لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئەوە بووە تا لەو ڕێگەیەوە یارمەتییەکی بچووکی کردبێ بە هێزی پێشمەرگە کە لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە دژی داگیرکەران لە حاڵی شەڕ دان.» وەرگێڕ لە بەشێکی دیکەی ئەو پێشەکییەدا دەڵێ: بەداخەوە کوردستان بە درێژایی مێژووی بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی، یا مەیدانی شەڕی ئیمپراتور و پادشا زیدەخوازەکان بووە، یا ڕۆڵەکانی کوردستان بە دژی داگیرکەران و زاڵمان ڕاپەڕیون. واتە لە هیچ قۆناغێکدا شەڕ بەرۆکی کورد و کوردستانی بەرنەداوە و لە سەردەمی ئێستاشدا بە داخەوە لەسەر ڕووبەری خاکی کوردستان شەڕ هەر بەردەوامە و کورد نەیتوانیوە وڵاتەکەی ڕزگار بکا کە ڕەنگە هۆکاری جۆراوجۆری هەبێ کە بەخاترجەمی دەتوانین شارەزانەبوون لە هونەری شەڕ بە یەکێک لە هۆکارەکان دابنێین.» بەشێک لە بەرهەمەکانی نووسین و وەرگێڕانی دیکەی ئەم نووسەرە بریتین لە: مەهاباد و کورتە مێژوویەک مەهاباد، کچە ئەرمەنی، سەمەد هەر زیندووییە، زارا خۆشەویستی شوان، دایک و تەیموری لەنگ، ئەندێشەکانی ئیمپراتۆرێک، کۆمەڵناسی شەڕ، کۆمەڵناسی سزادان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و قانون.

# تاقوەسان خەریکە تێدا دەچێ



کەمتەرخەمیی دامودەزگا سیاسی و ئیدارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کرماشان مەترسیی زۆری لەسەر شوێنەواری مێژوویی تاقوەسان دروست کردوە. کارناسانی شوێنەوارناسی دەڵێن ڕێگەی ئاوی کانی تاقوەسانیان گۆڕیوە و هێناویانە بەردەم تاقی تاقوەسان، کە بە وتەی کارناسان، ئەو ئاوە لە داهاتوودا خەساری قەرەبوونەکراو بەو ئاسەوارە دەگەیێنێ، بەڵام سەرەڕای بۆچوونی کارناسانەی پسپۆڕان و وەدەنگهاتنی خەڵکی کرماشان، ئیدارەی میراتی کلتووریی کرماشان هەر بەو شێوەیە درێژەیان بە کارەکانیان داوە. کێشەیەکی دیکە چوونی ئاو بۆ نێو قەڵشی بەردەکانی تاقەکانی تاقوەسانە کە دوای ساڵێک کەڕوویان هێناوە و؛ دیسان بەناو کارناسانی ڕێژیم بۆ چارەسەریی ئەم کێشەیە، بە شێوەیەکی زۆر ناکارناسانە دەستیان بە کڕاندنی کەڕووەکان لەسەر ئەو ئاسەوارە کردوە کە دیارە نەک کێشەکەی چارەسەر نەکردوە، بەڵکوو زیان و خەساری دیکەیان بەو ئاسەوارە گەیاندوە. لە ئاکامی ئەم شێوە نۆژەنکردنەوە و پاراستن و چاوەدێرییەی کارناسانی ڕێژیم، یەکێک لە تاقەکانی تاقوەسان قەڵەشیوە کە بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێ و ئەو قەڵشەش هەردەم ڕوو لە زیادبوونە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی فەرهەنگی لە شارەدێی تورجان



«ئەنجومەنی فەرهەنگی هیوای زانستی سەقز» ڕۆژی ٢١ی بەفرانبار لە درێژەی چالاکییەکانی خۆی بە کردنەوەی کتێبخانەیەک لە تورجان، هاوکات ڕێوڕەسمێکی فەرهەنگی بەڕێوەبرد کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی وتار و بابەت و شیعر و چەندین تابلۆی دیکە. لەو ڕێوڕەسمەدا فەرهەنگییەدا کە بەبەشداریی نووسەران و ئەدیبانی چەند شارێکی دیکەی کوردستان بەڕێوەچوو، کتێبخانەیەک کرایەوە و چەند وتارێک لەبارەی بە جێگەو پێگەی کتێبخانە خوێندرانەوە. لە برگە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ئەو کۆڕە ئەدەبییەدا دوای پێشکەشکردنی چەند گۆرانی و سروود و شێعر لەلایەن منداڵانی ئاوایی تورجان چەکەس لە شاعیران و نووسەرانی بەشداربوو بەرهەمەکانی خۆیانیان پێشکەش بەو کۆڕە فەرهەنگییە کرد. لە برگەیەکی دیکەدا لە لایەن ئەنجومەنی فەرهەنگی هیوای زانستی سەقزەوە خەڵات و ڕێزنامەیەک پێشکێش بە شاعیر کەریم دافعی کرا.

# چوونەژووورێ و هاتنە دەرێ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی

